ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت



# شیکردنەوەی بەرهەم و داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٢٤ دا

RPT

لێکۆڵینەوەی یادگار سدیق گەلاڵی

کانونی دووەم ٢٠٢٥

# بەرهەم و داهاتی کێڵگە نەوتییەکان
# لە ساڵی ٢٠٢٤دا

## ئاستی بەرهەم
## پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان لە بەرهەم و داهات
## پشکی حکومەتی هەرێم لە بەرهەم و داهات

ڕێکخراوی ڕوونبین بۆشەفافیەت
لە پرۆسەکانی نەوت/ROPT

## لێکۆڵینەوەی یادگار سدیق گەلاڵی

**مافی ئەم لێکۆڵینەوە پارێزراوە بۆ نووسەرەکەی**

**لەکاتی سوودبینین لە ناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویستە ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکرێت**

# ناوەرۆك


دەستپێک ........ 1
بەشی یەکەم ........ 3
روونبین کێیە؟ ........ 3
پێناسەی روونبینی(شەفافییەت) ........ 4
گرنگی ڕروونبینیی ........ 4
لێپرسینەوە لە هەرێمی کوردستان دا؛ ........ 5
ئاڵانگاری و پێشنیازی چارەسەر ........ 5
بەڕێوەبردنی پرۆژەی حکومی ........ 5
ئەو هۆکارانەی کە بەشدارن لە لاوازی لێپرسینەوە لە کوردستان ........ 6
باشترکردنی لێپرسینەوە لە کوردستان ........ 7
پـوختـە ........ 7
سیستەمی دارایی نەوت ........ 8
ا- گرێبەستی بەرهەم هێنانی هاوبەش ........ 9
کێڵگەی نەوتی ........ 12
بەشی دووەم: بەرهەم و داهاتی کێڵگە نەوتییەکان ........ 14
لە ساڵی ٢٠٢٤دا ........ 14
ا-ناوچەی گرێبەستی تاوکی ( کێڵگەی تاوکی – پیشخاپور) ........ 16
کورتەیەکی مێژوویی ........ 16
ب- کێڵگەی نەوتی پیشخاپور ........ 20
گەڕان و هەڵسەنگاندن لە کێڵگەی نەوتی پیشخاپور ........ 21
ووردەکاری پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی پیشخاپور ........ 21
گواستنەوەی نەوت ........ 22
کۆی داهات و بەرهەمی ناوجەی گرێبەستی تاوکی ........ 24
( کێڵگەی تاوکی و فیشخاپور) لە٢٠٢٤دا ........ 24
چارەکی یەکەم : ........ 25
چارەکی دووەم: ........ 26
چارەکی سێهەم: ........ 28

چارەکی چوارەم: ........ 30
گلدانەوەی گاز ........ 31
٢- سەرسەنگ ( شاماران و ئێچ کەی ئێن ) ........ 32
بەرهەم و داهاتی ساڵی ٢٠٢٤ ........ 33
چارەکی یەکەم: ........ 34
چارەکی دووەم: ........ 34
چارەکی سێهەم : ........ 35
چارەکی چوارەم: ........ 36
٣- کێڵگەی ئەتروش: ........ 37
بەرهەم و داهاتی ساڵی ٢٠٢٤ ........ 38
چارەکی یەکەم: ........ 38
چارەکی دووەم: ........ 39
چارەکی سێیەم: ........ 40
چارەکی چوارەم: ........ 40
٤-کێڵگەی شێخان: ........ 42
بەرهەم لە شێخان: ........ 43
خەرجی کێڵگەی شێخان لە ساڵی ٢٠٢٤ دا: ........ 43
بەرهەم و داهاتی ساڵی ٢٠٢٤ ........ 44
چارەکی یەکەم: ........ 45
چارەکی دووەم: ........ 46
چارەکی سێیەم: ........ 47
چارەکی چوارەم: ........ 48
٥- کێڵگەی خورمەڵە ........ 51
ئاستی بەرهەم و داهات لە ٢٠٢٤دا ........ 53
چارەکی یەکەم: ........ 54
چارەکی دووەم: ........ 54
چارەکی سێیەم: ........ 55
چارەکی چوارەم: ........ 56
کۆمپانیای کار: ........ 56
٦-ناوچەی گرێبەستی هەولێر ........ 58
بەرهەم لە کێڵگەی هەولێر: ........ 59

ئاستی بەرهەم و داهات لە ٢٠٢٤دا ........ 60
چارەکی یەکەم: ........ 60
چارەکی دووەم: ........ 62
چارەکی سێهەم: ........ 64
چارەکی چوارەم: ........ 65
٧ - ناوچەی گرێبەستی گەرمیان (سەرقەڵا) ........ 68
ئاستی بەرهەم و داهات لە ٢٠٢٤دا ........ 69
چارەکی یەکەم: ........ 70
چارەکی دووەم: ........ 70
چارەکی سێهەم: ........ 71
چارەکی چوارەم: ........ 71
٨ - کێڵگەی کوردەمیر ........ 73
٩ - کێڵگەی ئاکرێ- بجیل ........ 74
١٠ -کێڵگەی ئێسفنی یان عەین سیفنی ........ 75
بەرهەم لە عەین سیفنی ........ 75
١-کێڵگەی چیا سورخ ........ 76
١٢ - کێڵگەی تەق تەق ........ 76
مێژووی کێڵگەکە ........ 77
بەرهەمی کێڵگەی تەق تەق ........ 80
ژمارەی بیرە نەوتییەکان : ........ 81
بەراوردی نرخی نەوت ........ 81
دەرئەنجام ........ 83
رێکارەکانی دژ بەهەرێم ........ 86
پەراوێزەکان ........ 88
سەرچاوەکان ........ 89

# دەستپێک

لە سۆنگەی هەستکردنمان بەگرنگی و پێویستی شەفافییەت و رۆڵ و کاریگەری لە سەر درووستکردنی ژینگەیەکی تەندرووستی کار و متمانە لە نێوان هاووڵاتی و حکومەتدا ، ئێمە وەکو ڕێکخراوی روونبین لەبواری شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت لە ماوەی ٨ ساڵی رابووردوودا هەوڵماندااوە وەکو بەشێکی سەرەکی لە کارەکانمان بەشداری کەریگەر و چالاک بین لە بنیاتنانی بنەماکانی شەفافییەت لە بواری نەوت و گازی هەرێمدا.

لە ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکانماندا بە زمانێکی سادە و دوور لە ئاڵۆزی تیشکمان خستووەتە سەر ئەو لایەنانەی کە لە سێکتەری نەوتدا لە تاریکیدان، کیشەکانی ئەم سەکتەرە گەنگەشە بکەین و پرسیاری جدیان لەسەر بووروژێنین و بەپێی توانا رێچارەیان بۆ دابنێین.

لەماوەی ٨ ساڵی ڕابووردوودا ١٢ راپۆرتی بنکۆڵکاری و لێکۆڵینەوە و چەندین وتارو بابەتی جدی و چاوپێکەوتنی میدیایمان لە سەر سەکتەری نەوتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەوهیوایەی توانیبێتمان بەشێک لەوبۆشاییەی لەم بوارەدا هەیە پربکەینەوە و بتوانین خزمەتێک بە پرسی شەفافییەت و گەیاندنی زانیاری بەهاووڵاتی بکەین کە کرۆکی حوکومڕانی درووست شەفافییەتە.

لەم ڕاپۆرتەدا کە ڕاپۆرتی ژمارە ١٣ یە لە دووبەش پێکدێت:

**بەشی یەکەم:** سەرەتا باسی گرنگی روونبینی و بەرپرسیارێتی دەکەین. پاشان بە کورتی لێپرسینەوە لە هەرێمی کوردستان؛ ئاڵانگاری و پێشنیازی چارەسەر دەخەینە روو. پاشتر جۆری گرێبەستەکانی نەوت رووندەکەینەوە لەگەڵ چۆنییەتی دابەش کردنی پشکەکانی لایەنەکانی گرێبەستەکان لە حکومەت و کۆمپانیاکانی نەوت. هەروەها کێڵگەی نەوتی و قۆناغەکانی هەرکێڵگەیەکی نەوتی روونکراوەتەوە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا باسی جۆری بیرەکان کراوە لە کێڵگەیەکی نەوتیدا.

**بەشی دووەم:** لەم بەشەدا چالاکی یەک بەیەکی کێڵگە نەوتییەکان شیکراوەتەوە. هەر لە بەرهەمهێنانی نەوت تا فرۆش و داهاتی نەوت چ بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان یان حکومەتی هەرێم، لە ساڵی ٢٠٢٤دا.

پاشان لەم لێکۆڵینەوەدا:

- ئاستی بەرهەم و فرۆشی نەوت لەماوەی ساڵی ٢٠٢٤ دا لە ١ی کانوونی دووەم ٢٠٢٤ تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ ساڵ لەگەڵ کۆی داهاتی نەوت بڵاو دەکەینەوە .
- پشکی هەریەک لە کۆمپانیا نەوتییەکان و حکومەتی هەریم لەو نەوتەی بەرهەم هاتووە.
- نرخی فرۆشی نەوتی کێڵگە نەوتییەکان و داهاتی هەرکێڵگە بەجیا و دابەشکردنی پشکەکانی لایەنەکان بەپێی گرێبەستە نەوتییەکان.
- ژمارەی بیرەکانی هەر کێڵگەیەکی بەرهەمهێنی نەوت و کۆی ژمارەی بیرەکان.
- بەراوردی نرخی فرۆشی نەوتی هەرێم لەگەڵ نرخی نەوتی جیهانی و سۆمۆ، جیاوازی داهاتەکە بەنرخی نەوتی هەولێر و بەغداد.

دوای ماوەیەکی کەم لە وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم لەڕێی بۆری هەناردەی کوردستان- جەیهان (تورکیا)وە، بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی نەوتی هەرێم دەستی پێکردەوە. بەرهەمی ئەو کێڵگانەش کەئێستا ژمارەیان ٨ کێڵگەیە لە ناوخۆدا بە چەند بازرگانێکی کەمی ناوخۆی هەرێم دەفرۆشرێت و بەشیکی زۆری لە ناوخۆدا لە چوار پاڵاوگەی گەورە و هەندێ پاڵاوگەی بچوک دەپاڵێورێت.

گرنگی ئەم ڕاپۆرتە لەوەدایە کە لەماوی ئە ساڵ و ١٠ مانگەی ڕابووردوودا هیچ داتایەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە سەبارەت بە بەرهەمی نەوتی هەرێم و داهاتی نەوت و نرخی برمیلێک نەوت و چەندە پارە لە داهاتی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە چەندیش بۆ کۆمپانیاکان دەچێت بڵاو نەکراوەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پشتبەستن بە ئەو داتایانەی لە بەردەستماندابووە بۆ ٨ کێڵگەی نەوتی هەریم و شیکردنەوەی ڕاپۆرتی کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کە بەشێکی زۆریان راپۆرتی وەرزیان هەیە، گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم و مۆدیلی دابەشکردنی پشکەکان تێیدا، داتای مەیدانی وەسەرچاوەی تری متمانە پێکراوی جیهانی نووسراوە. پێمان باشتر بوو کە راستەوخۆ زانیاریمان لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان یان حکومەتی هەرێم وەربگرتایە، چوونکە ئەمە خزمەتی زیاتری چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی دەکات کە شەفافیەت بەشیکە لەو بنەمایانە و هەروەها خزمەت بە مافی هاووڵاتی دەکات، بەهەمانشێوەش حزمەت دەبێت بەحکومەت، بەڵام بەداخەوا هیچ داتایەکی فەرمی راستەوخۆی حکومەتمان بەردەست نەکەوت. لەگەڵ ئەوەی چەندین جار پەیوەندیمان کرد و بەفەرمیش داوای زانیاریمان کرد.

# بەشی یەکەم

## روونبین کێیە؟

روونبین رێکخراوێکی مەدەنی ناحکومی، قازانج نەویست و بێلایەن و سەربەخۆیە. لەلایەن چەند کەسێکی شارەزا لە بوارەکانی پیشەسازی نەوت و گازدا دامەزراوە. بایەخ دەدات بەلێکۆڵینەوە، هەڵسەنگاندن و چاودێری پرۆسەکانی نەوت و گاز و پێشنیاری چارەسەر و چاکسازی بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەکات .

لە ماوەی رابووردوودا دوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی لە بەرواری ٢٠١٧/٥/١٠ دا بەردەوام کارمان کردووە بە ئاراستەی ئامانجی رێکخراوەکە، ئەویش بریتییە لە : بەشداری کاریگەر لە بنیاتنانی بنەماکانی شەفافییەت لە بواری نەوت و گازدا و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و رۆشنبیری هاووڵاتیان بەشیوەیەکی زانستی و ئەکادیمی. هەوڵدان بۆ گەیشتن بە زانیاری درووست و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی زانستی و پێشنیاری چارەسەر بۆ کۆی پرۆسەکانی نەوت و گاز.

لە ماوەی رابووردوودا بەچەند ئاراستەیەک کارمان کردووە لە وانە:

1 - حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار لەحکومەت.
2 - پەرلەمانتارانی هەرێم و بەغداد.
3 - کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێم
4 - رێکخراوە پەیوەندیدارەکان
5 - راگەیاندن و لە ڕێی ئەوانیشەوە گەشتن بە هاوڵاتی و گەیاندنی زانیاری بابەتیانە.

ئەم کارەشمان هەوڵێکە بە هەمان ئاراستە.

## پێناسەی روونبینی(شەفافییەت)

روونبینیی پێچەوانەی شاردنەوەیە، بریتییە لە پابەندبوونی حکومەت بە پێدانی زانیاری بە هاووڵاتی.

لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە لێپرسینەوەی هاووڵاتی لە فەرمانبەری گشتی. بوونی حکومەت بۆ خزمەتی میللەتە لە بەرئەوە دەبێت ئەوزانیاریانەی کە پەیوەستە بە چۆنییەتی بەڕیوەبردنی بەرپرسەکان بۆ کارە گشتییەکان و چۆنییەتی بەکاربردنی موڵك وماڵی گشتی لەبەردەست بێت و ئاشکرا بکرێت بەشێوەیەکی راست وە بائاسانیش لێی تێبگەن و بەیاساش رێکبخرێت. بەواتایەکی تر بریتییە لە ئاشکراکردنی زانیاری راست و دروست و ئاسان و بەپێی یاسا. واتە زانیارییەکان متمانە پێکراوبن، بەزمانێکی سادە داڕیژرابن، هاووڵاتی بە ئاسانی لێی تێبگات، بەدەستی هەمووان بگات، وە بەیاسا رێکخرابێت بەم شێوەیە روونبینی بەرەو حوکومڕانییەکی باش و دادپەروەرمان دەبات.

## گرنگی ڕوونبینیی

گرنگی روونبینی لەوەدایە کە ناڕوونی کەم دەکاتەوە، سنوور دادەنێت بۆ گەندەڵی و بەرەنگاری دەبێتەوە، متمانە بەهێز دەکات لە نێوان هاووڵاتی و حکومەتدا. چاودێری ناوخۆیی زیاد دەکات. دەبێتە هۆی ئاسانکاری لە هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەت و دامەزراوەکاندا. روونبینی  روویەکی تری لێپرسینەوەیە، هەروەها چەقی گەشتنە بە پەرەپیدان و گەشەکردنی هەر بوارێک کە کاری تیابێت، چ ئابووری، پەروەردەیی، تەندرووتی... هتد. روونبینی و بەرپرسیارێتی دوو ئامڕازی سەرەکی حوکومڕانی دروستن.

روونبینی کاتێک بە بەردەوامی پیادە دەکرێت هێزێکی زۆر دەدات بە حکومەت تاوەکو بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوەو لێپرسینەوەی تەواو بکات. روونبینی کات دەگەڕێنێتەوە و خەرجی کەم دەکاتەوە، ئاڵۆزی لەتێگەیشتن لەشتەکان کەم دەکاتەوە یان نایهێڵێت. ژینگەیەکی لەباری کار و تەدروستی کار و متمانە دەخولقێنێ.

## لێپرسینەوە لە هەرێمی کوردستان دا؛

### ئالانگاری و  پێشنیازی چارەسەر

لێپرسینەوە بەشێکی سەرەکییە لە دیموکراسییەکی تەندروست. بنەمای متمانەیە بە حکومەت و گەیشتنە بە دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. بەبێ سیستمی لێپرسینەوە بەهێز، لەوانەیە ئەو دەسەڵاتە نائاساییانەی کە بە وەزیر و بەرپرسان دراوە خراپ بەکاربهێنرێن، و سەرچاوەکان بەهۆی ناکارامەیی و خراپ بەڕێوەبردنی سامانی گشتیەوە بەفیڕۆ بدرێت.

بەهۆی نەبوونی روونی و لێپرسینەوە وە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە کە کاریگەری لەسەر کاریگەریی حکومەت و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان دەبێت. لە لاوازی بەڕێوەبردنی داراییەوە تا کێشە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وەک تەندروستی و پەروەردە، کێشەکانی لێپرسینەوە وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕێگریکردن لە باشتربوونی ئەدای حکومەت لە هەرێمدا دەبینرێت.

لاوازی لێپرسینەوە لە کوردستانی عێراق یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە دەبێتە هۆی شکستی دامودەزگاکانی حکومەت. نەبوونی چاودێری کاریگەری پەرلەمانی لەسەر ئەدای حکومەت، نەبوونی شەفافیەت لە کارەکانی حکومەت و نەبوونی لێپێچینەوە و سزادانی ڕوون بۆ ئەوانەی بەرپرسیارن لە شکستهێنان، دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی گشتی بە حکومەت.

هەندێک نموونە ئاماژە بەم لاوازییە دەکەن لە لێپرسینەوە لە چەند بوارێکدا:

### بەڕێوەبردنی پرۆژەی حکومی

زۆرێک لە پرۆژە گەورەکان لە کوردستان ڕووبەڕووی دواکەوتن و کێشەی دارایی دەبنەوە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی شەفافیەت و چاودێری کاریگەرەوە. بۆ نمونە ئەو پرۆژانەی ژێرخانی هەرێم کە بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان نەیانتوانی ئامانجەکانیان بپێکن.

### گەندەڵی کارگێری

گەندەڵی کارگێری، لە ئەنجامی لاوازی لێپرسینەوە، بەشدارە لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە بە دامودەزگاکانی حکومەت. ئەم کێشانە لە دواکەوتنی مووچە و نەبوونی چاوەدێری بۆ گرێبەستە حکومییەکان بەرجەستە دەبن.

## قەیرانە ئابوورییەکان

لە قۆناغەکانی قەیرانی ئابووریدا، وەک ئەوانەی لە دابەزینی نرخی نەوت و وەستانی هەناردە و تێکچوونی دۆخی دارایی هەرێمی کوردستانەوە سەرهەڵدەدەن، پێویستی بە لێپرسینەوەیەکی بەهێزتر هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سەرچاوەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و شەفافانە دابەش بکرێن، و دڵنیابوون لەوەی ئەم قەیرانانە دووبارە نەبنەوە.

## ئەو هۆکارانەی کە بەشدارن لە لاوازی لێپرسینەوە لە کوردستان

ئەو هۆکارە سەرەکیانەی کە بەشدارن لە لاوازی لێپرسینەوە لە کوردستانی عێراقدا دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

## کەلێنەکانی پێکهاتەی لێپرسینەوە

زۆرجار بەرپرسیارێتیەکان بە ڕوونی لە نێوان وەزیر و بەرپرسانی حکومەتدا دیاری ناکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی لێپرسینەوە لە جێبەجێنەکردنی سیاسەتەکان. نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان ئۆرگانە جیاوازەکانی حکومەتدا وا دەکات لێپرسینەوە لەو کەسانەی بەرپرسیارن لە هەندێک بابەت کە پێویستیان بە هەماهەنگی هەیە لە نێوان زیاتر لە وەزارەتێک یان دامەزراوەیەکدا. لەوەش خراپتر هەندیک جار بونی کەسانێک لەدەرەوەی لێپرسینەوە وادەکات کێشەکان ئاڵۆزتربن و چارەسەر نەبن.

## پشتبەستن بە دامودەزگا سەربەخۆکان بەبێ چاودێرییەکی تەواو

حکومەت لە کوردستان زۆرجار هەندێک بەرپرسیارێتی دەداتە دەست دامودەزگای سەربەخۆ یان کۆمپانیا تایبەتەکان، بەڵام ئەم ئۆرگانانە چاودێری کاریگەر و بەدواداچوونی ڕاستەقینەی پەرلەمان یان دامەزراوەکانی چاودێرییان بەسەرەوە نییە. کۆمپانیاکانی بواری وزە بەنمونە.

## کولتوور ی لۆمەکردن و تاوانبارکردنی ئەویتر و نەبوونی گرنگیدان بە باشترکردن

زۆرجار لە بری ئەوەی وانە لەهە ڵەکان و شکست وەربگیرێت پەنا دەبرێتە بەر لۆمەکردنی کەسانی تر و تاوانبارکردنی بە هۆی شکست، کاتێک هەڵەیەک روودەدات و هەموو خۆی لە بەرپرسیارێتی دەدزێتەوە . بۆ نمونە لۆمەکردنی کابینەکانی پێشو بە هۆکاری شکست کە ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕاستی تیایە بەڵام ئەنجام نەدانی گۆڕانکاری ریشەیی و دوورنەکەوتنەوە لە هۆکارەکانی شکست دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی کاریگەر بەرەو چاکسازی نەبینرێت و هەست پێنەکرێت ، هەروەها کارناکرێت بۆ باشترکردنی ئەنجامەکان و فێربوونی وانە لە هەڵەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی ژینگەیەک کە پێی باشترە خۆی لە بەرپرسیارێتی بەدوور بگرێت نەک هەوڵدان بۆ بەرەوپێش چوون.

## باشترکردنی لێپرسینەوە لە کوردستان

بۆ بەرزکردنەوەی لێپرسینەوە لە کوردستان، دەتوانرێت هەندێک چارەسەر و چاکسازی لە چەند ئاستێکدا جێبەجێ بکرێت:

### باشترکردنی پێکهاتەی لێپرسینەوە

دەبێت دەستەڵات و پێکهاتەی دامووەدەزگاکان ڕوون بێت بۆ دیاریکردنی بەرپرسیارێتی نێوان وەزیرەکان و بەرپرسانی حکومەت و دەزگا سەربەخۆکان. دەبێت دیاری بکرێت کە کێ بەرپرسیارە لە هەر لایەنێکی حکومەت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت کاتێک شکست دەهێنن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. بەکردەیی کەس لەسەرو یاساوە نەبێت.

### بەهێزکردنی چاودێری پەرلەمان

دەبێت پەرلەمان ڕۆڵێکی کاریگەرتری هەبێت لە چاودێریکردنی حکومەت و ئۆرگانەکانی حکومەت، بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی وەرزی لە ئەدای حکومەت، و پێداچوونەوە بە سیاسەت و ڕێکارەکانی حکومەت بۆ دڵنیابوون لە شەفافیەت و کارایی.

### هاندانی کولتوری باشتربوون

لەبری ئەوەی حکومەت سەرنجی لەسەر تاوانبارکردن و لۆمەکردن بێت کاتێک هەڵە ڕوودەدات، پێویستە هانی وەرگرتنی کلتوری فێربوون لە هەڵەکان و گەڕان بەدوای چارەسەردا بدات بۆ باشترکردنی ئەدای گشتی. ئەمەش پێویستی بە بوونی دەستەڵات و دابینکردنی ژینگەیەکی سەلامەت هەیە بۆ بەرپرسان بۆ داهێنان و مەترسییە حیسابکراوەکان.

### پەرەپێدانی شەفافیەت و زانیاری

پێویستە زانیاری لەسەر ئەدای حکومەت لەبەردەستی خەڵکدا بێت، ڕێگە بە هاوڵاتیان بدات ڕۆڵیان هەبێت لە چاودێریکردنی ئەدای حکومەت. شەفافیەت کاریگەری لێپرسینەوە بەرز دەکاتەوە و متمانەی هاووڵاتیان بە سیستەمی حکومەت زیاد دەکات.

## پـوختـە

لێپرسینەوە توخمێکی جەوهەرییە لە بەهێزکردنی متمانە لە نێوان حکومەت و هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هەرێم بەدەست لێپرسینەوەی لاوازەوە دەناڵێنێت لە چەندین ئاستدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی شکست و تێکدانی کاریگەری حکومەت. بۆیە پێویستە کاربکرێت بۆ باشترکردنی هەیکەلی لێپرسینەوە و بەهێزکردنی چاودێریی پەرلەمان و ڕۆشنبیری کارگێری بۆ بەهێزکردنی لێپرسینەوە و بەرزکردنەوەی متمانەی گشتی بە حکومەت.

## سیستەمی دارایی نەوت

کاتێک باسی سیستەمی دارایی نەوت دەکرێت مەبەست لێی گرێبەستە نەوتییەکانە. پرۆسەکانی نەوت پرۆسەگەلێکی دورو درێژی چەندین ساڵەن، وەبەرهێنان و پەرەپێدان تیایایدا پێویستی بەسەرمایەی زەبەلاح و ژێرخان و تەکنۆلۆجیای بەهێز هەیە. سیستەمی دارایی هەروڵاتێک چوارچێوەی کارکردن و شێوازی مامەڵەکردن لە گەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان دیاری دەکات. هەندێک لە وڵاتان لە ڕێگەی یاساوە جۆری گرێبەستەکان دیاری دەکات وهەندێکی تر لە ڕێگەی دانووستانەوە مەرجەکانی و شێوازی گرێبەستەکانی دادەڕێژێت.

لە جیهاندا دوو جۆر لە سیستەمی دارایی پەترۆل هەیە، یەکەم سیستەمی ئیمتیاز و دووەمیش سیستەمی مالی تەعاقدی.

١- سیستەمی ئیمتیاز

مافی ئیمتیاز دەدات بە کۆمپانیا لە کێڵگەیەکی دیاری کراو وە لە ماویەکی دیاری کراودا بەرهەم هێنان بکات، خاوەندارێتی نەوت یان گازە بەرهەمهاتووەکە لە زۆربەی کاتدا لە سەری بیرەکەوە واتە لە دەرهێنانییەوە بۆ کۆمپانیا دەگوازرێتەوە، حکومەت تەنها (موڵکانە و باج و پاداشتی بەرهەم) وەردەگرێت. ئەم جۆرە لە گرێبەست کۆنترین جۆریانە، لە عێراق تا ساڵی ١٩٧٢ کە نەوت خۆماڵی کرا پەیرەو دەکرا . زۆر جار ئەم جۆرە لە گرێبەست پەیوەست دەکرێت بە سەردەمی کۆلۆنیالیزمەوە.

٢- سیستەمی تەعاقدی

پێک دێت لە دوو جۆر: ا-گرێبەستی هاوبەشی کردن لەبەرهەم (لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت)

ب- گرێبەستی خزمەتگوزاری (لە عێراق پەیڕەودەکرێت).

ئەم دوو جۆرە گرێبەستە خاڵی هاوبەش و جیاوازیان هەیە. شێوازی خەرجییەکان و پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان و پشکی کۆمپانیای نیشتمانی بە پێی گرێبەستەکە دیاری دەکرێ. جیۆلۆجی بلۆکی نەوتی یان گازی، جیۆپۆلەتیکی وڵاتەکە، ژێرخانی ئابووری و ژێرخانی نەوت و گازی وڵاتەکە کاریگەرە لەسەر رێکەوتنەکە و پێگەی بەهێز یان لاوازی هەرلایەکی گرێبەستەکە دیاری دەکات لە دانوستاندن بۆ هەر ڕیکەوتنێک.

تا پێگەی وڵاتی خانەخوێ بەهێزتربێت گرێبەستی باشتری لێ بەرهەم دێت بۆ حکومەت و لە بەرانبەریشدا کۆمپانیاش دەیەوێت زیاترین قازانج بۆ خۆی ببڕێت لە بەرانبەر وەگەرخستنی سەرمایەیەکی زۆر.

## ١- گرێبەستی بەرهەم هێنانی هاوبەش

بەپێی ئەم جۆرە لە گرێبەست کۆمپانیای نەوتی مەترسی گەڕان و پشکنین وخەرجی لەئەستۆ دەگرێت لەبەرانبەر بەشێک لەو نەوتە یان گازەی کە بەرهەمدێت لەناوچەی گرێبەستەکەدا ئەگەر نەوت یان گاز دۆزرایەوە و بەرهەمهات. بەڵام گەر نەدۆزرایەوە ئەوا حکومەت هیچ خەرجییەک ناداتەوە بە کۆمپانیا، ماوەی گەڕان و پشکنین پێنج ساڵە دەتوانرێت بۆ ٢ ساڵ زیاتر درێژبکرێتەوە. کاتێک نەوت بەرهەم دێت لە کێڵگەیەکدا ئەوکات دەچێتە قۆناغی دووەمەوە کە قۆناغی بەرهەم هێنانە و ماوەکەی ٢٠ ساڵە و دەکرێت بۆ ٥ ساڵی تر درێژ بکرێتەوە بەپێی گرێبەستەکانی هەرێم .

لەم جۆرە لە گرێبەست کۆنترۆڵی نەوت و گاز لە دەست حکومەتدا دەبێت و کۆمپانیای نیشتمانیش بەشدار دەبێت لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا .

لە گرێبەستەکانی بەرهەم هێنانی  هاوبەشدا وڵاتی خانەخوێ چەند جۆر داهاتی دەست دەکەوێت. پاداشتێک هەیە کاتێک کۆمپانیا گرێبەستی لەگەڵ دەکرێت بۆ کێڵگەیەکی نەوت یان گاز دەیدات بە وڵاتی خانەخوێ یان حکومەت. ئەم پاداشتە کە لەهەرێم بە شیرینییە نەوتییەکان ناسراوە چەند جۆرێکی هەیە و لە چەند قۆناغێکی جیادا وەردەگیرێ بەم شێوەیە:

### ١- پاداشت:

ا- پاداشتی ئیمزاکردن (signing bonus): لەکاتی ئیمزاکردنی هەر گرێبەستێکدا بۆ هەرکێڵگەیەکی نەوتی کۆمپانیا پاداشتی ئیمزاکردنی گرێبەست دەدات بە حکومەت، لەگرێبەستەکەدا بڕەکەی دیاری دەکرێت و هەرناوچەیەکی گرێبەستیش گرێبەستی جیایە و دەکرێت ڕێژەکانیش جیابن.

ب- پاداشتی بنیاد نانی تواناکان: ئەم پاداشتە لەکاتی ئیمزاکردنی گرێبەستەکەوە لەماوەیەکی دیاری کراودا کە لە گرێبەستەکەدا دەستنیشان کراوە دەبێت بدرێت بە حکومەت.

ج- پاداشتی بەرهەم هێنان: کاتێک کێڵگەیەک دەگاتە بەرهەم هێنانی بازرگانی کۆمپانیا بڕێکی تر پاداشت دەدات بە حکومەت، ئەم بڕەش بەپێی گرێبەستەکان دەگۆڕێت.

### ٢- دابەشکردنی پشکەکان:

ا- موڵکانە

بریتییە لە رێژەیەک لە کۆی  داهات یان  نەوتی بەرهەم هاتوو لە لایەن وڵاتی  خانەخوێ وە وەردەگیرێت.

لە گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم و یاسای نەوت و گازی ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ دا ڕێژەکەی بە ١٠٪ دیاری کردوە.

ب- خەرجی کۆمپانیا نەوتییەکان:

لە دوای دەرکردنی موڵکانە لەو نەوتەی دەمێنێتەوە ڕێژەیەک دەدرێتە ئەو کۆمپانیایانەی نەوتیان بەرهەم هێناوە وەکو وەرگرتنەوەی خەرجی (Cost recovery) لە گرێبەستێکەوە بۆ گرێبەستێکی تر جیاوازە هەندێ وڵات تا ڕێژەیەی ٤٠٪ دیاری کردووە بۆ وەرگرتنەوەی خەرجی کۆمپانیاکان واتە سەقفێک دیاری کراوە بۆ وەرگرتنەوەی خەرجییەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە لە خەرجییەکان کە وەرنەگیراوەتەوە دەگوازرێتەوە بۆ ساڵی دواتر و بەوشێوەیە بەردەوام دەبێت تا هەموو خەرجییەکان وەردەگیرێتەوە یان گرێبەستەکە کۆتایی دێت. هەندێ وڵات ڕێژەی وەرگرتنەوەی خەرجییەکانی زیاترە لە وڵاتێکی تر ئەو ڕێژەیە لە هەندێ شوێندا دەگاتە ئاستی ١٠٠٪ی بەرهەم لە گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەم ڕێژەیە جیاوازە لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر لە نێووان ٤٠٪ بۆ ٤٥٪ دیاری کراوە.

ج- نەوتی قازانج (Profit oil)

ئەونەتەی لە دوای لێدەرکردنی مۆڵکانە و خەرجی کۆمپانیاکان دمێنیتەوە و پێی دەوترێت نەتی قازانج، ئەم قازانجە لە نێوان کۆمپانیای نەوت و ڵاتی خانەخوێدا دابەش دەکرێت بە پێی ئەو بڕەی کە لە گرێبەستەکەدا لەسەری ڕێککەوتوون.

لە گرێبەستەکانی هەرێمدا قازانجی نەوت دابەش دەکرێت بەپێی فاکتەری (R) کە بریتیە لە ( داهاتی کەڵەکەبوو) دابەشی (تێچووی کەڵەکەبوو). لە باری نموونەییدا کاتێک فاکتەری (R)دەگاتە ٢، قازانج بە لەسەدا ١٥/٨٥ لە بەرژەوەندی حکومەتی هەرێم دابەش دەکرێت."

وە کاتێک (R) لە ١ کەمترو یان یەکسانە بە ١، قازانج بە لەسەدا٣٠/٧٠ لە بەرژەوەندی حکومەت دابەشدەکرێت. ئەم هاوکێشەیە لە زۆربەی گرێبەستەکاندا بەکار دەهێنرێت. بەپێی مادەی ٢٦ بڕگەکانی ٤ و ٥.

R = X/Y

X = داهاتی کەڵەکەبوو

Y = تێچووی کەڵەکە بوو


R < or = 1 30%

1 < R< or = 2 30 – (30 – 15) * (R - 1) / (2 - 1)

R > 2 15%

لە باری نموونەیدا بۆ حکومەت ڕێژەی ٨٥٪ ی قازانجی بەردەکەوێت و کۆمپانیاکانی نەوت ڕێژەی ١٥٪ی قازانج. بەڵام پشکی حکومەت لێرەدا تەواو نابێت بەڵکو حکومەت لەڕێی کۆمپانیای کیپکۆ وە بەشدارە لە قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکان، بۆیە لە پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان جارێکی تر حکومەت بەناوی کۆمپانیای کێپکۆ وە پشکی ٣٠٪ی هەیە .

چۆنییەتی دابەشکردنی پشکەکان بە پێی گرێبەستەکانی هەرێم




### ٢- گرێبەستی خزمەتگوزاری

لەم گرێبەستەدا حکومەت گرێبەست لە گەڵ کۆمپانیایەکی نەوت دەکات بۆ ماوەیەکی دیاری کراو و لەناوچەیەکی دیاری کراودا کە کرداری گەڕان و پشکنین و/بەرهەم هێنان یاخود پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەم لە کێڵگەیەکی دیاری کراودا ئەنجام بدات لە بەرانبەر ئەو خزمەتگوزارییە کۆمپانیا بڕە پارەیەکی دیاری کراو یان گۆڕاو وەردەگرێت.

هەروەک گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش لەم جۆرە گرێبەستەشدا بەڵێندەر دەبێت تەواوی مەترسییەکانی گەڕان لە ئەستۆ بگرێت و هیچ قەرەبووکردنەوەیەک بۆ وەبەرهێنانەکانی وەرناگرێت ئەگەر لە دۆزینەوەی بازرگانیدا سەرکەوتوو نەبێت.

## کێڵگەی نەوتی

تەمەنی کێڵگەیەکی نەوت لەگەڵ کێڵگەیەکی تردا دەکرێت زۆر جیاواز بێت بە پێی چەند هۆکارێک وەک قەبارەی کێڵگەکە، تەکنەلۆژیای بەکارهێنراو، جۆری ئەمبارەکە و چەند کارایانە نەوتەکە دەردەهێنرێت.

لە خوارەوە دابەشکردنی گشتی قۆناغەکان و تەمەنی کێڵگە نەوتییەکان دەخەینەڕوو:

### ١. قۆناغی گەڕان

ماوەی: بەزۆری چەند ساڵێکی دەوێت.

چالاکییەکان: بریتین لە ئەنجامدانی ڕووپێوی جیۆلۆجی، تاقیکردنەوەی بومەلەرزە، و لێدانی بیری گەڕان بۆ دیاریکردنی یەدەگی نەوت.

### ٢. قۆناغی گەشەپێدان یان پەرەپێدان

ماوەی: ٥ بۆ ١٠ ساڵ (هەندێکجار درێژترە، بەپێی ئاڵۆزییەکان).

چالاکییەکان: دوای دۆزینەوەی یەدەگەکان، ژێرخانی کێڵگەکە دادەمەزرێت وەکو ئامێری هەڵکەندن و بۆری و دامەزراوەی پرۆسێسکردن دروست دەکرێن بۆ بەرهەمهێنانی نەوت بە قەبارەیەکی گەورە. هەڵکەندنی بیری گەشەپێدان دەست پێدەکات، و کێڵگەکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەست دەکات بە بەرهەمهێنانی نەوت.

### ٣. قۆناغی بەرهەمهێنان

ماوەی: ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ یان زیاتر، بەپێی خەزنەکە.

چالاکییەکان: ئەمە قۆناغی بنەڕەتی دەرهێنانی نەوتە، کە تێیدا نەوت بە بەردەوامی بەرهەم دەهێنرێت. ڕێژەی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی گشتی بە تێپەڕبوونی کات کەم دەبێتەوە لەگەڵ کەمبوونەوەی ئەمبار لە حەشارگەکەدا. لەم قۆناغەدا هەندێ کێڵگە پێویستی بەبەکارهێنانی تەکنیکەکانی چارەسەرکردن هەیە بەرهەم ئەویش لە ڕێگەی پەمپکردنی ئاو یان داخڵکردنی گاز بەکاربهێنرێت بۆ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم یان ڕاگرتنی کەمبوونەوەی بەرهەم و درێژکردنەوەی ئەم قۆناغە.

### ٤. قۆناغی دابەزینی بەرهەم

ماوەی: ٥ بۆ ١٥ ساڵ.

چالاکییەکان: لەگەڵ کەمبوونەوەی پەستانی کۆگاکان و دەرهێنانی نەوتی زیاتر، ڕێژەی بەرهەمهێنان خاو دەبێتەوە. لەم قۆناغەدا ڕەنگە هەندێک کێڵگە شێوازی چارەسەری لاوەکی بۆ بەکاربهێنرێت وەک داخڵکردنی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن یان داخڵکردنی کیمیایی بۆ زیادکردنی فشاری کۆگاکە تاوەکو بڕێکی زیاتری نەوت لە حەشارگەکە دەربهێنرێت.

### ٥. قۆناغی داخستن

ماوەی کارکردن: دوا ساڵەکانی ژیانی کێڵگەکەیە.

چالاکییەکان: کاتێک کێڵگەیەک سودی ئابووری نەبوو (کاتێک ڕێژەی بەرهەمهێنان زۆر کەم دەبێتەوە)، دادەخرێت و شوێنەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە. ئەمەش بریتییە لە داخستنی بیرەکان و نۆژەنکردنەوەی ژینگە.

### کۆی گشتی تەمەنی کێڵگە:

بە تێکڕا کێڵگەیەکی نەوت دەکرێت تەمەنی ٣٠ بۆ ٥٠ ساڵ بێت، هەرچەندە ڕەنگە هەندێک کێڵگە، بچووکەکان یان کەمتر بەرهەمدارەکان تەنها ١٥ بۆ ٢٠ ساڵ بمێننەوە، لە کاتێکدا کێڵگە زەبەلاحەکان دەتوانن زیاتر لە ٦٠ ساڵ بەرهەم بهێنن بە تەکنەلۆژیا و شێوازی دروست.

ئەو هۆکارە سەرەکیانەی کاریگەرییان لەسەر تەمەنی کێڵگەیەکی نەوت هەیە بریتین لە:

**تایبەتمەندی کۆگاکان:** وەک قەبارە و پەستان و جۆری نەوت (نەوتی سووک یان قورس).

**پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان:** تەکنیکەکانی دەرهێنان دەتوانن تەمەنی کێڵگەکە درێژ بکەنەوە.

**هۆکارە ئابوورییەکان:** دەکرێ نرخی نەوت و تێچووی دەرهێنانی نەوت دیاری بکات، کە ئایا دەتوانرێت لە قۆناغەکانی دواتردا بەردەوام بێت لە بەرهەمهێنان یان نا.

هەر کێڵگەیەکی نەوتی تایبەتە، بۆیە تەمەنی وردی پەیوەستە بەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد و ئەو ڕێگایانەی کە بۆ دەرهێنان و چاکردن بەکاردەهێنرێن.


# بەشی دووەم: بەرهەم و داهاتی کێڵگە نەوتییەکان


# لە ساڵی ٢٠٢٤دا

**ئاستی بەرهەم**

**پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان لە بەرهەم و داهات**

**پشکی حکومەتی هەرێم لە بەرهەم و داهات**






# ناوچەی گرێبەستی تاوکـــی



## ١-ناوچەی گرێبەستی تاوکی ( کێڵگەی تاوکی – پیشخاپور)

ناوچەی گرێبەستی تاوکی دەکەوێتە پارێزگای دهۆکەوە لە هەرێمی کوردستان. پێک دێت لە هەردوو کێڵگەی نەوتی تاوکی و پیشخاپور. هەریەک لە کۆمپانیاکانی دی ئێن ئۆی نەرویجی ٧٥٪ و گەنێڵ ئەنێرجی تورکی ٣٥٪ ی خاوەنداری پشکەکان دەکەن لەو کێڵگەیەدا. یەکەم جار لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤ دا گرێبەست لەگەڵ کۆمپانای دی ئێن ئۆ DNO کرا . بەرهەمهێنانی ئەم کێڵگانە (تاوکێ لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێکردووە و پیشخاپور لە ساڵی ٢٠١٧) بە تێکڕا بەرهەمی ڕۆژانە لەساڵی ٢٠٢٤ دا نزیکەی ٨٠ هەزار بەرمیل نەوت بووە.

- یەدەگی سەلمێنراوی ئەم ناوچەی گرێبەستە 1P= 246 (MMbbls) ملیۆن بەرمیلە وە یەدەگی سەلمێنراو + ئەگەری بریتییە لە 2P= 326 MMbbls ملیۆن بەرمیلە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ بەپێی کۆمپانیای راوێژکاری پەترۆلی DeGolyer وMacNaughton .

### کورتەیەکی مێژوویی

### آ-لە سەر بیرە نەوتەکان و ئاستی بەرهەمی کێڵگەی تاوکی پێش ئەوەی کێڵگەی فیشخاپوری بۆ زیادبکرێت

لە ناوچەی گرێبەستی تاوکێ لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ئەمڕۆ بەهەموو جۆرەکانییەوە کۆی ٨٣ بیری نەوت لێدراوە. لە کێڵگەی تاوکی ٦٨ بیر و لە پیشخاپوریش ١٥ بیر. بەڵام لە ئێستادا ٥٢ بیر لە بەرهەم هێناندان.

- لە تاوکی لەنیسانی ساڵی ٢٠٠٦ دا یەکەم دوو بیری دوانە (TW-1, TW1A)کە تەنها ٢٠ مەتر نێوانی هەردوو بیرەکە بوو. کە ئەوکات تەنها کێڵگەی تاوکی بوو. TW-1A تێستی بیرەکە کرا کە توانای نزیکەیی ٥،٠٠٠ بەرمیل بوو. بەڵام TW-1 تاقیکردنەوەی تەواوی لەسەر نەکرا. هەمان ساڵ مانگی حوزەیران تاوکی TW-2 لە دووری دوو کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتەوە لێدراو ٣،٨٤٠ بەرمیلی ڕۆژانە کە ئەم دەرئەنجامە بوو بە بنەمایەک بۆ پلانی دەستپێکردنی زووی بەرهەم کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ڕەزامەندی لەسەر درا. بیری هەڵسەنگاندنی (Appraisal well) تاوکی-٢ بەباشی درێژبوونەوەی ڕۆژاوای تاوکی پشتڕاستکردەوە. .
- هەر هەمان ساڵ بیری سێهەم TW-3 تێستکرا. لە پێکهاتەی قوڵی دەباشیری لە TW-1 دا حەشارگەیەک دۆزرایەوە کە کۆی ٩،٠٠٠ بەرمیلی لێ وەردەگیرا.


- لەساڵی ٢٠٠٧ دا بیری TW-4 لێدرا، تێست کرا و توانای راکێشانی ٨،٥٠٠ بەرملی رۆژانەی هەبوو، هەروەها TW-5 تاوانای ئەوپەڕی ٩،٥٠٠ بەرمیلی رۆژانە. TW-6 تەواوکرا بەڵام وەکو بیرێکی بەرهەمهێن نەک وەکو بیری داخڵکردنی ئاو (water injection well) کە لە سەرەتادا چاوەڕواندەکرا. لە مانگی ئابی ٢٠٠٧ دا بیری TW-8 تێست کرا و بەتوانی راکێشانی ٨،٠٠٠ بەرمیلی رۆژانە. بەمەش ئاسۆی بەرهەمهێنان زیادی کردوو کۆی گشتی گەشتە ١٧،٠٠٠ بەرمیلی رۆژانە.
- مانگی ئەیلولی ٢٠٠٨ بیری TW-9 و TW-10 دامەزرا وەکو دوو بیری بەرهەمهێن. وەلە نیسانی ٢٠٠٩ دا بیری TW-11و TW12 تەواو بوون بۆ بەرهەمەکانیان لە پێکهاتەی تەباشیری (Cretaceous) بەمەش قۆناغی یەکەمی پەرەپێدانی کێڵگەکە تەواو بوو. لەم بیرە توانای بەرهەمهێنانی رۆژانەی لە ١٠،٠٠٠ بەرمیل زیاتر بوو.
- لە ٢٠٠٩ دا کێڵگەی تاوکی بەسترایەوە بە هێڵی بۆری گواستنەوەی باکوری عێراقەوە (هەرێمی کوردستان) وە دەستپێکردنی بەرهەمهێنانی تەواو لە مانگی حوزەیرانی هەمانساڵدا دەستی پێکرد، بەڵام لە مانگی ئەیلولیی هەمانساڵدا بەشێوەیەکی کاتی بەرهەمهێنان وەستا.
- لەساڵی ٢٠١٠ دا بەرهەمهێنانی نەوت تەنها بۆ بازاڕی ناوخۆ بوو،
- لە ٢٠١١ لێکۆڵینەوەی هەڵسەنگاندنی حەشارگەیی بۆ کێڵگەی تاوکی تەواو بوو وە کۆمپانیای DNOرایگەیاند کە کۆی قەبارەی نەوتی خاو لە حەشارگەی پێکهاتەی تەباشیری بە پێی P50 (P50: بەپیی ئەم خەمڵاندنە ئەگەری 50% هەیە کە یەدەگی ڕاستەقینەبێت یا زیاتر لە حەشارگەکەدا بێت) بریتییەلە 1,536MMstb وەلە پێکهاتەی نوێ (Cenozoic) بریتییە لە 148MMstb. لە ٢٠١١ دا کاری زیاتر کرا بۆ باشترکردنی مۆدیلی ئەمبارەکە بە بینینی توانای وەرگرتنی زیاتر لە حەشارگەکە.
- لەساڵی ٢٠١٢ دا بیرەکانی TW-14 و TW-14Aو TW-18 و TW-16و TW-19 لێدران کە یارمەتیدەربوون بۆ هێڵکاری ناوچە نوێیەکان لە بەشی باکوری کێڵگەکەوە. لە کۆتایی ساڵدا دەستکرا بە لێدانی یەکەم بیری ئاسۆیی TW-20. لە ساڵی ٢٠١٣ دا TW-20 تەواو بوو، بەرهەم بۆ یەکەم جار گەشتە ٢٥،٠٠٠ بەرمیلی رۆژانە. ئاستی بەرهەمی بیرەکە ٨،٠٠٠ بەرمیل بوو لەرۆژێکدا.
- لە ئەیلولی ٢٠١٣ دا بیری TW-23(بیری ئاسۆیی) لێدرا کە ٦ کیلۆمەتر لە TW-20 دوورە. تێستکرا بە توانای ٣٢،٥٠٠ بەرمیلی رۆژانە بەمەش ئاستێکی پێوانەیی بۆ کێڵگەکە تۆمارکرا.

- لە ٢٠١٤ پێنج بیری ئاسۆیی لێدرا بەمەش کۆی بیرە نەوتەکان گەشتە ٣٨ بیری نەوت کە ٣٦ یان بیری بەرهەم هێنن. بیرەکانی TW-24و TW-25 و TW-26 و TW-27 و TW-28. ئەم بیرانە بەرهەمی ٩،٠٠٠ بەرمیلیان هەبوو رۆژانە. هەروەها دووەم بەرنامەی سیزمیکی سێ ڕەهەندی لە کێڵگەکە هەر لە ٢٠١٤ دا دەستی پێکرد .
- لەساڵی ٢٠١٥ تا وەکو کۆتایی ٢٠١٨ کۆی بیرە نەوتییەکان گەشتە ٥٢ بیر.
- لە٢٠٠٨ تاوەکو ٢٠٢٤ کۆی بیرەکانی تاوکی گەشتە ٦٨ بیر و لێدانی ئەو هەموو بیرە بۆ خاوکردنەوەی کەمبوونەوەی خێرای بەرهەمی کێڵگەکەیە کەبەشێوەیەکی بەردەوام لە ساڵی ٢٠١٥ وە لە کەمبوندایە.

لە ساڵی ٢٠١٥ دا بە درێژت ٤٤ کیلۆمەتر هێڵی هەناردە تا پیشخاپور تەواو بوو. هەروەها تەواو بوونی دوو دامەزراوەی بەرهەمهێنانی نوێ لەگەڵیدا تەواو بوو. تائەوکاتە دامەزراوەی جارەسەریەکانی کە هەبوون لەکێڵگەکەدا توانای چارەسەری ١٢٠ هەزار بەمیلیان هەبوو، بە زیادبوونی یەکە نوێیکە توانای یەکەکانی چارەسەر بەرزبوویەوە بۆ ٢٠٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە.

- هەر لەساڵی ٢٠١٥ دا بەرهەم گەشتە ئاستی پێوانەیی ١٨٦،٠٠٠ بەرمیلی رۆژانە. لە هەمانساڵدا ١٠ بیری ئاسۆیی تر لێدرا کە بەرهەم هێنانی کرد بە دوو هێندە. بەشێوەیەکی گشتی تێکڕای بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت لەکێڵگەکە لەساڵی ٢٠١٥ دا بریتی بوو لە ١٤٤،٤٩٠ بەرمیل. بەڵام لەو کاتەوە بەرهەم هێنان بە بەردەوام لە دابەزیندایە.


کێڵگەی تاوکی بە کێڵگەیەکی پێگەشتوو (پیر) ئەژمار دەکرێت. لە ساڵی ٢٠١٥دا بەرهەمی کێڵگەکە گەشتە ئاستی لوتکەی بەرهەم هێنانی. تاوکێ 65.38%ی کۆی ئەو یەدەگەی کە دەتوانرێت دەربهێنرێت بەکارهێناوە. بە پشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت تاوەکو کێڵگەکە دەگاتە سنووری ئابووری ، لە ساڵی 2043 دا چیتر بەرهەم هێنان ئابووری نابێت.




- جۆری نەوتی کێڵگەکە لە جۆری مامناوەندە کە چڕییەکەی API 26-27.

ئاستی مێژووی بەرهەمی رۆژانەی کیڵگەی تاوکی بەبێ فیشخاپور لە ٢٠٠٧ تاوەکو کۆتایی ٢٠٢٤ لە خشتەکەی خوارەوە دیاری کراوە.

| مێژوی تێکرای بەرهەمی رۆژانەی تاوکی | | | |
|---|---|---|---|
| **ساڵ** | تێکرای بەرهەمی رۆژانە | ساڵ | تێکرای بەرهەمی رۆژانە |
| **٢٠٠٧** | 7,014 | ٢٠١٦ | 107,299 |
| **٢٠٠٨** | 7,224 | ٢٠١٧ | 106,000 |
| **٢٠٠٩** | 15,342 | ٢٠١٨ | 85,360 |
| **٢٠١٠** | 11,780 | ٢٠١٩ | 68,749 |
| **٢٠١١** | 51,664 | ٢٠٢٠ | 57,570 |
| **٢٠١٢** | 45,477 | ٢٠٢١ | 47,000 |
| **٢٠١٣** | 39,433 | ٢٠٢٢ | 45,065 |
| **٢٠١٤** | 95,255 | ٢٠٢٣ | 26,577 |
| **٢٠١٥** | **144,492** | ٢٠٢٤ | 30,648 |






## ب- کێڵگەی نەوتی پیشخاپور

کێڵگەی نەوتی پیشخاپور لە چوارچێوەی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی تاوکی (PSC) دایە. کێڵگەی پیشخاپور لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ دۆزرایەوە.

ئەم کێڵگەیە بە هاوبەشی لەلایەن کۆمپانیای D.N.A (75%، ك.سەرکار) و کۆمپانیای Genel Energy International (25%) خاوەندارێتی دەکرێت. بەرهەمهێنانی نەوت لەم کێڵگە لە ڕێگەی سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرەتایی لە ساڵی ٢٠١٧ دەستپێکرد.

بەرهەمهێنانی کێڵگەی پیشخاپور لە ساڵی 2018 لە شەش بیرەوە بە تێکڕای 54 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەم دەهات.

### شوێن و دۆزینەوە و یەدەگەکانی کێڵگەی پیشخاپور

کێڵگەی نەوتی پیشخاپور دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی(PSA) کۆمپانیای تاوکی. لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ دۆزرایەوە،

هەڵسەنگاندنێکی سەربەخۆ ئەنجامدرا بۆ نوێکردنەوەی خەمڵاندنی یەدەگەکان لە گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەمی تاوکی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨. مەزەندە دەکرێت کێڵگەی تۆکێ تا ٤٧٧ ملیۆن بەرمیل یەدەگی سەلمێنراو لەخۆبگرێت، لە کاتێکدا کێڵگەی  پیشخاپور ٢٢٠ ملیۆن بەرمیل لەخۆبگرێت.

## گەڕان و هەڵسەنگاندن لە کێڵگەی نەوتی پیشخاپور

چالاکیەکانی هەڵسەنگاندن لە کێڵگەی پیشخاپور بە لێدانی بیری پیشخاپور -2 لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ دەستیپێکرد، بیرەکە نەوتی لە ناوچەی پێکهاتەی تەباشیری Cretaceous horizon لە بەشی باشووری کێڵگەکە دۆزرایەوە. تێستی بیرەکە کراو 3,800بەرمیل لە ڕۆژێکدا توانای بیرەکەبوو . جۆری نەوتەکەی پلەی °28 API .

دووەم بیری هەڵسەنگاندن لە کێڵگەکەدا بە ناوی پیشخاپور -٣ لە مانگی تەمموزی ٢٠١٧ هەڵکەندراوە و لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٧دا تاقیکردنەوەکان تەواو بوون، یازدە زۆن بە شێوەی ئاسۆیی ١.٢ کیلۆمەتر لە حەشارگەی تەباشیری و جوراسیکی بیرەکەدا تاقیکرانەوە، کە 10 زۆنیان نەوت بوو و زۆنێک ناوچەی غاز بوو. ناوچە نەوتییەکان بە تێکڕا 5,350 بەرمیل لە ڕۆژێکدا بە چۆکی ٦٤/٦٤.

بیری چوارەمی هەڵسەنگاندن بە ناوی پیشخاپور-٤ لە ساڵی ٢٠١٨ بە قووڵی ٣،٥٢٥ مەتر لێدرا بۆ تاقیکردنەوەی حەشارگەی تریاسی Triassic reservoir کێڵگەکە. 11 زۆن لە بیرەکەدا تاقیکرانەوە و بە ڕێژەی لە نێوان 1500 بۆ 7000 بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ هەر زۆنێک.

بیری پیشخاپور 5 بە دووری 7 کم لە ڕۆژئاوای بیری پیشخاپور 3 لێدرا و لە مانگی حوزەیرانی 2018 تەواو بووە، بە سەرکەوتوویی درێژکردنەوەی ڕۆژئاوای کێڵگەکەی پشتڕاست کردووەتەوە. چوار زۆنی ناو بیرەکە لە مانگی تەمموزی ٢٠١٨ تاقیکرانەوە کە بە ڕێژەی 4,000 بۆ 7,500 بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ هەر زۆنێک.

## ووردەکاری پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی پیشخاپور

پەرەپێدانی کێڵگەی بیری پیشخاپور لەلایەن کۆمپانیاکە خێراتر کرا بە هێنانی کێڵگەکە بۆ بەرهەمهێنان لە ماوەی شەش مانگدا دوای لێدانی بیری هەڵسەنگاندنی دووەم. پلانی گەشەپێدانەکە بریتییە لە هەڵکەندنی کۆی گشتی ١٤ بیری بەرهەمهێنان.

بیرەکانی پیشخاپور -2 و پیشخاپور -3 لە ساڵی ٢٠١٧ لە ڕێگەی سیستمی بەرهەمهێنانی پێشوەختە هێنرانە بەرهەمهێنانەوە و ڕێژەی بەرهەمهێنان تا مانگی شوباتی ٢٠١٨ گەیشتە 16 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بیری سێیەمی هەڵسەنگاندن، پیشخاپور-4، لە مانگی تەمموزی ٢٠١٨ هێنرایە بەرهەمهێنان و دەستی بە بەرهەمهێنانی 10 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کرد. هەروەها بیری پیشخاپور -5 لە مانگی تەمموزی 2018 بە ڕێژەی 8 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا خراوەتە بواری بەرهەمهێنانەوە.

لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٨دا بیرەکانی بەرهەمهێنانی پیشخاپور -٦، پیشخاپور -٧ و پیشخاپور -٨ هەڵکەندران، بەمەش توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەکەی بۆ ٥٤ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزکردووەتەوە.

بیری هەشتەمی بەرهەمهێنان بە ناوی پیشخاپور -٩ لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ تەواو بوو و خرایە بواری بەرهەمهێنانەوە.

جگە لەوەش بیری پیشخاپور -10 لە مانگی شوباتی 2019 هەڵکەنراوە، هاوکات لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2019 بیری پیشخاپور -11 و پیشخاپور 12 هەڵکەنرا.

ساڵی٢٠٢٠ یەک بیر و ساڵی ٢٠٢٢ش یەک بیر لە کێڵگەکە تەواو بوو. بەسەر یەکەوە کۆی بیرەکانی کێڵگەکە ١٥ بیر دەبێت.

## گواستنەوەی نەوت

ئەو نەوتەی لە کێڵگەکەدا بەرهەم دێت، بە بارهەڵگرەکانی تانکەر و هەروەها لە ڕێگەی بۆرییەکی تیرەی ٦ ئینجەوە دەگوازرێتەوە بۆ تێرمیناڵی هەناردەکردنی تاوکی کە دەکەوێتە دووری ١٣ کم لە ناوچەی پیشخاپور لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.


پاشتر بۆرییەکی تیرە 10 ئینج بە توانای 60 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە کێڵگەی پیشخاپورەوە بۆ فیش خابور دروست کرا بۆ ئاسانکاری لە گواستنەوەی بەرهەمی فراوانکراو لە کێڵگەکەوە.

ئەو نەوتەی لە بیرەکانی پیشخاپورەوە بەرهەم دێت لەگەڵ بەرهەمی کێڵگەی تاوکی تێکەڵ دەکرێت و لە ڕێگەی تورکیاوە هەناردە دەکرا. لەپاش وەستانی هەناردە وە لەرێی بۆری کوردستان بۆ بەندەری جەیهان لە ٢٥ی ئازاری ٢٠٢٣ ەوە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا دوای وەستانی چەندمانگی جارێکی تر کێڵگەکە دەستی بەبەرهەم هێنانی نەوت کردەوە و بەرهەمکەش لە نا خۆدا دەفرۆشرێت. لە ئێستادا ئاراستەی بۆری پێچەوانە کراوەتەوە لە تاوکی و پیشخاپورەوە بەئاراستەی هەولێر بۆ پاڵاگەکانی ئەو ناوچەیە.


تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٤ و لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا ئەم کێڵگانەی کە لەلایەن DNO بەڕێوەدەبرێ (تاوکی و پیشخاپور) پێکەوە زیاتر لە ٤٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێناوە و بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ (DNO) داهاتی 17.3ملیار دۆلاری بۆ حکومەتی هەرێم


بەدەستهێناوە . وە لەماوەی نیوەی دووەمی ٢٠٢٤ تا کۆتایی ٢٠٢٤ بڕی 15ملیۆن بەرمیل لە کێڵگەکانی ناوچەی گرێبەستی تاوکی بەرهەم هاتووە کە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە دەگەیەنێتە 465 بەرمیل نەوت.

| کێڵگەی فیشخاپور | بەرهەمی ڕۆژانە | کێڵگەی فیشخاپور | بەرهەمی ڕۆژانە |
|---|---|---|---|
| **چارەکی ١ – ٢٠١٧** | 4,700 | چارەکی٣- ٢٠٢١ | 59,922 |
| **چارەکی ٤ – ٢٠١٧** | 15,000 | چارەکی٤- ٢٠٢١ | 62,869 |
| **چارەکی ( ٣-٤) ٢٠١٨** | 50,000 | چارەکی ١ - ٢٠٢٢ | 64,493 |
| **چارەکی ١- ٢٠١٩** | 53,830 | چارەکی ٢ | 62,348 |
| **چارەکی ٢** | 54,950 | چارەکی٣ | 62,003 |
| **چارەکی٣** | 51,944 | چارەکی٤ | 59,360 |
| **چارەکی٤** | 58,914 | چارەکی ١- ٢٠٢٣ | 49,478 |
| **چارەکی ١- ٢٠٢٠** | 53,714 | چارەکی ٢ | - |
| **چارەکی ٢** | 43,872 | چارەکی٣ | - |
| **چارەکی٣** | 56,859 | چارەکی٤ | 29,637 |
| **چارەکی٤** | 56,317 | چارەکی ١- ٢٠٢٤ | 47,937 |
| **چارەکی ١- ٢٠٢١** | 61,350 | چارەکی ٢ | 49,099 |
| **چارەکی ٢** | 62,983 | چارەکی٣ | 54,520 |



کێڵگەی نەوتی پوشخاپور 28.41%ی کۆی ئەو یەدەگەی کە دەتوانرێت دەربهێنرێت بەکاریهێناوە ، لە چارەکی یەکەمی ٢٠٢٢ دا بەرهەمی کێڵگەکە گەشتووەتە لوتکەی بەرهەمهێنان کە بەرهەمی رۆژانە 64,493 بەرمیل بووە. پاشان بە شێوەیەکی ئاسایی ئاستی بەرهەم دابەزیوە. بە پشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت تا ساڵی 2053 ئەوکات چیتر بەرهەم هێنان ئابووری نابێت.




## کۆی داهات و بەرهەمی ناوچەی گرێبەستی تاوکی
## ( کێڵگەی تاوکی و فیشخاپور) لە٢٠٢٤دا

لە ماوەی ئەمساڵەدا کۆی بەرهەمی کێڵگەکە (28,774,963)بەرمیل نەوت بووە (28ملیۆن و 774 هەزار و 963بەمیل). کۆی داهاتیش (**1,019,244,783**) دۆلار بووە ( یەک ملیار و 19ملیۆن و 244هەزار و 783 دۆلار). پشکی دی ئێن ئۆ 6,650,822 بەرمیل بووە بە داهاتی **234,508,401** دۆلار (234ملیۆن و 508هەزار و 401دۆلار) هەروەها پشکی گنێڵ ئەنێرجیش لە بەرهەم 2,216,941 بەرمیل بووە، داهاتەکەی لە ماوەی ساڵەکەدا بریتی بووە لە **78,169,467**دۆلار (78 ملیۆن و 169 هەزار و 467 دۆلار). ئەوەی لەماوەی ساڵەکەدا بۆ هەرێم ماوەتەوە لەم کێڵگەیە بریتی بووە لە 19,907,200بەرمیل نەوت، کۆی داهاتی ئەو نەوتەش دەکاتە **706,566,915** دۆلار ( 706ملیۆن و866 هەزار و 915 دۆلار). بەرێژەی ٪69.5.

بەرهەم و داهاتی ٢٠٢٤

| ناوچەی گرێبەستی تاوکی | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی دی ئێن ئۆ | پشکی گنێڵ ئەنێرجی | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| کۆی فرۆشی ٢٠٢٤ | 28,774,963 | 6,650,822 | 2,216,941 | 19,907,200 |
| کۆی داهات /$ | **1,019,244,783** | **234,508,401** | **78,169,467** | **706,566,915** |
| ڕێژەی سەدی | 100% | 22.9% | 7.6% | 69.5% |

## چارەکی یەکەم :

لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ دا تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی ناوچەی گرێبەستی تاوکی بریتی بووە لە 76,310 بەرمیل نەوت، کە کێڵگەی تاوکی بڕی 28,379 بەرمیل و فیشخاپور 47,931 بەرمیلی پێک دەهێنا. تێبینی دەکرێت کە بەرهەمی کێڵگەی تاوکی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە ئەویش بەهۆی لافاوی کۆتایی مانگی ئازارەوە بوو کە بۆ ماوەیەک کێڵگەکە داخرا لە بەر هۆکاری سەلامەتی.

لە دوای وەستانی هەناردەوە لە ئازاری ٢٠٢٣ دا بەرهەمی کێڵگەکە لە بازاڕی ناوخۆدا بە نرخی داشکاو دەفرۆشرێت. کۆی بەرهەمی ئەم چارەکە بریتی بووە لە 6,944,210 ( 6 ملیۆن و 944 هەزار و 210 بەرمیل). تێکڕای بەرمیلێک نەوتی کێڵگەکە بە 32,27 دۆلار فرۆشراوە، بەمەش کۆی داهاتی نەوتی کێڵگەکە لەو ماوەیەدا 224,089,657 دۆلارە ( 224 ملیۆن و 89 هەزار و 657 دۆلار).

لەم کێڵگەیەدا کۆمپانیای دی ئێن ئۆی نەرویجی پشکی 75%ی پشکەکانی هەیە و کۆمپانیای گنێڵ ئەنێرجی تورکیش 25٪ ی پشکەکان. بەپێی گرێبەستی هاوبەشیکردن لە بەرهەم کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکاندا هەیەتی ڕۆژانە پشکی دی ئێن یۆ لە بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە 20,503 بەرمیل و پشکی گنێڵ ئەنێرجی 6,834 بەرمل بووە ئەوەشی بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە بریتی بووە لە 48,973 بەرمیل کە بریتییە لە ڕێژەی 64% ی کۆی بەرهەم.

لەم چارەکەدا پشکی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ 1,865,773بەرمیل نەوت بووە، داهاتیشی 60,208,495 دۆلار (60ملیۆن و 208هەزار و 495دۆلار) بووە. گنێڵ ئەنێرجیش 621,924 بەرمیل بووە و داهاتیشی 20,069,498دۆلار (20ملیۆن و 69 هەزار و 498 دۆلار). پشکی هەرێمیش لە نەوت بریتی بووە لە

4,456,513بەرمیل نەوت کە داهاتەکەی 143,811,664 دۆلار ( 143 ملیۆن و 811هەزار و 664دۆلار) بووە.

تێچووی خەرجی بەرهەمهێنانی رۆژانەی بەرمیلێک نەوت بریتی بووە لە 4 دۆلار و کۆی خەرجی بەرهەم هێنان بریتی بووە لە 27ملیۆن و 600 دۆلار بووە کە 20 ملیۆن و 700 هەزار دۆلاری دی ئێن ئۆ و 6 ملیۆن و 900 هەزار دۆلاری گنێڵ ئەنێرجی بووە. خەرجی سەرمایە گوزاری لەم ماوەیەدا بریتی بووە لە 13ملیۆن و 600 هەزار دۆلار. لەم بڕە دی ئێن ئۆ 10ملیۆن و 200 هەزار دۆلاری داوە و گنێڵیش 3 ملیۆن و 400 هەزار دۆلار.

لە کۆتایی چارەکی یەکەمی ٢٠٢٤ دا تەنها کۆمپانیای دی ئێن ئۆ بڕی 315 ملیۆن دۆلاری لای حکومەتی هەرێم بووە زۆربەی بۆ پشکی کۆمپانیاکە لە فرۆشی نەوتی مانگەکانی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ تا ئازاری ٢٠٢٣ دەگەڕێتەوە. ئەمە جگە لە بەشێک لە شایستەی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ دا. هەروەها کۆمپانیای گنێڵ ئەنێرجیش بڕی 107 ملیۆن دۆلاری هەمان ماوەی شایستە داراییەکانی لای حکومەتی هەرێمەو وە ری نەگرتووەتەوە. کۆمپانیاکان دەڵێن کە نازانن کەی ئەم شایستانەیان وەردەگرنەوە.

**ناوچەی گرێبەستی تاوکی- چارەکی یەکەمی ٢٠٢٤**

| ناچەی گرێبەستی تاوکـی | کۆی بەرهەمی کێڵگە | پشکی دی ئێن ئۆ | پشکی گنێڵ ئەنێرجی | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **بەرهەمی رۆژانە** | 76,310 | 20,503 | 6,834 | 48,973 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 6,944,210 | 1,865,773 | 621,924 | 4,456,513 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 32.27 | 32.27 | 32.27 | 32.27 |
| **کۆی داهات /$** | **224,089,657** | **60,208,495** | **20,069,498** | **143,811,664** |
| **رێژەی سەدی** | | 27% | 9% | 64% |

## چارەکی دووەم:

لەم چارەکەدا بەرهەمی رۆژانەی ئەم ناوچەی گرێبەستە بریتی بووە لە 79,783بەرمیل نەوت، تاوکی بڕی 30,684بەرمیلی پێک دەهێنا و فیشخاپوریش بڕی 49,099 بەرملی پێک دەهێنا. لە بەرئەوەی کە بەردەوام هێڵی هەناردەکردن داخراوە بۆیە لەم چارەکەشدا بەرهەمی کێڵگەکە بە

کڕیارانی ناوخۆ فرۆشراوە بەهەمان شێوەی چارەکی یەکەم بە نرخی داشکاو و پێشەکی پارەی نەوتە کڕراوەکە خراوەتە سەر حسابی بانکی کۆمپانیاکە.

کۆی بەرهەمی ئەم چارەکە بریتی بووە لە 7,260,253 بەرمیل نەوت. تێکڕای بەرمیلێک نەوت لەم چارەکەدا بە 36.17دۆلار فرۆشراوە بەمەش کۆی داهاتی کێڵگەکە کردویەتیە 262,603,351 دۆلار (262 ملیۆن و 603 هەزار و 351 دۆلار) .

رۆژانە پشکی دی ئێن یۆ لە بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە 17,167بەرمیل و پشکی گنێڵ ئەنێرجی 5,722 بەرمل بووە ئەوەشی بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە بریتی بووە لە 56,894 بەرمیل

لەم چارەکەدا پشکی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ 1,562,197بەرمیل نەوت بووە، داهاتیشی 56,504,665 دۆلار (56ملیۆن و 504 هەزار و 665 دۆلار) بووە. گنێڵ ئەنێرجیش 520,732 بەرمیل بووە و داهاتیشی 18,834,888 (18ملیۆن و 834 هەزار و 888 دۆلار). پشکی هەرێمیش لە نەوت بریتی بووە لە 5,177,324 بەرمیل نەوت کە داهاتەکەی 187,263,797 دۆلار ( 187 ملیۆن و 263هەزار و 797 دۆلار) بووە.

تێچووی خەرجی بەرهەمهێنانی رۆژانەی بەرمیلێک نەوت بریتی بووە لە 3.8 دۆلار لە کاتێکدا لە چارەکی یەکەمدا 4 دۆلار بووە ئەمەش بۆ زیادبوونی ئاستی بەرهەم دەگەڕیتەوە. کۆی خەرجی بەرهەم هێنان بەهەمانشیوەی چارەکی یەکەم بریتی بووە لە 27ملیۆن و 600 دۆلار بووە کە 20 ملیۆن و 700 هەزار دۆلاری دی ئێن ئۆ و 6ملیۆن و 900 هەزار دۆلاری گنێڵ ئەنێرجی بووە. خەرجی سەرمایە گوزاری لەم ماوەیەدا بریتی بووە لە 23ملیۆن و 60 هەزار دۆلار بووە. لەم بڕە دی ئێن ئۆ 17ملیۆن و 300هەزار دۆلاری داوە و گنێڵیش 5 ملیۆن و 760 هەزار دۆلار.

تا 30ی حوزەیرانی 2024، کۆمپانیای دی ئێن ئۆ کۆی گشتی 301.1 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لای حکومەتی هەرێم ماوە (بەبێ سوود) ، ئەم پارەیەش بە پلەی یەکەم سەبارەت بە پشکی کۆمپانیاکە لە فرۆشتنی نەوت بە حکومەتی هەرێم بۆ مانگەکانی تشرینی یەکەمی 2022 تا مانگی ئازاری 2023، ئەمە جگە لە بەشێک لە شایستەی کۆمپانیاکە بۆ نەوتی فرۆشراو بە حکومەتی هەرێم لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢دا . ئەم قەرزانە وادەی خۆیان تێپەڕاندووە.

لەچارەکی یەکەمدا بڕی قەرزەکان 315 ملیۆن دۆلار بوو بەڵام لە ماوەی چارەکی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ کۆمپانیاکە بڕی 13.9 ملیۆن دۆلار لەو پاشەکەوتانە کۆمپانیای دی ئێن ئۆ لە ڕێگەی

قەرەبووکردنەوە بەرامبەر بە پارەی کۆمپانیاکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووەتەوە. کۆمپانیاکە دەڵێت بەردەوامە لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێم سەبارەت بە وەرگرتنی پاشەکەوت و پێشبینی دەکات وەک ڕابردوو تەواوی ئەو بڕە پارەیەی داواکراوە وەربگرێتەوە، بەڵام کاتی وەرگرتنی پاشەکەوتەکە نادیارە. تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٤، کۆمپانیاکە هەڵسەنگاندنی بۆ بەهای ئێستای خەمڵێنراو ئەنجامداوە بە بەکارهێنانی گریمانە نوێکراوەکان، لە ئەنجامدا 7.8 ملیۆن دۆلار بۆ بەهای پارە پاشەکەوتەکان زیادکراوە کە دەبێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بدرێت.

**ناوچەی گرێبەستی تاوکی- چارەکی دووەم ٢٠٢٤**

| ناچەی گرێبەستی تاوکـی | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی دی ئێن ئۆ | پشکی گنێڵ ئەنێرجی | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **بەرهەمی رۆژانە** | 79,783 | 17,176 | 5,722 | 56,894 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 7,260,253 | 1,562,197 | 520,732 | 5,177,324 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 36.17 | 36.17 | 36.17 | 36.17 |
| **کۆی داهات /$** | **262,603,351** | **56,504,665** | **18,834,888** | **187,263,797** |
| **رێژەی سەدی** | | 22% | 7% | 71% |

## چارەکی سێهەم:

لەم چارەکەدا بەرهەمی رۆژانەی ئەم ناوچەی گرێبەستە بریتی بووە لە 84,212 بەرمیل نەوت، تاوکی بڕی 29,693 بەرمیلی پێک دەهێنا و فیشخاپوریش بڕی 54,520بەرملی پێک دەهێنا. لە بەرئەوەی کە بەردەوام هێڵی هەناردەکردن داخراوە بۆیە لەم چارەکەشدا بەرهەمی کێڵگەکە بە کڕیارانی ناوخۆ فرۆشراوە بەهەمان شێوەی چارەکی یەکەم و دووەم بە نرخی داشکاو و پێشەکی پارەی نەوتە کڕاوەکە خراوەتە سەر حسابی بانکی کۆمپانیاکە.

کۆی بەرهەمی ئەم چارەکە بریتی بووە لە 7,747,504 بەرمیل نەوت. تێکڕای بەرمیلێک نەوت لەم چارەکەدا بە 36.55دۆلار فرۆشراوە بەمەش کۆی داهاتی کێڵگەکە کردویەتیە 283,171,271 دۆلار (283 ملیۆن و 171هەزار و 271 دۆلار) .

رۆژانە پشکی دی ئێن یۆ لە بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە 17,607بەرمیل و پشکی گنێڵ ئەنێرجی 5,869 بەرمل بووە ئەوەشی بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە بریتی بووە لە 60,736 بەرمیل بەڕێژەی 72%.

لەم چارەکەدا کۆی پشکی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ 1,619,844 نەوت بووە، داهاتیشی 59,205,298 دۆلار (59ملیۆن و 205 هەزار و 298 دۆلار) بووە. گنێڵ ئەنێرجیش 539,984 بەرمیل بووە و داهاتیشی 19,735,099دۆلار (19ملیۆن و 735 هەزار و 99 دۆلار). پشکی هەرێمیش لە نەوت بریتی بووە لە 5,587,712 بەرمیل نەوت کە داهاتەکەی 204,230,874 دۆلار ( 204 ملیۆن و 230هەزار و 874دۆلار) بووە.

تێچووی خەرجی بەرهەمهێنانی رۆژانەی بەرمیلێک نەوت بریتی بووە لە 2.7 دۆلار لە کاتێکدا لە چارەکی دووەمدا 3.8 دۆلار بووە ئەمش بۆ زیادبوونی ئاستی بەرهەم دەگەڕێتەوە. کۆی خەرجی بەرهەم هێنان لەم چارەکەدا کەمی کردووە بریتیبووە لە 20ملیۆن و 530 دۆلار بووە کە 15 ملیۆن و 400 هەزار دۆلاری دی ئێن ئۆ و 5 ملیۆن و 130 هەزار دۆلاری گنێڵ ئەنێرجی بووە. خەرجی سەرمایە گوزاری لەم ماوەیەدا سفر بووە..

تا 30ی ئەیلولیی 2024، کۆمپانیای دی ئێن ئۆ کۆی گشتی 299.6ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لای حکومەتی هەرێم ماوە (بەبێ سوود) ، ئەم پارەیەش بە پلەی یەکەم سەبارەت بە پشکی کۆمپانیاکە لە فرۆشتنی نەوت بە حکومەتی هەرێم بۆ مانگەکانی تشرینی یەکەمی 2022 تا مانگی ئازاری 2023، ئەمە جگە لە بەشێک لە شایستەی کۆمپانیاکە بۆ نەوتی فرۆشراو بە حکومەتی هەرێم لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢دا . ئەم قەرزانە وادەی خۆیان تێپەڕاندووە.

لەچارەکی دووەمدا بڕی قەرزەکان 301.1ملیۆن دۆلار بوو بەڵام لە ماوەی چارەکی سێهەمی ساڵی ٢٠٢٤ کۆمپانیاکە بڕی 1.5 ملیۆن دۆلار لەو پاشەکەوتانە کۆمپانیای دی ئێن ئۆ لە ڕێگەی قەرەبووکردنەوە بەرامبەر بە پارەی کۆمپانیاکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووەتەوە. کۆمپانیاکە دەڵێت بەردەوامە لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێم سەبارەت بە وەرگرتنی پاشەکەوت و پێشبینی دەکات وەک ڕابردوو تەواوی ئەو بڕە پارەیەی داواکراوە وەربگرێتەوە، بەڵام کاتی وەرگرتنی پاشەکەوتەکە نادیارە. تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٤، کۆمپانیاکە هەڵسەنگاندنی بۆ بەهای ئێستای خەمڵێنراو ئەنجامداوە بە بەکارهێنانی گریمانە نوێکراوەکان، لە ئەنجامدا 3.5 ملیۆن دۆلار بۆ بەهای پارە پاشەکەوتەکان زیادکراوە کە دەبێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بدرێت.

**ناوچەی گرێبەستی تاوکی- چارەکی سێیەم ٢٠٢٤**

| ناچەی گرێبەستی تاوکـی | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی دی ئێن ئۆ | پشکی گنێڵ ئەنێرجی | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **بەرهەمی رۆژانە** | 84,212 | 17,607 | 5,869 | 60,736 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 7,747,504 | 1,619,844 | 539,948 | 5,587,712 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 36.55 | 36.55 | 36.55 | 36.55 |
| **کۆی داهات /$** | **283,171,271** | **59,205,298** | **19,735,099** | **204,230,874** |
| **رێژەی سەدی** | | 21% | 7% | 72% |

## چارەکی چوارەم:

بەرهەمی رۆژانەی ئەم ناوچەی گرێبەستە لەم چارەکەدا بە نزیکەیی بریتی بووە لە 78,719 بەرمیل نەوت. . بەرهەم لەم چارەکەدا بەرێژەی 6.5٪ کەمی کردووە بەشیکی بەهۆی پشوەکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان و سەرژمێری عێراق بوو لە مانگی تشرینی یەکەم و دووەم. لە بەرئەوەی کە بەردەوام هێڵی هەناردەکردن داخراوە بۆیە لەم چارەکەشدا بەرهەمی کێڵگەکە بە کڕیارانی ناوخۆ فرۆشراوە بەهەمان شێوەی چارەکی یەکەم و دووەم و سێهەم بە نرخی داشکاو و پێشەکی پارەی نەوتە کڕراوەکە خراوەتە سەر حسابی بانکی کۆمپانیاکە.

بەرهەمی ئەم چارەکە بریتی بووە لە 7,242,148 بەرمیل نەوت. تێکڕای بەرمیلێک نەوت لەم چارەکەدا بە 36.55دۆلار فرۆشراوە بەمەش کۆی داهاتی کێڵگەکە کردویەتیە 264,700,509 دۆلار (264 ملیۆن و 700هەزار و 509 دۆلار) .

رۆژانە پشکی دی ئێن یۆ لە بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە 18,101بەرمیل و پشکی گنێڵ ئەنێرجی 6,034 بەرمل بووە ئەوەشی بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە بریتی بووە لە 54,584 بەرمیل بەڕێژەی 69%.

لەم چارەکەدا کۆی پشکی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ 1,665,318بەرمیل نەوت بووە، داهاتیشی 60,867,390 دۆلار (60ملیۆن و 867هەزار و 390 دۆلار) بووە. گنێڵ ئەنێرجیش 555,106 بەرمیل بووە و داهاتیشی 20,289,130دۆلار (20ملیۆن و 289 هەزار و 130 دۆلار). پشکی هەرێمیش لە

نەوت بریتی بووە لە 5,021,723 بەرمیل نەوت کە داهاتەکەی **183,543,989**دۆلار ( 183 ملیۆن و 543 هەزار و 989 دۆلار) بووە.

**ناوچەی گرێبەستی تاوکی- چارەکی چوارەم ٢٠٢٤**

| برگە | کۆی بەرهەمی کێڵگە | پشکی دی ئێن یۆ | پشکی گنێڵ ئەنێرجی | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **بەرهەمی رۆژانە** | 78,719 | 18,101 | 6,034 | 54,584 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 7,242,148 | 1,665,318 | 555,106 | 5,021,723 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 36.55 | 36.55 | 36.55 | 36.55 |
| **کۆی داهات /$** | **264,700,509** | **60,867,390** | **20,289,130** | **183,543,989** |
| **رێژەی سەدی** | 100% | 23% | 8% | 69% |

## گلدانەوەی گاز

پرۆژەی گازی فیشخاپور- تاوکی  کە بە بری 110 ملیۆن دۆلار لە ناوەراستی ساڵی 2020 دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. تاکە پرۆژە یە لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق بۆ جیاکردنەوە و چارەسەرکردن و کۆکردنەوەی گازی هاوتای نەوت لە کێڵگەی فیشخاپور، پاشان گواستنەوەی لەڕیگەی هێڵێکی بۆری 80 کیلۆمەتری بۆ کێڵگەی تاوکی و داخڵ کردن و کۆکردنەوەی  لە حەشارگەکەدا (Inject). کۆمپانیای DNO لە ساڵی 2023 قۆناغی دووەمی گرتن و داخڵ کردنی  گازی لە کێڵگەی تاوکی دەستپێکرد و تێچووی پرۆژەکە بۆ 135 ملیۆن دۆلار بەرزکردەوە. ئەم پرۆژەیە لەدوای دەستپێکردنی قۆناغی یەکەمەوە لە ساڵی 2020 ەوە  کۆی گشتی 22 ملیار پێ سێجا گازی گلداوەتەوە لە فیشخاپور و بە هێڵێک گواستویەتییەوە بۆ کێڵگەی تاوکی و داخڵی حەشارگەکەی کردووەتەوە کە بەرانبەرە بە 1.4ملیۆن تۆن گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن  $CO_2$ تا کۆتایی ساڵی 2023  کە پێشتر ئەو گازە لە کێڵگەکە دەسوتێنرا.



## ٢- سەرسەنگ ( شاماران و ئێچ کەی ئێن )

بلۆکی سەرسەنگ دەکەوێتە  پارێزگای دهۆکەوە، ڕووبەرەکەی ٤٢٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. دەکەوێتە بەشی باکوری بلۆکی ئەتروش و شێجانەوە. پێک دێت لە دوو کێڵگەی بەرهەم هێنانی جیاواز سوارەتکە و سوارەتکەی ڕۆژهەڵات، هەر کێڵگەیەک سێ حەشارگەی نەوتی سەربەخۆی تراپاسیک لەخۆدەگرێت.

کێڵگەی سوارا تیکا لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١١ دۆزرایەوە، سوارا تیکای ڕۆژهەڵات لە مانگی نیسانی ٢٠١٥ دا دۆزرایەوە. بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای جیهانی شیکاریی داتاکان Wood Mackenzie ئەگەر سەرچاوەکانی ڕۆژهەڵاتی سوارە تیکا بە تەواوی بازرگانی بکرێن، ناوچەی گەشەپێدانی سەرسەنگ دەتوانێت ببێتە دووەم گەورەترین ناوچەی کوردستان.

لە سوارەتکە کاری فراوانکردنی تێدا دەکرێت و یەکەیەکی چارەسەری نوێی لەساڵی ٢٠٢٣دا  تێدا دانرا توانای ٣٥ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەیە و چاوەڕێ دەکرا لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣دا کۆی بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکە بگاتە ٥٠ هەزار بەرمیل نەوت. بلۆکی سەرسەنگ لەڕێی بۆرییەوە بەستراوەتەوە بە فیدەری هێڵی گواستنەوەی ئەتروشەوە، لەوێشەوەبەستراوەتەوە بەهێڵی هەناردەکردنی نەوتی کوردستانەوە.


لە کێڵگەی سەرسەنگ هەریەک لە کۆمپانیاکانی ئێچ کەی ئێنی  HKN ئەمەریکی  خاوەنی 62٪ی پشکەکانە و کۆمپانیای شامارانی کەنەدی 18٪ ی پشکەکان (کۆمپانیای شامارانی کەنەدی لە کانوونی دووەمی 2021ەوە پشکاکانی  تۆتاڵی فەرەنسی کریوەتەوە، بەمەش شاماران لە هەردوو کێڵگەی ئەتروش و سەرسەنگ خاوەن پشکە).

ئەم کێڵگەیە بەهەردوو ناوچەکە(سوارە تکەو سوارە تکەی رۆژهەڵات) کە بەیەکەوە ١٥  بیر لە کێڵگەکەدا لێدراوە ١١ بیریان  بیری بەرهەم هێنی نەوتن . لە گەڵ ٤ یەکەی چارەسەر. جۆری نەوتی ئەم کێڵگەیە لەجۆری سوکە کە ئەی پی ئای  API 37-39 وە گرانترین نەوتە لە هەرێم لە گەڵ کێڵگەی سەرقەڵا لە گەرمیان.

کۆمپانیای شاماران دەڵێت بەهۆی بەردەوامی کارەکانی هەڵکەندن  و تەواوکردنی، هەروەها باشترکردنی کاتی کارکردنی دامەزراوەکان، پێشبینی دەکرێت سەرسەنگ لە چارەکی چوارەمی ساڵی ٢٠٢٤دا بەرهەمی زیاتری هەبێت. بەرهەمی ئەم کێڵگەیە ئێستا بە بۆری دەگوازرێتەوە بۆ پاڵاوگەی لاناز لە هەولێر.

- کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ 18.42%ی کۆی ئەو یەدەگەی کە دەتوانرێت دەربهێنرێت بەکارهێناوە ، چاوەڕواندەکرێت لە ساڵی 2027دا بەرهەمی کێڵگەکە بگاتە لوتکەی بەرهەمهێنان . بە پشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت تا ئەو کێڵگەیە دەگاتە سنووری ئابووری لە ساڵی 2056 چیتر بەرهەمی بازرگانی نابێت.

تەمەنی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەی سەرسەنگ




## بەرهەم و داهاتی ساڵی ٢٠٢٤

لەماوەی ئەمساڵەدا بڕی نەوتی بەرهەمهاتوو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە (12,163,600)بەرمیل، کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراوی کێڵگەکەش بریتی بووە لە (486,691,556) دۆلار بووە، لەم بڕەش 4,731,695 بەرمیلی پشکی ئێچ کەی ئێن HKN بووە بەداهاتی ( 189,325,487) وە پشکی کۆمپانیای شامارانیش بڕی 1,373,718بەرمیل بووە بە داهاتی (54,965,459)دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (6,058,187) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (242,400,611) دۆلار. بەڕێژەی 49.8%.

لەسەرەتای پەرەپێدانی کێڵگەکەوە لە ساڵی ٢٠١٣ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ کۆی نەوتی بەرهام هاتوو لە کێڵگەی سەرسەنگ نزیکەی 78.3 ملیۆن بەرمیل بووە.

بەرهەم و داهاتی کێڵگەکە لە ساڵی ٢٠٢٤ دا

| کێڵگەی سەرسەنگ | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی HKN ئێچ کەی ئێن | پشکی شاماران | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| کۆی فرۆشی ٢٠٢٤ | 12,163,600 | 4,731,695 | 1,373,718 | 6,058,187 |
| **کۆی داهات /$** | **486,691,556** | **189,325,487** | **54,965,459** | **242,400,611** |
| **ڕێژەی سەدی** | 100% | 38.90% | 11.29% | 4881% |

## چارەکی یەکەم:

لەم چارەکەدا کێڵگەکە رۆژانە بەتێکرا 36,763بەرمیل نەوت بووە. کۆی بەرهەم ئەم چارەکە بریتی بووە لە 3,345,000 بەرمیل، هەربەرمیلێک نەوتی ئەم کێڵگەیە بە 40.51 دۆلار فرۆشەراوە. کۆی داهات دەکاتە 135,505,950 دۆلار .

پشکی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێنی ئەمەریکی لەکۆی بەرهەم بریتی بووە لە 1,302,000بەرمیل و داهاتەکەشی 52.744.020 دۆلار بووە. هەروەها پشکی کۆمپانیای شامارانی کەنەدیش بریتی بووە لە 378,000بەرمیل نەوت و داهاتی ئەو نەوتەش 15,312,780دۆلار بووە. ئەوەشی بۆ هەرێم ماوەتەوە بریتی بووە لە 1,665,000 بەرمیل و داهاتیشی لەم چارەکەدا 67,449,150 دۆلار بووە.

چارەکی یەکەم-٢٠٢٤

| کێڵگەی سەرسەنگ | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی HKN ئێچ کەی ئێن | پشکی شاماران | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **بەرهەمی رۆژانە** | 36,763 | 14,310 | 4,154 | 18,299 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 3,345,000 | 1,302,000 | 378,000 | 1,665,000 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 40.51 | 40.51 | 40.51 | 40.51 |
| **کۆی داهات /$** | **135,505,950** | **52.744.020** | **15,312,780** | **67,449,150** |
| **رێژەی سەدی** | 100% | 38.92% | 11.3% | 49.78% |

## چارەکی دووەم:

لەم چارەکەدا کێڵگەکە بەرهەمی رۆژانەی بریتی بووە لە 29,700 بەرمیل، کۆی بەرهەمی ئەو چارەکە بریتی بووە لە 2,622,000بەرمیل نەوت. نرخی فرۆشی هەربەرمیلێک لە نەوتی کێڵگەکە 40.80 دۆلار بووە بەو پێیە کۆی داهاتی چارەکی دووەم بریتی بووە لە 106,977,600 دۆلار. لەکۆی ئەو بەرهەمە پشکی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن HKN بڕی 1,019,556 بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 41,597,885 دۆلار. هەروەها کۆمپانیای ساماران پشکی 296,000 بەرمیل نەوت بووە کە دەکاتە داهاتی 12,076,800دۆلار. ئەوەی لەم چارەکەدا بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە لە بەرهەمی کێڵگەکە 1,306,444بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی **53,302,915** دۆلارە کە رێژەی %49.83

چارەکی دووەم-٢٠٢٤

| کێڵگەی سەرسەنگ | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی HKN ئێچ کەی ئێن | پشکی شاماران | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| بەرهەمی ڕۆژانە | 29,700 | 11,549 | 3,353 | 14,798 |
| فرۆشی سێ مانگ | 2,622,00 | 1,019,556 | 296,000 | 1,306,444 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | 40.80 | 40.80 | 40.80 | 40.80 |
| **کۆی داهات /$** | **106,977,600** | **41,597,885** | **12,076,800** | **53,302,915** |
| ڕێژەی سەدی | 100% | 38.88% | 11.29% | 49.83% |

## چارەکی سێهەم :

لەم چارەکەدا ئاستی بەرهەم و فرۆشی نەوت جارێکی تر بەرزبووەتەوە بەراورد بەچارەکی دووەم، تێکڕای بەرهەمی رۆژانە لەم چارەکەدا 32,500 بەرمیل نەوت بووە، کۆی بەرهەمی ئەم سێ مانگە 2,949,000بەرمیل بووە. تێکڕای نرخی بەرمیلیک نەوت 39.41 بووە. بەمەش کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی کێڵگەکە دەکاتە 116,220,090 دۆلار.

لەکۆی ئەو بەرهەمە پشکی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن HKN لە سێ مانگدا 1,147,000بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 45,203,270 دۆلار. هەروەها کۆمپانیای ساماران پشکی 333,0000 بەرمیل نەوت بووە کە دەکاتە داهاتی 13,123,530دۆلار. ئەوەی لەم چارەکەدا بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە لە بەرهەمی کێڵگەکە 1,469,000بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 57,893,290 دۆلارە کە ڕێژەی %49.81

چارەکی سێهەمی-٢٠٢٤

| کێڵگەی سەرسەنگ | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی HKN ئێچ کەی ئێن | پشکی شاماران | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| بەرهەمی ڕۆژانە | 32,500 | 12,641 | 3,670 | 16,189 |
| فرۆشی سێ مانگ | 2,949,000 | 1,147,000 | 333,000 | 1,469,000 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | 39.41 | 39.41 | 39.41 | 39.41 |
| **کۆی داهات /$** | **116,220,090** | **45,203,270** | **13,123,530** | **57,893,290** |
| ڕێژەی سەدی | 100% | 38.89% | 11.29% | 49.81% |

## چارەکی چوارەم:


ئاستی بەرهەمی رۆژانەی لەئەم چارەکەدا زیادی کردووە هەرچەند بەهۆی پشووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرژمێری عێراقەوە چەند رۆژێک گواستنەوەی بەرهەم وەستاوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاری هەڵکەندن و تەواوکردنی بەردەوامە، لەگەڵ باشترکردنی کاتی کارکردنی دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان. تێکرای بەرهەمی رۆژانە لەم چارەکەدا 35,300 بەرمیل نەوت بووە، کۆی بەرهەمی ئەم سێ مانگە 3,274,600 بەرمیل بووە. تێکرای نرخی بەرمیلیک نەوت 39.41 بووە. بەمەش کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی کێڵگەکە دەکاتە 127,987,916دۆلار.

لەکۆی ئەو بەرهەمە پشکی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن HKN لە سێ مانگدا 1,263,139بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 49,780,312 دۆلار. هەروەها کۆمپانیای ساماران پشکی 366,718بەرمیل نەوت بووە کە دەکاتە داهاتی 14,452,349دۆلار. ئەوەی لەم چارەکەدا بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە لە بەرهەمی کێڵگەکە 1,617,743بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 63,755,256دۆلارە کە رێژەی %49.81.

چارەکی چوارەم-٢٠٢٤

| کێڵگەی سەرسەنگ | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی HKN ئێچ کەی ئێن | پشکی شاماران | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە | 35,300 | 13,730 | 3,986 | 17,584 |
| فرۆشی سێ مانگ | 3,274,600 | 1,263,139 | 366,718 | 1,617,743 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | 39.41 | 39.41 | 39.41 | 39.41 |
| کۆی داهات /$ | **127,987,916** | **49,780,312** | **14,452,349** | **63,755,256** |
| رێژەی سەدی | 100% | 38.89% | 11.29% | 49.81% |



## ٣- کێڵگەی ئەتروش:

کێڵگەی ئەترووش کە وتووەتە ٨٥ کم باکوری ڕۆژئاوای شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە. رووبەری کێڵگەکە بریتیە لە ٢٦٩ کم چوارگۆشە .

جۆری نەوتی ئەتروش API نەوتی ( ٣٥° بۆ ٣٦°)دایە واتە کوالێتی نەوتەکەی لە قورس بۆ مام ناوەندە نەک کوالیتی بەرز.

- گرێبەستی بلۆکی ئەتروش لە ساڵی ٢٠٠٧ دا کراوە. کۆمپانیای شاماران لە ساڵی 2010 ەوە لە کێڵگەی ئەتروش وەبەرهێنان دەکات

• کێڵگەی ئەتروش لە ساڵی ٢٠١١ دا نەوتی تێدا دۆزرایەوە


• حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی پەرەپێدانی کێڵگەکە (FDP) لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٣دا بەسەند کرد. بە فەرمی لە تەمموزی ٢٠١٧ دا بەرهەمهێنان دەستی پێکرد و هەر هەمان ساڵ قۆناغی یەکەمی یەکەکانی بەرهەم هێنان و هێڵی گواستنەوە تەواو بوو.

کۆی ئەو نەوتەی لە ساڵی 2013ەوە لە کێڵگەکەدا بەرهەم هاتووە تا ٢٠٢٣/١٢/٣١ بریتیبووە لە 70.4ملیۆن بەرمیل. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ کۆی نەوتی بەرهەمهاتوو لە کێڵگەی ئەتروش نزیکەی 79.5 ملیۆن بەرمیل بووە.

- لە کێڵگەکەدا کۆی ٢٠ بیر لێدراوە بە هەموو جۆرەکانییەوە بەڵام ١١ دانەیان بیری بەرهەمهێنانی نەوتی تێدایە و دوو یەکەی چارەسەریش لەکێڵگەکەدا هەیە.

یەدەگی سەلمێنراوی ئەم ناوچەی گرێبەستە (MMbbls) 1P= 62.5 ملیۆن بەرمیلە وە یەدەگی سەلمێنراو + ئەگەری بریتییە لە 2P= 102.2 MMbbls2 ملیۆن بەرمیلە تا کۆتایی ساڵی 2021 بەپێی کۆمپانیای راوێژکاری پەترۆلی McDaniel.

لەکێڵگەی نەوتی ئەتروش 23.63%ی کۆی ئەو یەدەگەی کە دەتوانرێت دەربهێنرێت بەکارهاتووە، کێڵگەکە لە ساڵی 2020 دا گەشتووەتە لوتکەی بەرهەمهێنانی کە 47,000 بەرملی رۆژانە بووە.. بە پشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت تاوەکو کێڵگەکە دەگاتە سنووری ئابوورلە ساڵی 2080 پاشان بەرهەم هێنان چیتر سوودی ئابوری نابێت.




## بەرهەم و داهاتی ساڵی ٢٠٢٤

لەماوەی ساڵی ٢٠٢٤ دا کۆی بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە 9,169,040بەمیل نەوت و داهاتی نەوتی فرۆشراویش لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 301,191,253دۆلار. لەم بڕەش 1,557,372بەرمیلی پشکی کۆمپانیای شاماران بووە بەداهاتی ( 51,237,522) وە پشکی ئێچ کەی ئێن HKN و تاقەی ئیماراتی (تائەوکاتەی لە کێڵگەکە دەرچووە) بڕی 1,440,947بەرمیل بووە بە داهاتی (47,185,055) دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم **(**6,170,721**)** بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (202,768,677) دۆلار. بەڕێژەی 67%.

بەرهەم و داهاتی کێڵگەکە لە ساڵی ٢٠٢٤ دا

| کێڵگەی ئەتروش | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی شاماران | پشکی HKN ئێچ کەی ئێن و تاقە | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| کۆی فرۆشی ٢٠٢٤ | 9,169,040 | 1,557,372 | 1,440,947 | 6,170,721 |
| **کۆی داهات /$** | **301,191,253** | **51,237,522** | **47,185,055** | **202,768,677** |
| **ڕێژەی سەدی** | 100% | 17% | 15.7% | 67.3% |

## چارەکی یەکەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکە بریتی بووە لە 20,000 بەرمیل، وە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 1,817,000 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتی ئەم کێڵگەیە 30.32 دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 55,091,440دۆلار. لەم بڕەش 413,891 بەرمیلی پشکی کۆمپانیای تاقەی ئیماراتی بووە.

بەداهاتی ( 12,549,184) دۆلار. وە پشکی کۆمپانی شامارانیش بڕی 241,000بەرمیل بووە بە داهاتی (7,307,120)دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم **(**1,162,109**)** بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (35,235,136) دۆلار. بەڕێژەی 64%.

چارەکی یەکەم-٢٠٢٤

| کێڵگەی ئەتروش | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی تاقە | پشکی شاماران | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **بەرهەمی رۆژانە** | 20,000 | 4,556 | 2,653 | 12,792 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 1,817,000 | 413,891 | 241,000 | 1,162,109 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 30.32 | 30.32 | 30.32 | 30.32 |
| **کۆی داهات /$** | **55,091,440** | **12,549,184** | **7,307,120** | **35,235,136** |
| **رێژەی سەدی** | 100% | 23% | 13% | 64% |

## چارەکی دووەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکرای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکە بریتی بووە لە 25,100 بەرمیل، وە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 2,279,000 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتی ئەم کێڵگەیە 34.35 دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 78,283,650 دۆلار. لەم بڕەش 520,370 بەرمیلی پشکی کۆمپانیای تاقەی ئیماراتی بووە. بەداهاتی ( 17,874,695) دۆلار. وە پشکی کۆمپانی شامارانیش بڕی 303,000 بەرمیل بووە بە داهاتی (10,408,050)دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (1,455,630) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (50,000,905) دۆلار. بەڕێژەی 64%.

چارەکی دووەم-٢٠٢٤

| کێڵگەی ئەتروش | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی تاقە | پشکی شاماران | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **بەرهەمی رۆژانە** | 25,100 | 5,717 | 3,329 | 16,053 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 2,279,000 | 520,370 | 303,000 | 1,455,630 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 34.35 | 34.35 | 34.35 | 34.35 |
| **کۆی داهات /$** | **78,283,650** | **17,874,695** | **10,408,050** | **50,000,905** |
| **رێژەی سەدی** | 100% | 23% | 13% | 64% |

## چارەکی سێیەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا بەرهەم بەرێژەک زیادی کردووە، تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکە بریتی بووە لە 26,772 بەرمیل، وە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 2,463,000 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتی ئەم کێڵگەیە 33.08دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 81,476,040 دۆلار. لەم پرەش 246,000 بەرمیلی پشکی کۆمپانیای ئێج کەی ئێن HKN بووە. بەداهاتی ( 8,137,680) دۆلار. وە پشکی کۆمپانی شامارانیش پری 492,000 بەرمیل بووە بە داهاتی (16,275,360)دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (1,725,000) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (57,063,000) دۆلار. بەڕێژەی 70%.

چارەکی سێیەم-٢٠٢٤

| کێڵگەی ئەتروش | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی HKN ئێج کەی ئێن | پشکی شاماران | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **بەرهەمی ڕۆژانە** | 26,772 | 2,674 | 5,348 | 18,750 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 2,463,000 | 246,000 | 492,000 | 1,725,000 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 33.08 | 33.08 | 33.08 | 33.08 |
| **کۆی داهات /$** | **81,476,040** | **8,137,680** | **16,275,360** | **57,063,000** |
| **ڕێژەی سەدی** | 100% | 10% | 20% | 70% |

## چارەکی چوارەم:


لەماوەی ئەم چارەکەدا بەرهەمی کێڵگەکە زیادی کردووە بۆ سەروو 30 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بەڵام بەهۆی پشوووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم و سەرژمێری عێراقەوە چەند ڕۆژیک نەوت نەگواستراوەتەوە بۆ کڕیارەکان بۆیە بەتێکڕای چارەکەکە بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکە بریتی بووە لە 28,370 بەرمیل، وە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 2,610,040 بەرمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا بەگریمانەیی بەهەمان نرخی چارەکی سێ داناوە 33.08 دۆلار کە دەکرێت زیاتریش بێت، لە بەر ئەوەی هێشتا ڕاپۆرتی فەرمی کێڵگەکە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بڵاو نەکراوەتەوە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 86,340,123 دۆلار. لەم پرەش 260,686 بەرمیلی پشکی کۆمپانیای ئێج کەی ئێن HKN بووە.

بەداهاتی ( 8,623,496) دۆلار. وە پشکی کۆمپانی شامارانیش بری 521,372 بەرمیل بووە بە داهاتی (17,246,992)دۆلارە. ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (1,827,982) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (60,469,636) دۆلار. بەڕێژەی 70%.

چارەکی چوار-٢٠٢٤

| کێڵگەی ئەتروش | کۆی بەرهەمی کێڵگە | پشکی HKN ئێچ کەی ئێن | پشکی شاماران | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە | 28,370 | 2,834 | 5,667 | 19,869 |
| فرۆشی سێ مانگ | 2,610,040 | 260,686 | 521,372 | 1,827,982 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | 33.08 | 33.08 | 33.08 | 33.08 |
| کۆی داهات /$ | **86,340,123** | **8,623,496** | **17,246,992** | **60,469,636** |
| رێژەی سەدی | 100% | 10% | 20% | 70% |

کێڵگەی ئەتروش لە 7ی تشرینی دووەمی 2023 دەستی بە بەرهەمهێنانی کردەوە، بە فرۆشتنی بە پاڵاوگەیەکی ناوخۆیی لە ڕێگەی ژێرخانی بۆرییەکانی ئێستاوە نەوتەکەی دەگوازێتەوە.



## ٤-کێڵگەی شێخان:

کێڵگەی شێخان دەکەوێتە پارێزگای دهۆکەوە، ٦٠ کیلۆمەتر لە باکوری رۆژئاوای هەولێر. کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن کە کۆمپانیایەکی بەریتانییە پشکی ٨٠% کێڵگەکەی هەیە و کۆمپانیای MOL هەنگاری ٢٠% پشکەکانی هەیە. یەکەمجار لەمانگی ئابی ٢٠٠٩دا نەوت لەم کێڵگەیەدا دۆزرایەوە ، لەساڵێ ٢٠١٣ وە بەرهەم هێنان دەستی پێکردووە. تا ٢٠٢٣/١٢/٣١زیاتر لە 128ملیۆن بەرمیل نەوت لەم کێڵگەیە بەرهەم هاتووە وە لە ٢٠٢٤/١٢/٣١ دا کۆی نەوتی بەرهەم هاتووی کێڵگەکە بریتی بووە لە 143 ملیۆن بەرمیل بووە.

جۆری نەوتی ئەم کێڵگەیە نەوتی قورسە APIی نەوتەکەی (27) پلەیەو رێژەیەکی کەم کبریت (کۆگرد)و بڕێکی زۆر غازی تێدایە، ئەم کوالیتییە نزمە وایکردووە نرخی نەوتی ئەم کێڵگەیە تا مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٢ بە کەمترلە ٢٣ دۆلار لەژێر نرخی برێنتەوە بفرۆشرێت. پاشتر بە میکانیزمی نوێی حکومەتی هەرێم بە ٣٤ تا ٣٦ دۆلار داشکاندن بۆ هەربەرمیلێک نەوتی ئەم کێڵگەیەک کراوە و فرۆشراوە تا مانگی شوباتی ٢٠٢٣ پاشان لە مانگی شوباتدا داشکاندنەکە ٢٩ دۆلار لە ژێر نرخی برێنتەوە بووە .

کێڵگەکە (18) بیری تێدایە، یەکەم بیر لە ساڵی ٢٠٢١٠ دا لێدراوە و کۆتا بیریش ٢ بیر بووە لەساڵی ٢٠٢٣ دا تەواو بووە کەوتووەتە بەرهەم . بیرەکان بەستراوەتەوە بە 2 یەکەی چارەسەرەوە PF-1-2 کە توانای چارەسەرکردن و ئەمبارکردنی نزیکەی ٦٠ هەزار بەرمیل یان هەیە، ئەو دوو یەکەیەش بەستراونەتەوە بە هێڵی هەناردەکردنی بۆری و یستگەی بارهەڵگرەانەوە.

لە دوای وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم لە ڕیی بۆرییەو نەوتی ئەم کێڵگەیەش هاوشێوەی کێڵگەکانی تری هەرێم کۆمپانیاکان پشکی خۆیان لەبەرهەم دەفرۆشن بە بازرگانە ناوخۆییەکان.


وە تێکڕای نرخی نەوتی ئەم کێڵگەیە لە نێوان ٢٧ بۆ ٢٨ دۆلاردا فرۆشراوە.

یەدەگی نەوتی کێڵگەکەبەم شێوەیە لە کۆتای ساڵی ٢٠٢٣دا:

- یەدەگی سەلمێنراو 1P reserves: 224 MMstb
- یەدەگی ئەگەری 2P (Probable): 2P reserves: 489 MMstb


بەپێی خەملاندنی کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن، بەشی نزیکەی 28 ساڵ دەکات، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی وەستانی هەناردەی نەوت لە 2023و راوەستانی کارەکانی پەرەپێدانی کێڵگەکە.

نەخشەی بیرە نەوتییەکانی کێڵگەی شێخان و یەکەکانی چارەسەر:




## بەرهەم لە شێخان:

کێڵگەی نەوتی قورس لە شەیکان 22.68%ی کۆی ئەو یەدەگەی کە دەتوانرێت دەربهێنرێت بەکارهاتووە ، پێشبینی دەکرێت کێڵگەکە لە ساڵی 2029 دا بگاتە لوتکەی بەرهەمهێنان. بە پشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت تاوەکو کێڵگەکە دەگاتە سنووری ئابووری لە ساڵی 2047 پاشان بەرهەم هێنان چیتر سوودی ئابوری نابێت.




## خەرجی کێڵگەی شێخان لە ساڵی ٢٠٢٤ دا:

داهاتی کێڵگەکە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، ئەمەش بۆ زیادبوونی ئاستی بەرهەم و فرۆشی کێڵگەکە دەگەڕێتەوە بەراورد بەساڵی ٢٠٢٣.

- کۆی خەرخی کێڵگەکە (سەرمایە گوزاری، بەرهەم هێنان و بەڕیوەبردنG&A) زیادی کردووە بۆ 101.55 ملیۆن دۆلار بووە بەم شێوەیە:

- ○ خەرجی سەرمایە گوزاری بریتی بووەلە 22.5ملیۆن دۆلار بووە کە ١٨ ملیۆنی لە پشکی گۆڵف کیستۆن دراوە بەراورد بەساڵی ٢٠٢٣ بەئەندازەیەکی زۆر کەمی کردووە. ئەم کەمکردنەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ نوێکردنەوەی؛ پێویست لە یەکەی پەرەپێدانی یەک PF1، تێچووی چاککردن و باشترکردنی بەرهەم هێنان.
- ○ خەرجیی بەرهەمهێنان 65 ملیۆن دۆلار بووە کە تێچووی بەرهەم هێنانی بەرمیلێک نەوت نزیکەی 4.4 دۆلاری تێچووە. پشکی گۆڵف کیستۆن لەم خەرجییە ٥٢ ملیۆن دۆلار بووە.
- ○ خەرجی بەڕێوەبردنی گشتی 13.75ملیۆن دۆلار بووە کە پشکی گۆڵف کیستۆن لەم خەرجیانە دەکاتە ١١ ملیۆن دۆلار.

- مانگانە تێکڕای خەرجی سەرمایە گوزاری و بەرهەمهێنان لە کێڵگەکەدا بریتی بووە لە 8.46 ملیۆن دۆلار. پشکی خەرجی ماگانەی کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن لە کێڵگەکەدا بریتی بووە لە کەمتر بووە لە 6.77 ملیۆن دۆلار.

## بەرهەم و داهاتی ساڵی ٢٠٢٤

لەماوەی ساڵی ٢٠٢٤ دا تێکڕای بەرهەمی کێلگەکە بریتی بووە لە 40,688 بەرمیل بەمەش کۆی بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە 14,891,780بەرمیل نەوت و بەتێکڕا نرخی بەرمیلێک نزیکەی 27.134دۆلار بووە، داهاتی نەوتی فرۆشراویش لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 404,073,918دۆلار. لەم برەش 5,358,260 بەرمیلی پشکی کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن بووە بەداهاتی (145,391,524) دۆلار بووە، پشکی کۆمپانیای ئێم ئۆ ئێڵ MOL بری 1,071,652بەرمیل بووە بە داهاتی (29,078,305) دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (8,461,868) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ ئکومەت بریتی دەبێت لە (229,604,088) دۆلار. بەڕێژەی 57%.

کۆی ساڵی ٢٠٢٤

| کێڵگەی شێخان | کۆی بەرهەمی کێڵگە | پشکی گۆڵف کیستۆن | پشکی MOL ئێم ئۆ ئێڵ | ماوە بۆ هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە | 40,688 | 14,640 | 2,928 | 23,120 |
| فرۆش ٢٠٢٤ | 14,891,780 | 5,358,260 | 1,071,652 | 8,461,868 |
| کۆی داهات/دۆلار | **404,073,918** | **145,391,524** | **29,078,305** | **229,604,088** |
| **ڕێژەی سەدی** | 100% | 36% | 7.20% | 56.8% |

بەوپێیەی کۆمپانیا گۆڵف کیستۆن لەمساڵەدا داهاتی فرۆشی نەوتی 145.39ملیۆن دۆلار بووە وە کۆی داهاتی کۆمپانیاکەش لەساڵەکەدا 151ملیۆن دۆلار بووە کەواتە پری 5,61ملیۆن دۆلاری وەکو شایستەی ساڵانی پێشوی وەرگرتووەتەوە.

## چارەکی یەکەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا بەتێکرا بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکە بریتی بووە لە 34,871 بەرمیل، وە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 3,173,261 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 27.00 دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 85,678,047 دۆلار. لەم پرەش 1,139,593 بەرمیلی پشکی کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن بووە. بەداهاتی ( 30,769,011) دۆلار. وە پشکی کۆمپانی ئێم ئۆ ئێڵ MOL پری 227,919 بەرمیل بووە بە داهاتی (6,153,802)دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (1,805,749) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (48,755,234) دۆلار. بەڕێژەی 58%.

چارەکی یەکەم

| کێڵگەی شێخان | کۆی بەرهەمی کێڵگە | پشکی گۆڵف یستۆن | پشکی MOL ئێم ئۆ ئێڵ | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە | 34,871 | 12,523 | 2,505 | 19,843 |
| فرۆشی سێ مانگ | 3,173,261 | 1,139,593 | 227,919 | 1,805,749 |
| نرخی بەرمیلێک $ | 27.00 | 27.00 | 27.00 | 27.00 |
| **کۆی داهات/دۆلار** | **85,678,047** | **30,769,011** | **6,153,802** | **48,755,234** |
| ڕێژەی سەدی | 100% | 36% | 7% | 57% |

لەسەرەتای ساڵدا ئاستی بەرهەم نزم بووە بەڵام لەمانگی شوبات و پاشتریش ئازار ئاستی بەرهەم بەرزبووەتەوە بۆ نزیکەی ٤٤ هەزار بەرمیلی رۆژانە ئەم جیاوازییەش بەپێی راپۆرتی کۆمپانیاکان بۆ بەرزو نزمی لە خواستی ناوخۆیە.

| چارەکی یەکەم/ 2024 | بەرهەمی رۆژانە |
|---|---|
| **کانوونی دووەم** | 21,942 |
| **شوبات** | 38,950 |
| **ئازار** | 43,780 |
| **تێکڕای چارەکی یەکەم** | **34,871** |

## چارەکی دووەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕا بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکە بریتی بووە لە 43,865 بەرمیل، وە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 3,991,715 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 27.50 دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 109,772,163دۆلار. لەم برەش 1,437,017 بەرمیلی پشکی کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن بووە. بەداهاتی ( 39,517,979) دۆلار. وە پشکی کۆمپانی ئێم ئۆ ئێڵ MOL بری 287,403 بەرمیل بووە بە داهاتی (7,903,596)دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (2,267,294) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (62,350,588) دۆلار. بەڕێژەی 70%.

چارەکی دووەم

| کێڵگەی شێخان | کۆی بەرهەمی کێڵگە | پشکی گۆڵف کیستۆن | پشکی MOL ئێم ئۆ ئێڵ | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| بەرهەمی ڕۆژانە | 43,865 | 15,791 | 3,158 | 24,915 |
| فرۆشی سێ مانگ | 3,991,715 | 1,437,017 | 287,403 | 2,267,294 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | 27.50 | 27.50 | 27.50 | 27.50 |
| کۆی داهات /$ | **109,772,163** | **39,517,979** | **7,903,596** | **62,350,588** |
| ڕێژەی سەدی | 100% | 36% | 7% | 57% |

لەمانگی نیسان و حوزەیراندا ئاستی بەرهەم بەرێژەیەک دابەزیوە ئەویش بەهۆی پشووەکانی جەژنی رەمەزان و قوربانەوە بووە، کە لەکۆتایی مانگی ۆوزەیراندا ئاستی بەرهەم بەشێوەیەکی بەر جاو بەرزبووەتەوە بەهۆی خواستی زۆر لەسەر نەوتی کێڵگەکە لە بازاڕی ناوخۆدا.

| چارەکی دووەم/٢٠٢٤ | تێکڕاییبەرهەمی ڕۆژانە/ بەرمیل |
|---|---|
| نیسان | 39,149 |
| ئایار | 48,346 |
| حوزەیران | 43,648 |
| تێکڕای چارەکی دووەم | **43,865** |

## چارەکی سێیەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕای بەرهەمی کێڵگەکە بەشیوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە و تەواو نزیک بووەتەوە لە ئاستی پێش وەستانی هەناردەی نەوت لە ئازاری ٢٠٢٣دا. ڕۆژانەی تێکڕای بەرهەم بریتی بووە لە 48,337 بەرمیل، وە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 4,447,004 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 27.00دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 120,069,108 دۆلار. لەم بڕەش 1,600,921بەرمیلی پشکی کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن بووە. بەداهاتی ( 43,224,879) دۆلار. وە پشکی کۆمپانی ئێم ئۆ ئێڵ MOL بڕی 320,184 بەرمیل بووە بە داهاتی (8,644,976)دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (2,525,898) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (68,199,253) دۆلار. بەڕێژەی 58%

چارەکی سێیەم

| کێڵگەی شێخان | کۆی بەرهەمی کێڵگە | پشکی گۆڵف کیستۆن | پشکی MOL ئێم ئۆ ئێڵ | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **بەرهەمی رۆژانە** | 48,337 | 17,401 | 3,480 | 27,455 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 4,447,004 | 1,600,921 | 320,184 | 2,525,898 |
| **نرخی بەرمیلێک $/** | 27.00 | 27.00 | 27.00 | 27.00 |
| **کۆی داهات /$** | **120,069,108** | **43,224,879** | **8,644,976** | **68,199,253** |
| **رێژەی سەدی** | 100% | 36% | 7% | 57% |

لەم چارەکدا تێبینی دەکرێت کێڵگەکە بەو پەڕی توانایەوە نەوتی بەرهەم هێناوە، بەهۆی زۆری خواست لەسەری، کە رۆژانە 250 تانکەر لە کێڵگەکە نەوت باردەکات.

| چارەکی سێیەم/٢٠٢٤ | تێکڕاییەرهەمی رۆژانە/ بەرمیل |
|---|---|
| **تەموز** | 47,940 |
| **ئاب** | 48,238 |
| **ئەیلول** | 48,543 |
| **تێکڕای چارەکی سێهەم** | **48,337** |

## چارەکی چوارەم:


لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکە بریتی بووە لە 35,650 بەرمیل، وە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 3,279,800 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 27.00 دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 88,554,600 دۆلار. لەم برەش 1,180,728 بەرمیلی پشکی کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن بووە. بەداهاتی ( 31,879,656) دۆلار. وە پشکی کۆمپانی ئێم ئۆ ئێل MOL بری 236,146 بەرمیل بووە بە داهاتی (6,375,931)دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (1,862,926) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (50,299,013) دۆلار. بەڕێژەی 57%.

چارەکی چوارەم

| کێڵگەی شێخان | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی گۆڵف کیستۆن | پشکی MOL ئێم ئۆ ئێل | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **بەرهەمی رۆژانە** | 35,650 | 12,834 | 2,567 | 20,249 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 3,279,800 | 1,180,728 | 236,146 | 1,862,926 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 27.00 | 27.00 | 27.00 | 27.00 |
| **کۆی داهات /$** | **88,554,600** | **31,879,656** | **6,375,931** | **50,299,013** |
| **رێژەی سەدی** | 100% | 36% | 7.2% | 57% |

تێبینی دەکرێت لە تشرینی یەکەمدا بەرهەم دابەزیوە بەرێژەیەک بۆ تێکڕا 34.3 بەرمیل ئەویش بەهۆی پشووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە نەدەتوانرا تەنکەر دەستبخرێت، هەروەها لە تشرینی دووەمدا بەرێژەیەکی زۆر زیاتر بەرهەم دابەزیوە بۆ تێکڕا بەرهەمی رۆژانە 29.5 هەزار بەرمیل ئەویش بەهۆی چاکسازی پلان بۆ دانراو لەیەکەی بەرهەمهێنانی یەک بۆ ماوەی سێ هەفتە هەروەها پشووی سەرژمێریی عێراق، بەڵام لەمانگی کانوونی یەکەمدا بەهۆی تەواو بوونی کاری چاکسازی لەیەکەی بەرهەم هێنانی یەک ، بەرهەم بەرزبووەتەوە و لە ناوەراستی مانگدا گەشتووەتەوە ئاستی ئاسایی بۆ 48 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە. بۆیە تێکڕای بەرهەم لەو مانگەدا 42.5 بووە.

| چارەکی چوارەم/٢٠٢٤ | تێکڕاییەرهەمی رۆژانە/بەرمیل |
|---|---|
| **تشرینی یەکەم** | 34,347 |
| **تشریبی دووەم** | 29,560 |
| **کانوونی یەکەم** | 42,549 |
| **تێکڕای چارەکی چوارەم** | **35,650** |


بەرهەمی مانگانەی کێڵگەی شێخان- ٢٠٢٤
21.9
39.0
43.8
39.1
48.3
43.6
47.9
48.2
48.5
34.3
29.5
42.5
کانوونی دووەم
شوبات
ئازار
نیسان
ئایار
حوزەیران
تەموز
ئاب
ئەیلول
تشرینی یەکەم
تشرینی دووەم
کانوونی یەکەم


کێڵگەی شێخان
60
50
40
30
20
10
0
0
21.9
39.0
43.8
39.1
48.3
43.6
47.9
48.2
48.5
34.3
29.5
کانوونی دووەم
شوبات
ئازار
نیسان
ئایار
حوزەیران
تەموز
ئاب
ئەیلول
تشرینی یەکەم
تشرینی دووەم
کانوونی یەکەم

کۆمپانیاکە لە ساڵی 2024دا هەروەکو 2023 سەرنجی لەسەر زۆرترین فرۆشتنی ناوخۆیی بووە.

لە کاتێکدا خواستی بازاڕی ناوخۆیی گۆڕاوە و پێشبینیکردنی قورسە، کۆمپانیاکە رایگەیاندووە هەوڵدەدەین بەدوای دەرفەتەکاندا بگەڕێین بۆ زیادکردنی قەبارەی فرۆشتن.

پێشبینی دەکەن کۆی خەرجییە سەرمایەییەکان CAPEX، تێچووی کارکردن OPEX ، و ڕێژەی کارکردنی G&A مانگانە لە 7 ملیۆن دۆلار دا لە ساڵی 2024دا بهێڵنەوە.

پوختەی خەرجییە سەرمایەییەکان CAPEX بۆ ساڵی 2024 بریتی بووە لە 20 ملیۆن دۆلار، لەناویدا خەرجی بەرزکردنەوەی ئاستی سەلامەتی و خەرجییەکانی چاککردنەوەی بەرهەمهێنان.

کۆمپانیاکە لە ساڵی 2024 دا بەردەوام بووە لە کەمکردنەوەی تێچوونەکان لە هەمان کاتدا پاراستنی توانای کارکردن بۆ زیادکردنی فرۆشی ناوخۆیی و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن.

کۆمپانیاکە دەڵێت بەردەوامە لە کارکردنی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بۆ هاندانی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن لە ڕێی بۆرییەوە. لەگەڵ ئەوەی دانوستانە سیاسی و بازرگانییەکانی نێوان حکومەتی عێراق "GoI" و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە، دوو گفتوگۆی سێ قۆڵی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییە نەوتییەکان لەماوەی ڕابردوودا لە بەغدا ئەنجامدرا، و بەئامادەبوونی نوێنەری گۆڵف کیستۆنGKP .


کۆمپانیاکە وەکو هەموو کۆمپانیاکانی تری نەوت جەختدەکاتەوە لەسەر گرنگی دڵنیابوون وەرگرتنی شایستەکانیان بۆ هەناردەکردنی نەوتی داهاتوو، وەرگرتنەوەی قەرزە نەدراوەکان و پاراستنی ئابووری گرێبەستەکان.



## ٥- کێڵگەی خورمەڵە

قوبەی خورمەڵە لە بەشی باکووری کێڵگەی کەرکوکە و بە دووری ٣٥ کم لە باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە هەڵکەوتووە. لە ساڵی 2007ەوە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، کێڵگەکە لەلایەن کۆمپانیای کار (KAR Group)ەوە بەڕێوەدەبرێت، کە کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری نەوتی کوردستانە. دوای فراوانکردنی کێڵگەکە لە ساڵی 2018 توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەکە گەشتە 200 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

کێڵگەی نەوت خورمەڵە 35.45%ی کۆی ئەو یەدەگەی کە دەتوانرێت دەربهێنرێت بەکارهێناوە. پێشبینیش دەکرێت بەرهەمهێنان لە ساڵی 2026دا بگاتە لوتکە، بە پشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت تا ئەو کێڵگەیە دەگاتە سنووری ئابووری لە ساڵی 2065 پاشان بەرهەم هێنان سوودی ئابووری نابێت.




کۆمپانیای کار گروپ گرێبەستی لە گەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەیە بۆ پەرەپێدن لە کێڵگەکەدا. جۆری گرێبەستی ئەم کۆمپانیایە تائێستا ڕانەگەیەنراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم کێڵگەیەی کار گروپ کاری تێدا دەکات کێڵگەیەکی ئامادەبووە و لە بەرهەمدابووە کاتێک کۆمپانیاکە وەریگرتووە، بۆیە بەپێی شیکردنەوەکانی ئێمە بۆ ڕاپۆرتی چاودێری دارایی عێراق کە باسی سێ گۆژمە دەکات کە کۆمپانیاکە وەری گرتووە وەکو شایستەی سێ مانگی ساڵی ٢٠٢٢، و لەسەر بنەمای نرخی نەوت لەو کاتەدا و ئاستی بەرهەم و بڕی شایستە داراییەکانی کە کار گروپ وەری گرتووە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە شایستەی کار گرووپ لە ١٠٪ی کۆی بەرهەم یان داهات تێناپەڕێت. ئەمەش بەو باوەڕەمان دەگەیەنێت کە گرێبەستەکەی کۆمپانیای کار گروپ لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان زیاتر نزیک بێت لە گرێبەستی خزمەتگوزارییەوە کە لە عێراق پەیرەودەکرێت و وە نزیکە لەوەی کە کۆمپانیا بیانیەکان لە بەغدا وەری دەگرن.

کێڵگەی قوبەی خورمەڵە بەشێکە لە کێڵگەگەلی کەرکوك- ئاڤانا. یەدەگی نەوتی حەوزەکە بەیەکەوە بری ٨ ملیار و ٩١٠ ملیۆن بەرمیل نەوت مەزەندە دەکرێت بە پێی داتاکانی کۆمپانیی بریتیش پەترۆلیۆم.

ئاستی بەرهەم لەکێڵگەی خورمەڵە پێش وەستانی هەناردە بە145 بۆ 150 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە مەزەندە دەکرێت، نزیکەی 37٪ ی هەموو بەرهەمی نەوتی کوردستانی پێک دەهێنا. کۆمپانیاکە تا ئێستا هیچ ڕاپۆرتێکی لەسەر ئاستی بەرهەم و شایستە داراییەکانی بڵاو نەکردووەتەوە.

ڕوونبین پەیوەندیکرد بە کۆمپانیای کارەوە بەڵام پەیوەندییەکە درووست نەبوو، هەروەها کۆمپانیاکەش هیچ پێگەیەکی ئەلەکترۆنی نییە بۆ چالاکییەکانی. بەڵام روونبین لە سەرچاوەی نافەرمییەوە زانیویەتی کە کێڵگەکە لە دوای وەستانی هەناردەوە لە 25ی ئازار، لەبەرهەم هێنان نەوەستاوە بەڵام بەئاستێکی کەمێک نزمتر لە پێش وەستانی هەناردە.

ئێستا زۆربەی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بۆ پاڵاوتن لە پاڵاوگەی کار بەکاردەهێنرێت کە پاڵاوگەکە پێک دێت لە 3 یەکەی پاڵاوتن کە توانای پاڵاوتنی 150 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە رۆژانە.

کۆمپانیای کار گروپ کار دەکات بۆ ئەوەی تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٥ توانای پاڵاوگەکە 40% زیاد بکات واتە توانای پاڵاوتن بۆ 210 هەزار بەرمیل بەرزبکاتەوە.

کێڵگەی خورمەڵە نزیکەی 95-100 بیری تێدایە کە بەردەوام نزیکەی ٥٠ بۆ ٥٥ بیریان کاردەکەن بۆ بەرهەم هێنانی ١٣٠ بۆ ١٣٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە.

لەپاڵ نەوتدا کێڵگەکە گازیش بەرهەم دەهێنێت و راستەوخۆ بۆ ویستگەیەی وەبەرهێنانی کارەبا لە ناو کێڵگەکەدا دەگوێزرێتەوە.

لەم کێڵگەیەدا گازی ئازاد و گازی هاوەڵی نەوت هەیە، کۆمپانیای کار چوار یەکەی چارەسەری گازی هەیە. 2 یەکەیان هەریەك بەتوانای 50 ملیۆن پێی قیاسی وە 2 یەکەی تریش هەریەك بەتوانی 75 ملیۆن پێی قیاسی کە هەمویان بەیەکەوە توانای دیزاینکراویان 250 ملیۆن پێی قیاسییە لە رۆژێکدا MMSCFD .

لە چارەکی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ دا رێژەی 75%ی گازی هاوەڵی کێڵگەکە جیادەکرێتەوە و کۆدەکرێتەوە و دەنێرێت بۆ وێستگەی چارەسەرکردنی گاز. لە قۆناغی یەکەمدا گۆگرد(H2S) و دووانە ئۆکسیدی کاربۆن (CO2)ی لێ جیادەکرێتەوە پاشا هەرچی شییێی ئاو هەیە لێی جیا دەکرێتەوە لە وێشەوە دەگوازرێتەوە بۆ ویستگەی کارەبای خورمەڵە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ دا

ڕۆژانە 140 ملیۆن پێی قیاسی (مقمق) گاز جیادکرێتەوە و بەرهەمدێت و دەنێرێت بۆ ویستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کێڵگەکە.

کێڵگەی خورمەڵە بە بۆرییەکی 24" ئینجی دەگاتە پاڵاوگەکە کە درێژی بۆرییەکە 40 کیلۆمەترە. لەمانگی ئەیلولی ٢٠٢٣دا ڕۆژانە لە پاڵاوگەکانی کار تەنها بەرهەمی کێڵگەی خورمەڵە کە گەشتووەتە پاڵاوگەی کار بۆ پاڵاوتن، بریتی بووە لە 103 هەزار بەرمیل نەوت. لەو نەوتە خاوەش (بەنزین، دیزل، نەوتی سپی، غازی ماڵان LPG ، سوتەمەنی فرۆکە و نەوتی ڕەش)ی لێ بەرهەم دێت. کار دەڵێت ڕۆژانە 4 ملیۆن و 300 هەزار لیتر بەنزین بەرهەم دەهێنین. کەنزیکەی 70٪ لە پێداویستی ناوخۆ یە.

## ئاستی بەرهەم و داهات لە ٢٠٢٤دا

لەماوەی ساڵی ٢٠٢٤ دا کۆی بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە 42,080,000 بەرمیل نەوت و داهاتی نەوتی فرۆشراویش لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 1,388,640,000 دۆلار**.** لەم کێڵگەیەدا تەنها یەک کۆمپانیا هەیەکە کار گروپە، بۆ یە پشکەکان لە نێوان کار و حکومەکدا دابەش دەکرێت . لەم برە نەوتەی بەرهەم هاتووە 6,312,000 بەرمیلی پشکی کۆمپانیای کار گروپ بووە بەداهاتی (208,296,000) دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم **(**35,768,000**)** بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ ئکومەت بریتی دەبێت لە **(**1,180,344,000) دۆلار. بەڕێژەی 85%.

( پشکی کار گروپ دەکرێت لەنێوان ٣٪بۆ ٥٪ کەمتر بێت لە وەی دیاریمان کردووە، لەبەرئەوەی گرێبەست یان راپۆرتی دارایی کۆمپانیای کار گروپمان لەبەردەست نییە هەروەها بەهای بەرمیلێک نەوتی کێڵگەکەمان تێکڕا بە ٣٣ دۆلار داناوە بە گریمانەیی، کە ئەمەش بەتێکڕا ٣ دۆلار کەمترە لە بەهای کێڵگەی تاوکی کە کوالیتی نەوتەکەی قورسترە ).

ساڵی ٢٠٢٤

| کێڵگەی خورمەڵە | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی کار گروپ | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|
| **کۆی فرۆشی ٢٠٢٤** | 42,080,000 | 6,312,000 | 35,768,000 |
| **کۆی داهات /$** | **1,388,640,000** | **208,296,000** | **1,180,344,000** |
| **ڕێژەی سەدی** | 100% | 15% | 85% |

## چارەکی یەکەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکە بریتی بووە لە نزیکەی 120,000 بەرمیل، وە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 10,920,000بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 33.00 دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 360,360,000 دۆلار. لەم بڕەش 1,638,000بەرمیلی پشکی کۆمپانیای کار گروپ بووە. بەداهاتی (54,054,000) دۆلار. ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (9,282,000) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (306,306,000) دۆلار. بەڕێژەی 85%.

چارەکی یەکەم

| کێڵگەی خورمەڵە | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی کار گروپ | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|
| **بەرهەمی ڕۆژانە** | 120,000 | 18,000 | 102,000 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 10,920,000 | 1,638,000 | 9,282,000 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 33.00 | 33.00 | 33.00 |
| **کۆی داهات /$** | **360,360,000** | **54,054,000** | **306,306,000** |
| **ڕێژەی سەدی** | 100% | 15% | 85% |

## چارەکی دووەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکە بە نزیککراوەیی بریتی بووە لە 120,000 بەرمیل، وە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 10,920,000 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 33.00 دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 360,360,000 دۆلار. لەم بڕەش 1,638,000بەرمیلی پشکی کۆمپانیای کار گروپ بووە. بەداهاتی ( 54,054,000) دۆلار. ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (9,282,000) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (306,306,000) دۆلار. بەڕێژەی 85%.

چارەکی دووەم

| کێڵگەی خورمەڵە | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی کار گروپ | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە | 120,000 | 18,000 | 102,000 |
| فرۆشی سێ مانگ | 10,920,000 | 1,638,000 | 9,282,000 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | 33.00 | 33.00 | 33.00 |
| کۆی داهات /$ | **360,360,000** | **54,054,000** | **306,306,000** |
| رێژەی سەدی | 100% | 15% | 85% |

## چارەکی سێیەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکەزیادی کردووە بۆ 130,000 بەرمیل نەوت بەهۆی لێدانی چەند بیرێکی نوێ وە. کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 11,960,000 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 33.00 دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 394,680,000 دۆلار. لەم بڕەش 1,794,000بەرمیلی پشکی کۆمپانیای کار گروپ بووە. بەداهاتی ( 59,202,000) دۆلار. ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (10,166,000) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (335,478,000) دۆلار. بەڕێژەی 85%.

چارەکی سێیەم

| کێڵگەی خورمەڵە | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی کار گروپ | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە | 130,000 | 19,500 | 110,500 |
| فرۆشی سێ مانگ | 11,960,000 | 1,794,000 | 10,166,000 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | 33.00 | 33.00 | 33.00 |
| کۆی داهات /$ | **394,680,000** | **59,202,000** | **335,478,000** |
| رێژەی سەدی | 100% | 15% | 85% |

## چارەکی چوارەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگە کەمی کردووە بۆ 90,000 بەرمیل نەوت. کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 8,280,000 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 33.00 دۆلار بووە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 273,240,000 دۆلار. لەم برەش 1,242,000بەرمیلی پشکی کۆمپانیای کار گروپ بووە. بەداهاتی (40,986,000) دۆلار. ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (7,038,000) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (232,254,000) دۆلار. بەڕێژەی 85%.

چارەکی چوامە


| کێڵگەی خورمەڵە | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی کار گروپ | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|
| **بەرهەمی ڕۆژانە** | 90,000 | 13,500 | 76,500 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 8,280,000 | 1,242,000 | 7,038,000 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 33.00 | 33.00 | 33.00 |
| **کۆی داهات /$** | **273,240,000** | **40,986,000** | **232,254,000** |
| **ڕێژەی سەدی** | 100% | 15% | 85% |

## کۆمپانیای کار:

کۆمپانیای کار گروپ کۆمپانیایەکی خۆماڵییە و کارکردنی لە بواری نەوتدا بۆ ساڵی ٢٠٠٧ دەگەڕێتەوە. لە گەڵ دامەزراندنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا کار ئاسانی بۆ کراوە، ئێستا گەورەترین کۆمپانیا ناوخۆی بواری وزە یە لە هەرێم.

کۆمپانیای کار ئێستا لە گەڵ کۆمپانیای ڕۆسنەفتی روسیدا خاوەندارێتی بۆری گواستنەوەی هەرێمیش دەکات و پشکی ٪40 ی هەیە و کۆمپانیا روسییەکەش ٪60 . کرێی گواستنەوەی بەرمیلێک نەوت بەم بۆرییەدا لە ناو خاکی کوردستاندا بە پێی ڕاپۆرتی دیلۆیت کە لە 2021/6/28 بڵاوکراوەتەوە 4 دۆلار و 86 سەنت بووە لە چارەکی چوارەمی ساڵی 2020 دا، لە کاتێکدا کرێی گواستنەوە و ئەمبارکردنی بەرمیلێک نەوت لە ناو خاکی تورکیادا 1دۆلار و 28سەنت بووە بەپێی هەمان ڕاپۆرت.

هەروەها کۆمپانیای کار خاوەندارێتی گەورەترین پاڵاوگەی هەرێمی کوردستانیش دەکات کە پێش وەستانی هەناردەی نەوت رۆژانە نزیکەی 25 هەزار بەرمیل نەوتی بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەپاڵاوت و ئێستا بە تەواوی توانایەوە نەوت دەپاڵێویێت. لە ڕابوردوودا بەپێی ئەو پارانەی لەحکومەت وەریانگرتووە بۆ پاڵاوتن بە دوو هێندەی ئەو نرخە مەزەندە دەکرێت کە پاڵاوگەکە بۆ وەزارەتی نەوتی عێراقی دەپاڵاوت.




کێڵگەی خورمەڵە



## ٦-ناوچەی گرێبەستی هەولێر

ناوچەی گرێبەستیی هەولێر دەکەوێتە 30 کیلۆمەتری ڕۆژئاوای هەولێرەوە، چوار ناوچەی دۆزراوی نەوتی تێدایە کە بریتین لە: دەمیر داغ، زێی گەورە، بەنان، عەین ئەلسەفرە.

دەمەر داغ لە ساڵی 1960 لەلایەن کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراقەوە دۆزراوەتەوە، بەڵام تا ساڵی 2012 هیچ کارێکی گەڕانی دیکەی تیا ئەنجام نەدراوە، دوای ئەوەی کۆمپانیای ئۆریکس پترۆلیۆم لە ساڵی ٢٠١١ دا بووە کۆمپانیای سەرکارو خاوەن 65%ی پشکەکانە لە کێڵگەکەدا و ، حکومەتی هەرێمیش بە 35٪ بەشدارە لە پشکی کێڵگەکەدا. پاشتر لە کێڵگەی زێی گەورە و عەین ئەل- سەفرە لە ساڵی 2013، بەنانیش لە ساڵی 2014دا گرێبەست کراوە.

لە ناوچەی مۆڵەتی هە ولێر، بەرهەمهێنان لە کێڵگەی دەمیرداغ لە چارەکی دووەمی ساڵی ٢٠١٤، لە کێڵگەی زێی گەورە لە چارەکی چوارەمی ساڵی ٢٠١٦، لە کێڵگەی بانەن لە چارەکی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ دەستپێکردووە.

- لە ناوچەی هەولێر تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ ڕیری ١٦ بیری بەرهەمهێنان لێدراوە. تەنها لەساڵی ٢٠٢٢دا ڕیری ٩ بیر لێدراوە یان تەواوکراوە.

ناوچەی دەمیرداغ جۆری نەوتەکەی 81%ی ئەی پی ئای API 23یەکە بەنەوتێکی مامناوەند ئەژمار دەکرێت و رێژەی 19%ی ئەی پی ئای API 18وتە نەوتێکی قورسە.

ناوچەی زێی گەورە جۆری نەوتەکەی سوکە بە ئەی پی ئای API 35. هەروەها ناوچەی بانان 57%ی نەوتەکەی لە جۆری قورسە و 43%ی لە جۆری مامناوەندە. .

لە ساڵی 2020 ناوی کۆمپانیاکە گۆڕدرا بۆ فۆرزا پترۆلیۆم و پاشتریش لە ساڵی ٢٠٢٤ دا گۆڕدرا بۆ کۆمپانیایەکی تایبەت بەناوی زێگ ئۆیل Zeg Oil & Gas Ltd.

بەرزترین ئاستی بەرهەمی ئەم ناوچەی گرێبەستە 15,100بەرمیلی رۆژانە بووە لە چارەکی ٣ی ٢٠٢٢ دا ، وەنزمترین ئاستیش لە چارەکی ٢ی ساڵی ٢٠٢٣ بووە دوای وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم لە ڕێی بۆرییەوە ئەوکاتە بەرهەمی رۆژانە دابەزی بۆ ٦٥٠ بەرمیل لە چوار بیر. بەڵام بەخێرایی لە چارەکی سێهەمی ٢٠٢٣ دا بەرزبوویەوە. نەوتی ئەم کێڵگەیە لە بازاڕی ناوخۆدا وەکو هەموو کێڵگەکانی تری هەرێم دەستی کرد بە فرۆشتن بەنرخی داشکاو. لە دوای وەستانی هەناردەی نەوتەوە بەرهەمهێنانی نەوت بەردەوام بووە بەڵام بەئاستێکی نزمتر تا ئەوەی لەچارەکی ٣ی ٢٠٢٣ دا ئاستی بەرهەم نزیک بووە لە ٦،٥٠٠ بەرمیلی رۆژانە. پاشان وەکو هەموو کێڵگەکانی تر لەساڵی ٢٠٢٤ دا ئاستی بەرهەمی ئەم ناوچەی گرێبەستەش بەرز بووەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کۆمپانیاکە لە کۆمپانیایەکی گشتییەوە لە شوباتی ساڵی ٢٠٢٤وە بووە

کۆمپانیایەکی تایبەت هیچ زانیارییەکی بڵاو نەکردووەتەوە سەبارەت بە چالاکییە نەوتییەکانی کێڵگەکەو ئاستی بەرهەم و داهاتی کۆمپانیا و حکومەت بە پێچەوانەی پێشووەوە.


لەم شیکردنەوەیەدا لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمپانیا لەگەڵ حکومەتی هەرێم لە کێڵگەکەدا وە هەروەها لە سەر شێوازی دابەش کردنی پشکەکان تا کۆتا راپۆرتی کۆمپانیا لە چارەکی ٣ی ٢٠٢٣دا پشکەکانمان دیاری کردووە. ئاستی بەرهەم لەساڵی ٢٠٢٤ دا بە رێژەی ٧٠٪ی ئاستی پێش وەستانی هەناردە بووە کە 12,800 بەرمیل بووە.

لەساڵی ٢٠٢٤ دا بەرهەمی ناوچەی گرێبەستی هەولێر لە سێ کێڵگەی بەنان، دەمیرتدغ و زێی گەورەوە لە نێوان ٤٠ بۆ ٤٨ تەنکەردابووە و ماوەیەکی کەمیش ٥٠ تەنکەربووە ڕۆژانە .هەرتەنکەرەو نزیکەی ٢٠٥ بەرمیل نەوت باردەکات .

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥ دا بەرهەمی ناوچەی گرێبەستی هەولێر بریتی بووە لە ٤٦ تەنکەری رۆژانە کە دەکاتە ٩,٤٣٠ بەرمیلی رۆژانە.

## بەرهەم لە کێڵگەی هەولێر:

کێڵگەی نەوتی هەولێر 18.47%ی کۆی ئەو یەدەگەی کە دەتوانرێت دەربهێنرێت بەکارهێناوە. پێشبینی دەکرێت بەرهەمهێنان لە ساڵی 2028 دا بگاتە لوتکەی بەرهەم . بە پشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت تاوەکو کێڵگەکە دەگاتە سنووری ئابووری، لە ساڵی 2060 دا چیتر بەرهەم هێنان سوودی ئابووری نابێت.



## ئاستی بەرهەم و داهات لە ٢٠٢٤دا

لەماوەی ساڵی ٢٠٢٤ دا کۆی بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە 3,266,400 بەرمیل نەوت و داهاتی نەوتی فرۆشراویش لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 98,811,000 دۆلار. لەم کێڵگەیەدا تەنها یەک کۆمپانیا هەیەکە کۆمپانیای زێگ ئۆیلە Zeg Oil and Gas ( فۆرزا پێشوو)، بۆ یە پشکەکان لە نێوان زێگ ئۆیل و حکومەکدا دابەش دەکرێت . لەم برە نەوتەی بەرهەم هاتووە 968,887 بەرمیلی پشکی کۆمپانیای زێگ ئۆیل بووە بەداهاتی ( 29,309,558) دۆلار ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (2,297,513) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ ئکومەت بریتی دەبێت لە (69,501,442) دۆلار. بەڕێژەی 70.3%.

| کێڵگەی هەولێر | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی Zeg Oil زێگ ئۆیل | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|
| **تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانە** | 8,925 | 2,647 | 6,277 |
| **کۆی فرۆشی ٢٠٢٤/بەرمیل** | 3,266,400 | 968,887 | 2,297,513 |
| **کۆی داهات /$** | **98,811,000** | **29,309,558** | **69,501,442** |
| **ڕێژەی سەدی** | 100% | 29.7% | 70.3% |

## چارەکی یەکەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکەمان بە 9,000 بەرمیل نەوت داناوا کە دەکرێت زیاتر بێت. لە سەر ئەو بنەمایە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 819,000 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 31.00 دۆلار نرخی بەرمیلێک نەتی کێڵگەکەمان هەروەکو وەکو ساڵی ٢٠٢٣ داناوە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە دەکاتە 25,389,000 دۆلار. لەم برەش 242,934بەرمیلی پشکی کۆمپانیای زێگ ئۆیل Zeg oil& gas Ltd بووە. بەداهاتی ( 7,530,947) دۆلار. ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (576,066) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (17,858,053) دۆلار. بەڕێژەی 70.3%.

| کێڵگەی هەولێر | کۆی بەرهەمی کێڵگە | پشکی Zeg Oil زێگ ئۆیل | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|
| بەرهەمی ڕۆژانە | 9,000 | 2,670 | 6,330 |
| فرۆشی سێ مانگ | 819,000 | 242,934 | 576,066 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | 31:00 | 31.00 | 31.00 |
| **کۆی داهات /$** | **25,389,000** | **7,530,947** | **17,858,053** |
| ڕێژەی سەدی | 100% | 29.7% | 70.3% |

بەپێی گرێبەستی نێوان حکومەت و کۆمپانیاکە 65%پشکی زێگ ئۆیلە و 35%یش پشکی حکومەتە.

35%ی پشکی حکومەت بەم شێوەیە: ڕۆژانە پشکی ٣٥٪ دەکاتە 3,150 بەرمیل و کۆی بەرهەمی چارەکەکە دەکاتە 286,650 بەرمیل جارانی نرخی بەرمیلێ نەت 31 دۆلار کۆی داهاتی ئەم ڕێژەیە 8,886,150 دۆلارە.

| پشکی ٣٥٪ی حکومەتی هەرێم | | | |
|---|---|---|---|
| **بەرمیل/ ڕۆژانە** | **پشک لە ٣مانگدا** | **نرخ** | **کۆی داهات / دۆلار** |
| **3,150** | **286,650** | **31.00** | **8,886,150** |

ئەو ٦٥٪ ی کەماوەتە پشکی حکومەت و کۆمپانیای زیگ ئۆیلە ڕۆژانە دەکاتە 5,850 بەرمیل کۆی چارەکەکە دەکاتە 532,350 بەرمیل نەوت و داهاتەکەشی دەکاتە 16,502,850 دۆلار.

| پشکی کۆمپانیا و داهات لە ٦٥٪ی بەرهەم | | | |
|---|---|---|---|
| **بەرمیل/ ڕۆژانە** | **پشک لە ٣مانگدا** | **نرخ** | **کۆی داهات / دۆلار** |
| **5,850** | **532,350** | **31: 00** | **16,502,850** |

لەم داهاتە موڵکانە، بەرنامەی کۆمەڵایەتی (باج) و کریی زەوی و پشکی حکومەتی لێ دەردەکرێت بۆ حکومەتی هەرێم و ئەوەی دەمێنێتەوە داهاتی زیگ ئۆیلە ( خەرجی و قازانج) .

وەکو لە خشتەکەی خوارەوەدا دیارە کۆی داهاتی موڵکانە، بەرنامەی کۆمەڵایەتی (باج) و کریی زەوی و پشکی حکومەت برتییە لە 8,971,903 دۆلار بەڕێژەی 54.37% هەروەها کۆمپانیی زیگ ئۆیل بڕی 7,530,947 دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە بۆ خەرجی و قازانج بەڕێژەی 45.63% کە دەکاتە ڕێژەی 29.7%ی بەرهەم یان داهاتی کێڵگەکە.

| چارەکی یەک ٢٠٢٤ - بەرهەمی 65% کێڵگە | | |
|---|---|---|
| **برگە** | **داهات** | **ڕیژەی سەدی** |
| بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان ( لە بری باج) (١) | 377,278 | 2.3% |
| موڵکانە (٢) | 1,650,285 | 10% |
| کرێ (٣) | 531,231 | 3.2% |
| پشکی حکومەت لە داهاتی ٦٥٪ی نەوت(٤) | 6,413,110 | 38.9% |
| **کۆی داهاتی حکومەت لە پشکی ٦٥٪ (١-٤)** | **8,971,903** | **54.37%** |
| **کۆی داهاتی کۆمپانیا لە پشکی لە کێڵگەکەدا** | **7,530,947** | **45.63%** |

## چارەکی دووەم:

بەهەمان شێوەی جارەکی یەکەم لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکەمان بە 9,000 بەرمیل نەوت داناوا کە دەکرێت زیاتر بێت. لە سەر ئەو بنەمایە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 819,000 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 30.00 دۆلار داناوە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە دەکاتە 24.570,000 دۆلار. لەم برەش 242,934بەرمیلی پشکی کۆمپانیای زێگ ئۆیل Zeg oil& gas Ltd بووە. بەداهاتی (7,288,013) دۆلار. ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (576,066) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (17,281,987) دۆلار. بەڕێژەی 70.3%.

| **کێڵگەی هەولێر** | **کۆی بەرهەمی کیڵگە** | **پشکی Zeg Oil زێگ ئۆیل** | **ماوە بۆ حکومەتی هەرێم** |
|---|---|---|---|
| **بەرهەمی رۆژانە** | 9,000 | 2,670 | 6,330 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 819,000 | 242,934 | 576,066 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 30:00 | 30.00 | 30.00 |
| **کۆی داهات /$** | **24.570,000** | **7,288,013** | **17,281,987** |
| **ڕێژەی سەدی** | 100% | 29.7% | 70.3% |

بەپێی گرێبەستی نێوان حکومەت و کۆمپانیاکە 65%پشکی زێگ ئۆیلە و 35%یش پشکی حکومەتە.

35%ی پشکی حکومەت بەم شێوەیە: ڕۆژانە پشکی ٣٥٪ دەکاتە 3,150 بەرمیل و کۆی بەرهەمی چارەکەکە دەکاتە 286,650 بەرمیل جارانی نرخی بەرمیلێ نەت 30دۆلار کۆی داهاتی ئەم ڕێژەیە 8,599,500 دۆلارە .

| پشکی ٣٥٪ی حکومەتی هەرێم | | | |
|---|---|---|---|
| بەرمیل/ ڕۆژانە | پشک لە ٣مانگدا | نرخ | کۆی داهات / دۆلار |
| **3,150** | **286,650** | **30.00** | **8,599,500** |

ئەو ٦٥٪ ی کەماوەتە پشکی حکومەت و کۆمپانیای زیگ ئۆیلە ڕۆژانە دەکاتە 5,850 بەرمیل کۆی چارەکەکە دەکاتە 532,350 بەرمیل نەوت و داهاتەکەشی دەکاتە 15,970,500 دۆلار.

| پشکی کۆمپانیا و داهات لە ٦٥٪ی بەرهەم | | | |
|---|---|---|---|
| بەرمیل/ ڕۆژانە | پشک لە ٣مانگدا | نرخ | کۆی داهات / دۆلار |
| **5,850** | **532,350** | **30: 00** | **15,970,500** |

لەم داهاتە موڵکانە، بەرنامەی کۆمەڵایەتی (باج) و کریی زەوی و پشکی حکومەتی لێ دەردەکرێت بۆ حکومەتی هەرێم و ئەوەی دەمێنێتەوە داهاتی زیگ ئۆیلە ( خەرجی و قازانج) .
وەکو لە خشتەکەی خوارەوەدا دیارە کۆی داهاتی موڵکانە، بەرنامەی کۆمەڵایەتی (باج) و کریی زەوی و پشکی حکومەت برتییە لە 8,682,487 دۆلار بەرێژەی 54.4% هەروەها کۆمپانیی زیگ ئۆیل بڕی 7,288,013دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە بۆ خەرجی و قازانج بەرێژەی 45.6% کە دەکاتە ڕێژەی 29.7%ی بەرهەم یان داهاتی کێڵگەکە.

| چارەکی دووەم ٢٠٢٤ | | |
|---|---|---|
| **برگە** | **داهات** | **ڕێژەی سەدی** |
| بـــاج (١) | 365,107 | 2.3% |
| موڵکانە (٢) | 1,597,050 | 10% |
| کرێ (٣) | 514,095 | 3.2% |
| پشکی حکومەت لە داهاتی نەوت (٣) | 6,206,235 | 38.9% |
| **پشکی حکومەت لە ٦٥٪ی کێڵگەکە (١-٤ )** | **8,682,487** | **54.4%** |
| **کۆی داهاتی کۆمپانیا لە پشکی لە کێڵگەکەدا** | **7,288,013** | **45.6%** |

## چارەکی سێهەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکەمان بە 8,500بەرمیل نەوت داناوا کە دەکرێت زیاتر بێت. لە سەر ئەو بنەمایە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 782,000 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 30.00 دۆلار داناوە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە دەکاتە 23,460,000 دۆلار. لەم بڕەش 231,959بەرمیلی پشکی کۆمپانیای زێگ ئۆیل Zeg oil& gas Ltd بووە.بەداهاتی ( 6,958,762) دۆلار. ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (550,041) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (16,501,238) دۆلار. بەڕێژەی 70.3%.

| کێڵگەی هەولێر | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی Zeg Oil زێگ ئۆیل | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|
| بەرهەمی ڕۆژانە | 8,500 | 2,521 | 5,979 |
| فرۆشی سێ مانگ | 782,000 | 231,959 | 550,041 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | 30:00 | 30.00 | 30.00 |
| کۆی داهات /$ | **23,460,000** | **6,958,762** | **16,501,238** |
| ڕێژەی سەدی | 100% | 29.7% | 70.3% |

بەپێی گرێبەستی نێوان حکومەت و کۆمپانیاکە 65%پشکی زێگ ئۆیلە و 35%یش پشکی حکومەتە. 35% ی پشکی حکومەت بەم شێوەیە: ڕۆژانە پشکی ٣٥٪ دەکاتە 2,975 بەرمیل و کۆی بەرهەمی چارەکەکە دەکاتە 273,700 بەرمیل جارانی نرخی بەرمیلێ نەت 30دۆلار کۆی داهاتی ئەم ڕێژەیە 8,211,000 دۆلارە .

| پشکی ٣٥٪ی حکومەتی هەرێم | | | |
|---|---|---|---|
| بەرمیل/ ڕۆژانە | پشک لە ٣مانگدا | نرخ | کۆی داهات / دۆلار |
| **2,975** | **273,700** | **30:00** | **8,211,000** |

ئەو ٦٥٪ ی کەماوەتە پشکی حکومەت و کۆمپانیای زیگ ئۆیلە ڕۆژانە دەکاتە 5,850 بەرمیل کۆی چارەکەکە دەکاتە 508,300 بەرمیل نەوت و داهاتەکەشی دەکاتە 15,249,000 دۆلار.

| پشکی کۆمپانیا و داهات لە ٦٥٪ی بەرهەم | | | |
|---|---|---|---|
| بەرمیل/ رۆژانە | پشک لە ٣مانگدا | نرخ | کۆی داهات / دۆلار |
| **5,525** | **508,300** | **30: 00** | **15,249,000** |

لەم داهاتە موڵکانە، بەرنامەی کۆمەڵایەتی (باج) و کریی زەوی و پشکی حکومەتی لێ دەردەکرێت بۆ حکومەتی هەرێم و ئەوەی دەمێنێتەوە داهاتی زیگ ئۆیلە ( خەرجی و قازانج) .

وەکو لە خشتەکەی خوارەوەدا دیارە کۆی داهاتی موڵکانە، بەرنامەی کۆمەڵایەتی (باج) و کریی زەوی و پشکی حکومەت برتییە لە 8,290,238 دۆلار بەرێژەی 54.4% هەروەها کۆمپانیی زیگ ئۆیل بری 6,958,762 دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە بۆ خەرجی و قازانج بەرێژەی 45.6% کە دەکاتە رێژەی 29.7%ی بەرهەم یان داهاتی کێڵگەکە.

| چارەکی سێهەم ٢٠٢٤ | | |
|---|---|---|
| **برگە** | **داهات** | **ریژەی سەدی** |
| **بـــاج (١)** | 348,613 | 2.3% |
| **موڵکانە ( ٢ )** | 1,524,900 | 10.0% |
| **کرێ ( ٣ )** | 490,869 | 3.2% |
| **پشکی حکومەت لە داهاتی نەوت (٤ )** | 5,925,856 | 38.9% |
| **پشکی حکومەت لە ٦٥٪ی کێڵگەکە** (١-٤) | **8,290,238** | **54.4%** |
| **کۆی داهاتی کۆمپانیا لە پشکی لە کێڵگەکەدا** | **6,958,762** | **45.6%** |

## چارەکی چوارەم:

لەماوەی ئەم چارەکەدا تێکرای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکەمان بە 9.200بەرمیل نەوت داناوا کە دەکرێت زیاتر بێت. لە سەر ئەو بنەمایە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە لەم سێ مانگەدا بریتی بووە لە 846,000 بەمیل نەوت . بەهای بەرمیلێک نەوتمان لەم چارەکەدا 30.00 دۆلار داناوە. بەمەش کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە دەکاتە 25,392,000 دۆلار. لەم برەش 251,061بەرمیلی پشکی کۆمپانیای زێگ ئۆیل Zeg oil& gas Ltd بووە.بەداهاتی ( 7,531,836) دۆلار. ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم **(**595,339**)** بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (17,860,164) دۆلار. بەرێژەی 70.3%.

| کێڵگەی هەولێر | کۆی بەرهەمی کیڵگە | پشکی Zeg Oil زێگ ئۆیل | ماوە بۆ حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە | 9.200 | 2,729 | 6,471 |
| فرۆشی سێ مانگ | 846,000 | 251,061 | 595,339 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | 30:00 | 30.00 | 30.00 |
| کۆی داهات /$ | **25,392,000** | **7,531,836** | **17,860,164** |
| رێژەی سەدی | 100% | 29.7% | 70.3% |

بەپێی گرێبەستی نێوان حکومەت و کۆمپانیاکە %65پشکی زێگ ئۆیلە و %35یش پشکی حکومەتە.

35%ی پشکی حکومەت بەم شێوەیە: رۆژانە پشکی ٪٣٥ دەکاتە 3,220 بەرمیل و کۆی بەرهەمی چارەکەکە دەکاتە 296,240 بەرمیل جارانی نرخی بەرمیلێ نەت 30دۆلار کۆی داهاتی ئەم رێژەیە 8,887,200 دۆلارە .

| پشکی ٣٥٪ی حکومەتی هەرێم | | | |
|---|---|---|---|
| بەرمیل/ رۆژانە | پشک لە ٣مانگدا | نرخ | کۆی داهات / دۆلار |
| **3,220** | **296,240** | **30:00** | **8,887,200** |

ئەو ٦٥٪ ی کەماوەتە پشکی حکومەت و کۆمپانیای زیگ ئۆیلە رۆژانە دەکاتە 5,980بەرمیل کۆی چارەکەکە دەکاتە 550,160 بەرمیل نەوت و داهاتەکەشی دەکاتە 16,504,800 دۆلار.


| پشکی کۆمپانیا و داهات لە ٦٥٪ی بەرهەم | | | |
|---|---|---|---|
| بەرمیل/ رۆژانە | پشک لە ٣مانگدا | نرخ | کۆی داهات / دۆلار |
| **5,980** | **550,160** | **30: 00** | **16,504,800** |

لەم داهاتە موڵکانە، بەرنامەی کۆمەڵایەتی (باج) و کریی زەوی و پشکی حکومەتی لێ دەردەکرێت بۆ حکومەتی هەرێم و ئەوەی دەمێنێتەوە داهاتی زیگ ئۆیلە ( خەرجی و قازانج) .

وەکو لە خشتەکەی خوارەوەدا دیارە کۆی داهاتی موڵکانە، بەرنامەی کۆمەڵایەتی (باج) و کریی زەوی و پشکی حکومەت برتییە لە 8,972,964دۆلار بەرێژەی 54.4% هەروەها کۆمپانیی زیگ ئۆیل

پری 7,531,836دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە بۆ خەرجی و قازانج بەرێژەی 45.6% کە دەکاتە ڕێژەی 29.7%ی بەرهەم یان داهاتی کێڵگەکە.

| چارەکی چوار ٢٠٢٤ | | |
|---|---|---|
| **بــرگە** | **داهات** | **ریژەی سەدی** |
| بــاج (١) | 377,322 | 2.3% |
| موڵکانە (٢) | 1,650,480 | 10.0% |
| کرێ (٣) | 531,294 | 3.2% |
| پشکی حکومەت لە داهاتی نەوت (٤) | 6,413,868 | 38.9% |
| **پشکی حکومەت لە ٦٥٪ی کێڵگەکە (١-٤)** | **8,972,964** | **54.4%** |
| **کۆی داهاتی کۆمپانیا لە پشکی لە کێڵگەکەدا** | **7,531,836** | **45.6%** |



## ٧ - ناوچەی گرێبەستی گەرمیان (سەرقەڵا)

ناوچەی گرێبەستی گەرمیان دەکەوێتە ناحیەی سەرقەڵا، لە قەزای کفری لە ناوچەی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان . بلۆکەکە ١٣١ کیلۆمەتر چوارگۆشە دەگرێتەوە.

کێڵگەی نەوتی گەرمیان بە سەرقەڵا ناسراوە. لە ساڵی ٢٠١١ لەلایەن کۆمپانیای وێستەرنزاگرۆسەوە دۆزرایەوە، بیرەکان توانای بەرهەمهێنانینەوتی زۆری هەیە. جۆری نەوتی ئەم کێڵگەیە سووکە و شیرینە (هیدرۆجین و گۆگردی نییە). پێش وەستانی هەناردە نەوتی خاو ی کێڵگەکە بە بارهەڵگر دەگوازرایەوە بۆ خورمەڵە بۆ هەناردەکردن لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستانەوە. لە ئێستادا بەرهەمی کێڵگەکە بە تانکەر دەگوازرێتەوە بۆ پاڵاوگەی دووکان و بەرهەمی کێڵگەکە لە لایەن کۆمپانیای قەیوانەوە دەکڕرێت. ئەو غازە سروشتییە کە لەگەڵ نەوتەوە دێت، جیا دەکرێتەوە و دەگوازرێتەوە بۆ ویستگەیەکی بەرهەم هێنانی کارەبای ١٦٠ میگا واتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و کارەبای لێ بەرهەم دێت.

کۆمپانیای گازپرۆم روسی و وێستەرن زاگرۆسی کەنەدی وەبەرهێنانی تێدا دەکەن و هەریەکە خاەنی 40٪ ی پشکەکانن و حکومەتی هەرێمیش 20%ی پشکەکان . ڕوونبین پەیوەندی بەهەردوو کۆمپانیاکەوە کردووە بۆ دەستخستنی زانیاری نوێ بەڵام بەداخەوە تا ئەم ساتە هیچ وەڵامێکمان دەست نەکەوتووە.

ئەم کێڵگەیە ئێستا ئاستی بەرهەمی لە 33هەزار بەرمیلی ڕۆژانەوە بۆ 12هەزا ر بەرمیل لە چارەکی یەکەم و پاشان لە چارەکی سێ و چواردا لە نێوان 10,200 بۆ 9,200 دابەزیوە. بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بەتەنکەر دەبرێت بۆ پاڵاوگەی دووکان بۆ پاڵاوتن و رۆژانە لە ئێستادا 42 تەنکەر نەوتی کێڵگەکە دەگوازێتەوە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢دا، کێڵگەکە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی لە چوار بیرەوە بەرهەمهێناوە.

هۆکاری کەمبوونەوەی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بۆ راکێشانی ئاو بۆ ناو حەشارگە نەوتییەکە دەگەرێتەوەو ڕاکێشانی ئاو لەگەڵ نەوتەکەدا بەرێژەیەکی زۆرە کە جیاکردنەوەی قورسە هەندێک جار، هەروەک لە تەق تەق و سەرتە و پێشتریش لە تاوکی ڕوویدا. جۆری نەوتی ئەم کێڵگەیە نەوتێکی سوک و شیرینە وAPI یەکەی لە 40 دایە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢دا، کێڵگەکە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی لە چوار بیرەوە بەرهەمهێناوە.

بیرە نەوتییەکانی گەرمیان لە ئێستادا ژمارەیان پێنج بیری نەوتە .

بیرە نەوتی سەرقەڵا یەکی گەرمیان، دەکەوێتە گوندی حەسیرەوە، بیرە نەوتی سەرقەڵا دوو لە گوندی ملە سورەیە، بیرە نەوتی سەرقەڵا سێ دەکەوێتە گوندی کەواچەرمووەوە، بیرە نەوتی

سەرقەڵا چواریش لە گوندی کارێزەیە، بیرە نەوتی سەرقەڵا پێنجیش دەکەوێتە گوندی ملە سورەوە. دوو بیری تریش هەیە یەکێکیان لە کفری لەگۆبان، دووەمیان لەنێوان گوندی ناساڵح و سەرقەڵایە ئەو دوو بیرە داخراوە و کاری تێدا ناکرێت. سەرجەم گوندەکانیش لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی سەرقەڵای سنوری قەزای کفریین.

بەهەمان شێوەی کۆمپانیای کار ئەو کۆمپانیایانەی لێرە کاردەکەن شایستە داراییەکانیان ڕانەگەیاندووە بەڵام ساڵی چەند جارێک زانیاری لەسەر چالاکی و ئاستی بەرهەمیان ڕادەگەیاند، ماوەیەکە ئەو زانیاریانەش بوونی نەماوە.

## ئاستی بەرهەم و داهات لە ٢٠٢٤دا

بەپیی زانیارییەکانی روونبین لەساڵی ٢٠٢٤ دا رۆژانە لە نێوان ٤٠ تا ٤٢ تەنکەر نەوتی کێڵگەکەی گواستووەتەوە بۆ پاڵاوگەی دووکان بۆ پاڵاوتن ، نەوتی ئەم کێڵگەیەوە لە لایەن کۆمپانیای قەیوانەوە لە کێڵگەکەدەکڕرێت و پاشان بەتەنکەر دەبرێت بۆ پاڵاوگەکە.

لەماوەی ئەم ساڵەدا تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکەمان بە 9,194بەرمیل نەوت بووە. بۆیە کۆی نەوتی بەرهەم هاتووی کێڵگەکە لە ساڵی ٢٠٢٤ دا بریتی بووە لە 3,365,080بەمیل نەوت . کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە کێڵگەکە بریتی بووە لە 131,238,120 دۆلار. لەم بڕەش 1,346,032بەرمیلی پشکی کۆمپانیای گاز پرۆم و وێستێرن زاگرۆس بووە.بەداهاتی ( 52,495,248 دۆلار. ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم (2,019,048) بەرمیل بووە کە کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ حکومەت بریتی دەبێت لە (78,742,8724) دۆلار. بەڕێژەی 60%.

| ناوچەی گرێبەستی گەرمیان (سەرقەڵا) - کۆی ساڵی ٢٠٢٤ | | | |
|---|---|---|---|
| **بڕگە** | کۆی بەرهەمی کێڵگە | کۆمپانیای گازپرۆم+ وێستێرن زاگرۆس | ماوە بۆ هەرێم |
| بەرهەمی رۆژانە | 9,194 | 3,678 | 5,516 |
| فرۆشی سێ مانگ | 3,365,080 | 1,346,032 | 2,019,048 |
| نرخی بەرمیلێک /$ | **131,238,120** | **52,495,248** | **78,742,872** |
| کۆی داهات /$ | 100% | 40% | 60% |

## چارەکی یەکەم:

لەم چارەکەدا کێڵگەکە بەرهەمی ڕۆژانەی بریتی بووە لە 9,200 بەرمیل، کۆی بەرهەمی ئەو چارەکە بریتی بووە لە 837,200 بەرمیل نەوت. نرخی فرۆشی هەربەرمیلێک لە نەوتی کێڵگەکە 39.00 دۆلار بووە بەو پێیە کۆی داهاتی چارەکی دووەم بریتی بووە لە **32,650,800 دۆلار.** لەکۆی ئەو بەرهەمە پشکی کۆمپانیای گاز پرۆم و وێستێرن زاگرۆس بری 334,880 بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی **13,060,320** دۆلار. ئەوەی لەم چارەکەدا بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە لە بەرهەمی کێڵگەکە 502,320بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی **19,590,480** دۆلارە کە ڕێژەی ٦٠٪.

چارەکی یەکەم - ٢٠٢٤

| کێڵگەی سەرقەڵا | کۆی بەرهەمی کێڵگە | کۆمپانیای گازپرۆم+ وێستێرن زاگرۆس | ماوە بۆ هەرێم |
|---|---|---|---|
| **بەرهەمی ڕۆژانە** | 9,200 | 3,680 | 5,520 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 837,200 | 334,880 | 502,320 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 39.00 | 39.00 | 39.00 |
| **کۆی داهات /$** | **32,650,800** | **13,060,320** | **19,590,480** |
| **ڕێژەی سەدی** | 100% | 40% | 60% |

## چارەکی دووەم:

لەم چارەکەدا کێڵگەکە بەرهەمی ڕۆژانەی بریتی بووە لە 9,680 بەرمیل، کۆی بەرهەمی ئەو چارەکە بریتی بووە لە 880,880 بەرمیل نەوت. نرخی فرۆشی هەربەرمیلێک لە نەوتی کێڵگەکە 39.00 دۆلار بووە بەو پێیە کۆی داهاتی چارەکی دووەم بریتی بووە لە 34,354,320 دۆلار. لەکۆی ئەو بەرهەمە پشکی کۆمپانیای گاز پرۆم و وێستێرن زاگرۆس بری 352,352 بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 13,060,320 دۆلار. ئەوەی لەم چارەکەدا بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە لە بەرهەمی کێڵگەکە 528,528 بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 20,612,592 دۆلارە کە ڕێژەی ٦٠٪.

چارەکی دووەم

| کێڵگەی سەرقەڵا | کۆی بەرهەمی کێڵگە | کۆمپانیای گازپرۆم+ وێستێرن زاگرۆس | ماوە بۆ هەرێم |
|---|---|---|---|
| **بەرهەمی ڕۆژانە** | 9,680 | 3,872 | 5,808 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 880,880 | 352,352 | 528,528 |
| **نرخی بەرمیلێک نەوت/$** | 39.00 | 39.00 | 39.00 |
| **کۆی داهات/دۆلار** | **34,354,320** | **13,741,728** | **20,612,592** |
| **ڕێژەی سەدی لە بەرهەم** | 100% | 40% | 60% |

## چارەکی سێهەم:

لەم چارەکەدا کێڵگەکە بەرهەمی ڕۆژانەی بریتی بووە لە 9,000 بەرمیل، کۆی بەرهەمی ئەو چارەکە بریتی بووە لە 819,000 بەرمیل نەوت. نرخی فرۆشی هەربەرمیلێک لە نەوتی کێڵگەکە 39.00 دۆلار بووە بەو پێیە کۆی داهاتی چارەکی دووەم بریتی بووە لە 31,941,000 دۆلار. لەکۆی ئەو بەرهەمە پشکی کۆمپانیای گاز پرۆم و وێستێرن زاگرۆس بڕی 327,600 بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 12,776,400 دۆلار. ئەوەی لەم چارەکەدا بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە لە بەرهەمی کێڵگەکە 491,400 بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 19,164,600 دۆلارە کە ڕێژەی ٦٠٪.

چارەکی سێهەم


| کێڵگەی سەرقەڵا | کۆی بەرهەمی کێڵگە | کۆمپانیای گازپرۆم+ وێستێرن زاگرۆس | ماوە بۆ هەرێم |
|---|---|---|---|
| **بەرهەمی ڕۆژانە** | 9,000 | 3,600 | 5,400 |
| **فرۆشی سێ مانگ** | 819,000 | 327,600 | 491,400 |
| **نرخی بەرمیلێک /$** | 39.00 | 39.00 | 39.00 |
| **کۆی داهات/دۆلار** | **31,941,000** | **12,776,400** | **19,164,600** |
| **ڕێژەی سەدی لە بەرهەم** | 100% | 40% | 60% |


## چارەکی چوارەم:

لەم چارەکەدا کێڵگەکە بەرهەمی ڕۆژانەی بریتی بووە لە 9,000 بەرمیل، کۆی بەرهەمی ئەو چارەکە بریتی بووە لە 828,000 بەرمیل نەوت. نرخی فرۆشی هەربەرمیلێک لە نەوتی کێڵگەکە 39.00 دۆلار بووە بەو پێیە کۆی داهاتی چارەکی دووەم بریتی بووە لە 32,292,000 دۆلار. لەکۆی ئەو بەرهەمە پشکی کۆمپانیای گاز پرۆم و وێستێرن زاگرۆس بڕی 331,200بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 12,916,800 دۆلار. ئەوەی لەم چارەکەدا بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە لە بەرهەمی کێڵگەکە 496,800 بەرمیل نەوت بووە بە داهاتی 19,375,200 دۆلارە کە ڕێژەی ٦٠٪.

| برگە | کۆی بەرهەمی کێڵگە | کۆمپانیای گازپرۆم+ وێستێرن زاگرۆس | ماوە بۆ هەرێم |
|---|---|---|---|
| | | | |
| بەرهەمی رۆژانە/ | 9,000 | 3,600 | 5,400 |
| فرۆش یسێ مانگ | 828,000 | 331,200 | 496,800 |
| نرخی بەرمیلێک نەوت /$ | 39.00 | 39.00 | 39.00 |
| کۆی داهات/دۆلار | **32,292,000** | **12,916,800** | **19,375,200** |
| رێژەی سەدی لە بەرهەم | 100% | 40% | 60% |

لەکێڵگەی نەوتی سەرقەڵا 19.60%ی کۆی ئەو یەدەگەی کە دەتوانرێت دەربهێنرێت بەکارهێناوە ، لوتکەی بەرهەمهێنانی کێڵگەکە لە ساڵی 2022 دا بووە. بە پشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت تاوەکو کێڵگەکە دەگاتە ئەو ئاستەی کە چیتر بەرهەمهێنان ئابووری نییە لە ساڵی 2084.



## ٨ - کێڵگەی کوردەمیر

بلۆکی کوردمیر دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، لە دامێنی بەرزاییەکانی ڕۆژئاوای زنجیرە چیای زاگرۆس. بلۆکەکە 245 کیلۆمەتر چوارگۆشە دەگرێتەوە.

وێستەرنزاگرۆس لە ساڵی 2009 بیری دۆزینەوەی کوردمیری لێداوە، کاپێکی گەورەی گازی سروشتی دۆزیوەتەوە. لە ساڵانی دواتردا کۆمپانیاکە لە ئەنجامی گەڕان و پشکنین بوونی نەوتێکی بەرچاو لە ژێر گازەکەدا پشتڕاستکردەوە.

شیکاری سەربەخۆی یەدەگەکان دەریدەخەن کە کێڵگەی کوردمیر کێڵگەیەکی زۆر گەورەی نەوت و گازی سروشتی و کۆندێنسێت بێت.

کێڵگەی کوردەمیر کێڵگەیەکی گەورەیە بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی وێستێرن زاگرۆس دەتوانرێت بڕی 1.8ترلیۆن پێ سێجا گازی لێ بەرهەم بێت و بڕی 420 ملیۆن بەرمیل نەوتیش. کێڵگەکە لە توانایدا بەرهەمی لە ئایندەدا بگاتە زیاتر لە 100 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە بەڵام بە بێ بەستنەوەی راستەوخۆی بە بۆرییەوە کارێکی ئەستەمە. هەروەها کۆمپانیای وێستێرن زاگرۆس دەڵێت " بەرهەمهێنانی بەردەوام دۆزینەوەی گەورەی کوردەمیر ، پێویستی بەوەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری زۆر دەبێت لەپرۆسەکانی چارەسەرکردن و ژێرخانی هێڵی گواستنەوەدا."

سەبارەت بە گاز پێشتر وێستێرن زاگرۆس پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە دەتوانرێت کە بەرهەمەکەی بگوازرێتەوە بۆ ویستگەی وزەی چەمچەماڵ کە توانای 1.5 گیگا واتی هەیە. بەڵام لە ئێستادا دەرچەی گاز کارێکی پێویست نییە چونکە بەرهەم لەسەرەتاوە کەم دەبێت.


کۆمپانیاکە و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 2021دا لەسەر پلانی پەرەپێدانی مەیدانی ڕێککەوتوون کە ئەم دۆزینەوەیە بتوانێت دەست بە بەرهەمهێنانی نەوت و گاز بکات. گەشەپێدانەکە لەسەر ئەمباری ئۆلیگۆسین دەبێت کە نەوتی سوکی لە ژێر سەرپۆشی غازەکەدا تێدایە. پلانەکە داوای پەرەپێدانی قۆناغ بە قۆناغی کێڵگەکە دەکات و قۆناغی یەکەم بە ئامانجی بەرهەمهێنانی 15هەزار بەرمیل نەوتی سووک لە ڕۆژێکدا و 75 ملم لە کاتژمێرێکدا غازی کەم گۆگرد. ئەنجامی ئەو بیرانەی کە لە قۆناغی یەکەمدا هەڵکەنراون ڕێژەی بەرهەمهێنان و ئامانج بۆ قۆناغی دووەم و قۆناغەکانی دواتر دیاری دەکات.

کوردەمیر دووەمین کێڵگەیە کە وێستەرن زاگرۆس سەرمایە گوزاری تێدا دەکات لەپاڵ کوردەمیردا پشکی 40٪ی بلۆکی گەرمیانی هەیە کە کێڵگەی سەرقەڵا ئێستا نزیکەی 9 هەزار بەرمیل نەوتی سوک بەرهەم دەهێنێت( ئەی پی ئای 40° ). بەڕێوەبەری جێبەجێکاری وێستێرن زاگرۆس سایمن

هاتفیلد ماوەیەکی درێژە کێڵگەی کوردەمیر بە تاجی ئاڵتونی کۆمپانیاکە دەبینێت ، بۆیە بەرەوپێشچوون لە پەرەپێدانیدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ کۆمپانیاکە.

وێستەرن زاگرۆس کێڵگەی کوردمیر بەڕێوەدەبات، بە ڕێژەی 80٪ ی کارکردن. حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی پشکەکانی ترە.

هیچ زانیارییەکی فەرمی لە بەردەست نییە سەبارەت بە بەرەوپێشچوون وئاستی کارەکان لەکێڵگەکە





ناوچەی پەرەپێدانی کوردە میر

## ٩ - کێڵگەی ئاکرێ- بجیل

کێڵگەی بجیل دەکەوێتە نزیک هەریر و لە ساڵی 2010 نەوتی لێ دۆزراوەتەوە کۆمپانیای رۆسنەفت لە ساڵی 2017 دا گرێبەستی هاوبەشی کردنی لەبەرهەم لەگەڵ هەرێم کردووە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکە و پشکی ٨٠٪ی کێڵگەکەی هەیە. بە پێی ئەو داتایانەی لە بەردەستی روونبینە کێڵگەکە لە کۆتایی مانگی کانوونی 2023 دا ئاستی بەرهەمی بریتی بووە لە 6,000 بەرمیل نەوتی رۆژانە . کۆمپانیا رووسییەکە هیچ زانیارییەکی لەسەر ئاستی بەرهەم و خەرجی و داهاتی کێڵگەکە و کۆمپانیاکە بڵاونەکردووەتەوە. کێڵگەکە ٢ بیری وەبەرهێنی تێدایە و لە دوای راوەستانی هەناردە بەرهەمی ئەم کێڵگەیەش وەکو هەندێ کێڵگەی تر وەستاوە و تائێستاش نەکەوتووەتە بەرهەم هێنان.

**بەرهەمهێنان لە ئاکری-بیجیل**

بڕیارە لە ساڵی 2025 بەرهەمهێنان لە پرۆژەی پەرەپێدانی نەوتی ئاسایی ئاکری- بیجیل دەستپێبکات و پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2028دا بگاتە لوتکە، بە پشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت تاوەکو کێڵگەکە دەگاتە ئەو ئاستەی چیتر بەرهەمێنان ئابووری نابێت لە ساڵی 2061 دا.





## ١٠-کێڵگەی ئێسفنی یان عەین سیفنی

ئەم کێڵگەیە کەوتووەتە نزیک شارۆچکەی شێخان لە پارێزگای دهۆک ، کۆمپانیای هەنت ئۆیل وەبەرهێنانی تێدا دەکات پشکی 80٪ی کێڵگەکەکی هەیە ئەم کێڵگەیە لەساڵی 2011دا نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە . جۆری نەوتەکەی قورسە و API 21 . ولە کۆتایی کانوونی دووەمی 2023 دا ئاستی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە 6,500 بەرمیلی ڕۆژانە بووە. زانیار ئەوتۆ بەردەست نییە کە لەگەڵ وەستانی هەناردەدا ئایا بەرهەمی ئەم کێڵگەیە وەستاوە یان نا، وەگەر وەستابوو ئایا ئێستا لە بەرهەمدایە یان نا؟

### بەرهەم لە عەین سیفنی

کێڵگەی نەوتی عەین سفنی 55.50%ی کۆی ئەو یەدەگەی کە دەتوانرێت دەربهێنرێت بەکارهێناوە، لوتکەی بەرهەمهێنانی کێڵگەکە لە ساڵی 2018دا بووە. بەپشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت تادەگاتە ئەو ئاستەی چیتر بەرهەمێنان ئابووری نابێت لە ساڵی 2042دا.




## ١-کێڵگەی چیا سورخ

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە سنوری ناحیەی قۆرەتو، ئەگەرچی ئەم ناحیەیە سەر بە قەزای خانەقینە، بەڵام بەوپێیەی لە راپەڕینی ساڵی 1991 دا بەشێکی زۆری ئازادکراوە، ئیدارەدانی لەسەر هەرێمی کوردستانە و راستەوخۆ پەیوەستە بە ئیدارەی گەرمیانەوە.

لەم بلۆکە نەوتیە دا 9 بیری کۆن هەیە، کە لە ساڵی 1902تا 1954 لەلایەن (ئەنگلۆ-پێرژەن) کە کۆمپانیایەکی هاوبەشی بەریتانی-ئێرانیە کاری تێداکراوە، لە کۆتای ساڵی 2009 کۆمپانیای (GGFZ)ی چینی کاری بەدواداگەرانی بۆکرد(سایزمیك)، بەسەرپەرشتی کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی(تورکی-بەریتانی) لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢، بیری ژمارە(10، 11، 12) تێدا لێدراوە. بەرهەمی رۆژانەی ئەم بلۆکە نەوتیە بەپێی زانیارییەکان لە کۆتایی 2022 دا 2هەزار بەرمیلی رۆژانە بووە و کۆمپانیای پیت ئۆیل پشکی 80٪ی پشکەکانی هەیە و چاوەڕێ دەکرا تا ناوەڕاستی ئەمساڵ بەرهەمی ببێت بە دوو هێندە. بەپێی زانیارییەکانی ئێمە لە ئێستادا بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بەتەواوەتی وەستاوە.

## ١٢ - کێڵگەی تەق تەق

ناوچەی مۆڵەتپێدانی تەق تەق دەکەوێتە 60 کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کێڵگەی نەوتی کەرکوک و شاری کەرکوک و 85 کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر و 120 کم لە باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی. کۆی ڕووبەری مۆڵەتی تەق تەق نزیکەی ٩٥١ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

- تەق تەق یەکێک بوو لە گەورەترین کێڵگەکانی نەوتی هەرێم و باشترین جۆری نەوت چیتر توانای بەرهەمی نییە .

کۆمپانیای گێنێل ئینێرجی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ دا بۆ دەرچوون لە گرێبەستی گەڕان و پەرەپێدانی کێڵگەی تەق تەق (PSC )

کێڵگەی تەق تەق لە ساڵی ٢٠٠٨ دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە، تا وەستانی هەناردە لە ٢٥ی ئازاری ٢٠٢٣دا کێڵگەی تەق تەق زیاتر لە 225 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە.
زۆریک لە شارەزایان باوەڕیان وایە کێڵگەی تەق تەق بەهۆی خراپ بەکارهێنان و فشاری زۆرەوە حەشارگەکەی تێکدراوە و لە گەورەترین کێڵگەی بەرهەم هێنی نەوتەوە زۆر بە خێرایی بوو بەبچوکترین کێڵگەی هەرێم و دواتریش داخرا.
لەماوەی ٦ ساڵدا لە ٢٠٠٨ تا ٢٠١٤ حەشارگەی کێڵگەکە تێکدرا .

کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی لەزۆر کێڵگەی نەوت و گازی هەرێم وە بەرهێنانی دەکرد و خاوەن پشک بوو، لەوانە کێڵگە نەوتییەکان تاوکی، سەرتا، چیاسورخ،قەرەداغ، ئەم کێڵگە نەوتییانە هەموویان جگە لە قەرەداغ کێڵگەی بەرهەمهێن بوون، ئێستا جگە لە تاوکی هەموو کێڵگەکانی تر تەسلیم کراوەنەتەوە و کۆمپانیاکە شکستی هێناوە لەبەرهەمهێنان تێیاندا.، کێڵگەی تاوکیش دی ئێن ئۆ سەرکارە تێیدا نەک گەنێڵ ئەنێرجی. هەروەها کێڵگەی تاوکیش بارودۆخی زۆر باشتر نییە بەرهەمی لە ١٤٥ هەزار بەرمیلی رۆژانەوە دابەزیوە بۆ کەمتر لە ٣٠ هەزار بەرمیل.
بەهەمانشێوە گێنێڵ لە هەردوو کێڵگەی گازی میران و بنە باوێ شکستی هێنا لە بەرهەم هێنانی گازدا و حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢١دا ئەو دوو کێڵگەیەشی لێوەرگرتەوە و گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە. کۆمپانیاکە لە دادگای نێوبژیوانی لەندەن داوای قەرەبووی چەند ملیار دۆلاری لەحکومەتی هەرێم کرد بەڵام دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لەندەن کۆتایی ساڵی ڕابردوو بریارەکەی حکومەتی هەرێمی پشتڕاستکردەوە.
ئەم کۆمپانیایە یەکەم کاری لەبواری نەوتدا لەهەرێمی کوردستان و لە کێڵگەی تەق تەق کردووە، بۆیە هیچ شارەزاییەکی پێشتری لەنەوت وزەدا نەبووە .

- گەنێڵ ئەنێرجی لە چوار ساڵدا لە پێنج کێڵگە شکست دەهێنێت و ناتوانێت گاز و نەوت بەرهەم بهێنێت.

## مێژووی کێڵگەکە

کێڵگەی تەق تەق لە ساڵی ١٩٧٨ بە بیری گەڕان TT-01 دۆزرایەوە، دواتر دوو بیری تر لێدرا، TT-02لە ساڵی 1978 و TT-03 لە ساڵی 1981، کە هەموویان لە ناوچەی پێکهاتەی تەق تەقدان. چالاکییەکی زۆر لەو کێڵگەیەدا ڕووی نەدا تا بیرەکانی TT-01 و TT-02 لە ساڵی 1995 دەستیان کرد بە بەرهەمهێنانی بڕێکی تاڕادەیەک کەم لە نەوت بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ. لە تەمموزی ٢٠٠٢ دا گرێبەستی هاوبەشی کردن لەبەرهەم

لەنێوان گەنێڵ ئەنێرجی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کرا. پاشان لە و لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ هەموارکرایەوە بۆ ئەوەی پابەندبوونی کارکردنی زیادە لەخۆبگرێت. ڕێککەوتنەکە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ دا جارێکی تر هەموارکرایەوە بۆ زیادکردنی بلۆکی گەڕانی کێوە چەرمیلە. بلۆکی تەق تەق و بلۆکی کێوە چەرمیلە لە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێناندا وەک ناوچەی لاوەکی پۆلێنکراون و بیرە سەرکەوتوو نەبووەکانی بلۆکی کێوە چەرمیلە دەتوانرێت لە داهاتەکانی تەق تەق بسڕدرێنەوە.

گرێبەستێکی هاوبەشی بەرهەمهێنان (PSC) لە ٢٦ی شوباتی ٢٠٠٨ واژۆکرا بۆ هەموارکردنەوەی مەرجە داراییەکان. گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان پابەندبوونی ئاسایی هەیە بە 10%ی موڵکانەبۆ حکومەت و پشکی بەڵێندەر لە نەوتی بەرهەم هێنراو لە نێوان 15.6% بۆ 30%. یەکەمین ڕێککەوتنی هەموارکردنەوە کە لە مانگی ئایاری ٢٠٠٩ واژۆ کرا، باس لەوە دەکات کە کۆمپانیای گێنێل پابەندە بە پێدانی ٣٠%ی قازانجی نەوتی وەک پارەی تواناسازی بە حکومەت.

گێنێل ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیای ئەداکس پترۆلیۆمی کردووە ("ئەداکس"). لە تەمموزی ٢٠٠٥ کە ٣٠%ی بەرژەوەندی کارکردنی بە ئاداکس بەخشی و ٧٠%ی پشکی کارکردنی بۆ گینێل مایەوە. لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٦دا ڕێککەوتن لەسەر زیادکردنی پشکی ئەداکس کرا. پشکی ئاداکس لە ٣٠% بۆ ٤٥% بەرزبووەوە لە کاتێکدا پشکی گێنێل بۆ ٥٥% دابەزی. کۆمپانیای ئاداکس لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩ لەلایەن کۆمپانیای سینۆپێکی چینی ("گرووپی سینۆپێک") کڕدرا، کۆمپانیای گێنێڵ و ئەداکس لە ساڵی ٢٠٠٦ کۆمپانیای (TTOPCO)یان بۆ کێڵگەی تەق تەق پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگەکە، کە تا ئێستاش بەردەوامە لە کارکردن. کۆمپانیای TTOPCO کۆمپانیای گێنێل 55%ی پشکەکان و ئەداکسیش 45%ی پشکەاکنەی هەیە.

دوای ئەوەی فرۆشتنی بازرگانی دەستی پێکرد، حکومەت مافی خۆی بەکار هێنا بەوەی کە بەشداربێت بە ڕێژەی ٢٠%ی پشکی کێڵگەکە.، ئەمەش بە شێوەیەکی کاریگەر پشکی گێنێل لە داهاتەکەی لە ٥٥% بۆ ٤٤% کەمکردەوە.

پرۆگرامی ڕووپێوی بومەلەرزەزانی دوو ڕەهەندی لە ساڵی 2006 لە کێڵگەی تەق تەق تەواو بوو و لە ساڵی 2007 بۆ ناوچەکانی تریش بە ناوچەی کێوە چەرمەڵەشەوە درێژکرایەوە، هەروەها ڕووپێوی بومەلەرزەزانی سێ ڕەهەندی لە هەمان ساڵی 2007 ئەنجامدرا. لەسەر کێڵگەی تەق تەق . هەڵکەندن لە کێڵگەی تەق تەق لە ساڵی ٢٠٠٦ دەستی پێکردەوە و تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ یری ٢٣ بیری نوێ لێدرابوو، لە ئەنجامدا ڕێژەی بەرهەمهێنانی کێڵگەی زیاتر لە ١٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بوو. لە ساڵی ٢٠١٥دا دوو بیری زیادە بە ناوەکانی TT-24 و TT-28 هەڵکەندران، کە TT-24 بیرێکی ئاسۆیی بووە.

تا ساڵێ ٢٠١٧ کۆی ٢٨ بیر لێدرا بوو لەکێڵگەکە دا وە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٠ دا کۆی ژمارەی بیرەکان بۆ ٣٥ بەرزبویەوە،هەوڵەکان بۆ رێگری کردن بوو لە دابەزینی زیاتری ئاستی بەرهەم بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

لە سەرەتای ساڵی 2015 دا ئاستی بەرهەم گەشتە 148,200بەرمیل لەرۆژێکدا پاشان لەنیوەی یەکەمی ساڵی 2015 دا ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە کەمبویەوە بۆ 128,900بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا و ڕێژەی بەرهەمهێنان لە چارەکی چوارەمی ساڵی ٢٠١٥دا دەستی بە دابەزینێکی بەرچاو کرد و ئەم ڕەوتە تا ساڵی ٢٠١٦ بەردەوام بوو چونکە بیرەکان دەستیان کرد بە دەرهێنانی ئاو بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک.

هۆکارەکەشی بۆ راکێشانی ئاو Coning بۆ ناو حەشارگەکە دەگەڕێنرێتەوە, شارەزایان هۆکاری ئەم کێشەیە بۆ زۆر فشارکردنە لە بیرەکان و زیاتر لەو بڕەی کە دەبێت بەرهەم بهێنرێت دەگێڕنەوە.

لە کۆتایی مانگی شوباتی ٢٠١٧دا بەرهەمهێنان دابەزی بۆ نزیکەی ٢٤ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا و ڕێژەی ئاوی ٣٥% بووە. لە ماوەی ساڵی ٢٠١٦دا سێ بیر بە سەرکەوتوویی گۆڕدراون (TT-07، TT-27 و TT-16). بیری TT-07z بە ڕێژەی بەرهەمهێنانی نزیکەی 7000 بەرمیل لە ڕۆژێکدا تاقیکرایەوە بەڵام ئامێری دایران کە بۆ دایرانی بەشی قووڵتری (پێکهاتەی شیرانیش) دایزاینکرابوو شکستی هێنا، دەستبەجێ بەرهەمهێنانی بۆ 550 بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزی بە ڕێژەی ئاوی 30%. بیری TT-27x دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی نزیکەی 3000 بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەڵام دواتر دابەزی بۆ نزیکەی 600 بەرمیل لە ڕۆژێکدا لەگەڵ 2000 بەرمیل ئاو لە ڕۆژێکدا.

تا مانگی حوزەیرانی 2009 بەرهەمی تەق تەق بەبڕی 15 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بە بازاڕە ناوخۆییەکان دەفرۆشرا. دوای ئەوە بەرهەمەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بە بازاڕی هەناردەکردن و بازاڕەکانی ناوخۆ دەفرۆشرا.

لە ساڵی ٢٠١٤دا بۆری گواستنەوەی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە کارکرد و لە ڕێگەیەوە دەست بە هەناردەکردن بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا کرا. هەرچەندە سەرەتا کێشەی وەرگرتنی پارەی هەناردە هەبوو بەڵام دواتر ئەو کێشەیە چارەسەر بووە تا کاتی وەستانی هەناردە تارادەیەک بەبەردەوامی شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەت هەرێمەوە وەردەگیرا.


دامەزراوەی بەرهەمهێنان و بارکردن هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی بەرهەم لە ساڵێ ٢٠٠٨ دا تەوا بوو. کە توانای نزیکەی ١٥ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا ی هەبووە، فراوانتر کراوە. لە ئێستادا دوو دامەزراوەی ناوەندی پرۆسێسکردن هەن کە دەتوانن تا ١٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا و ٥٥ هەزار بەرمیل ئاو لە ڕۆژێکدا پرۆسێس بکەن.

بەر لە داخستنی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا، بەرهەمهێنانی لە تەق تەق لە ساڵی 2023 هاوتەریب بوو لەگەڵ پێشبینییەکان و تێکڕای بەرهەمهێنانی ڕۆژانە گەیشتە سێ هەزار و 610 بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە چارەکی یەکەمدا.

لەدوای ئەوەی هەناردە وەستا بەرهەمی ئەم کێڵگەیە وەکو کێڵگەکانی تر ئاڕاستەی کۆگای ئەمبارکردنی کێڵگەکە کرا، بەهۆی ئەوەی کۆگاکانی ئەم کێڵگەیە سەرەتا بۆ بەرهەمی 150 بۆ 200 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە دروستکراوە، وە لەبەرئەوەی ئاستی بەرهەم ئەوکاتە تەنها ٢٪ی ئەو توانایە بەرهەمی کێڵگەکە بۆماوەیەکی درێژ توانرا ئەمبار بکرێت. بەڵام لە بەرواری 20ی ئابەوە ئەمبارەکانی کێڵگەکە پڕ بوون و بەرهەم وەستا، لە دوای داخستنی بۆری هەناردەکردنی نەوت و لە ٢٠ی ئاياری ٢٠٢٣ەوە تا ئێستا هیچ بەرهەمێک نەبووە و بەرهەم هێنان دەستی پێ نەکردووەتەوە.

## بەرهەمی کێڵگەی تەق تەق

کێڵگەی نەوتی تەق تەق 99.08%ی کۆی ئەو یەدەگەی کە دەتوانرێت دەربهێنرێت بەکارهێناوە ، کێڵگەکە لەساڵی ٢٠١٥ دا گەشتە لوتکەی بەرهەم هێنان و لەوکاتەوە بەشێوەیەکی زۆر خێرا بەرهەمی کەم کردووە. بە پشتبەستن بە گریمانە ئابوورییەکان، پێشبینی دەکرێت بەرهەمهێنان بەردەوام بێت تا تادەگاتە ئەو ئاستەی چیتر بەرهەمێنان ئابووریی نابێت لە ساڵی 2026. واتە یەکساڵ تەمەنی کێڵگەکە ماوە تا بەرهەمهێنانی سودی ئابوری هەبێت.



## ژمارەی بیرە نەوتییەکان :

وەکو لەسەرەتادا باسمان کرد بیرە نەوتییەکان جۆری هەیە، هەر لە قۆناغی گەڕان و پشکنین تا پەرەپێدان، و بەرهەمهێنان، داخڵ کردن Inject و چەندین جۆری تر .تائێستا ژمارەیەکی تەواو لەبەردەست نییە بۆ کۆی هەموو بیرە نەوتەکان، تەنها ژمارەی ئەو بیری ئەو کێڵگانەمان لێرەدا کۆ کردووەتەوە کە لە بەرهەمدان نەک ئەو کێڵگانەی کە نەکەوتونەتەوە بەرهەم یان بەتەواوەتی بەرهەمیان وەستاوە. تەنانەت ئەوبیرانەش نییە کە کێڵگەکانیان بەرهەم دەهێنیت بەڵام بیرەکە بەهەر هۆکاریک ئێستا لەبەرهەمدا نییە.

کۆی ئەو بیرانەی ئێستا نەوت بەرهەم دەهێنن لەو ٨ کێڵگەیەی ئێستا لە بەرهەمدان ١٦٣ بیرە بەو شێوەیەی کە لە خشتەکەی خوارەوە دیاری کراوە بە پێی کێڵگەکان .

ژمارەی بیرە نەوتییەکانی کێڵگە بەرهەم هێنەکان

| کێڵگە | ژمارەی بیر لە کاردا |
|---|---|
| خورمەڵە | 50 |
| تاوکی | 39 |
| پیشخاپۆر | 13 |
| شێخان | 18 |
| سەرسەنگ | 11 |
| ئەتروش | 11 |
| هەولێر | 16 |
| سەرقەڵا | 5 |
| **کۆی بیرەکان** | **163** |

## بەراوردی نرخی نەوت

بەهۆی وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی بۆری هەرێمی کوردستان - تورکیا وە دوای بڕیاری دادگای بازرگانی پاریس لە ٢٥ی ئازاری ٢٠٢٣ دا وەستا، چیتر هەرێم نەیدەتوانی نەوت لە بازاڕی جیهانیدا بفرۆشێت بۆیە ئاراستەی نەوتی هەرێم گۆڕا بۆ بازاڕی ناوخۆ. پێش وەستانی هەناردە نەوتی هەرێم لە نێوان ١٠ بۆ ١٢ دۆلار لە خوار نرخی نەوتی برێنتەوە دەفرۆشرا، هەروەها بە ٨ بۆ ٩ دۆلار لە ژێر نرخی سۆمۆ ( عێراق)ەوە دەفرۆشرا.

بەڵام لەناوخۆدا داشکانێکی زۆر بۆ نەوتی هەرێم دەکرێت، لەکێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەک دەگۆڕیت ، بۆنمونە کێڵگەی شێخان کە نەوتەکەی قورسە بەرمیلێ نەوت بە ٢٧ دۆلار لە بازاڕی ناوخۆدا دەفرۆشرێت واتە بە داشکانی ٥٧.٨ دۆلار لە کاتێکدا پێش وەستانی هەناردە داشکانی ٢٧ دۆلار بۆ نەوتی ئەم کێڵگەیە دەکرا. کێڵگەی سەرسەنگیش کە نەوتێکی سوک و کوالێتی بەرزی هەیە بە نزیکەی ٤٠ دۆلار دەفرۆشرێت ئەمیش بە ٤٠ دۆلار کەمتر لە نرخی برێنت.

لەساڵی ٢٠٢٤ دا تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت کە بنەمایەکی جیهانی سەرەکییە بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت ٨٠.٥٣ دۆلاربووە . هەروەها تێکڕای نەوتی عێراقیش بەپێی سەرچاوە نافەرمییەکان بە ٨١.٧٠ بووە . هۆکاری بەرزی نرخی نەوتی عێراق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بازاری ئاسیادا بەتایبەت چین و هینستان خواست زۆر لەسەر نەوتی عێراق هەبووە. لەهەمان

کاتدا بەپێی ئەو شیکردنەوەی بۆ کێڵگە بەکێڵگەی هەرێم کە کردوومانە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تێکڕا نەوتی بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە ٣٣.٦٩ دۆلار فرۆشراوە . واتە بەتێکڕا

٤٨ دۆلار کەمتر لە نەوتی عێراق فرۆشراوە.

| نرخی بەرملێک نەوت | | |
|---|---|---|
| **برێنت** | عێراق | هەرێمی کوردستان |
| **80.53** | **81.70** | **33.69** |

| نرخی نەوتی برێنت لە ٢٠٢٤ دا | نرخ |
|---|---|
| کانوونی دووەم | 80.12 |
| شوبات | 83.48 |
| ئازار | 85.41 |
| نیسان | 89.94 |
| ئایار | 81.75 |
| حوزەیران | 82.25 |
| تەموز | 85.15 |
| ئاب | 80.36 |
| ئەیلول | 74.02 |
| تشرینی یەکەم | 75.63 |
| تسرینی دووەم | 74.35 |
| کانوونی یەکەم | 73.86 |

## دەرئەنجام

تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی هەرێم لەماوەی ساڵی ٢٠٢٤دا لە ٨ کێڵگەی بەرهەمهێنی نەوتەوە بریتی بووە لە 311,491 وەکۆی بەرهەمی کیڵگە نەوتییەکان لەو ساڵەدا 114,005,815 بەرمیل بووە. لەم بڕە 33,074,566 بەرمیلی بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان بووە کە دەکاتە ڕێژەی 29% ی هەموو بەرهەم وە ئەوەشی بۆ حکومەت ماوەتەوە 80,931,249 بەرمیل بووە بەڕێژەی 71%. هەروەک لە خشتەکەی خوارەوەدا ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەو کۆی بەرهەم و پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان و حکومەتی هەرێمیش کێڵگە بەکێڵگە جیاکراوەتەوە.

| کێڵگەکان | تێکرای بەرهەمی ڕۆژانە | کۆی بەرهەم / بەرمیل | پشکی کۆمپانیاکان-ب | پشکی هەرێم -ب | ڕێژی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| تـاوکی (تاوکی - پیشخاپور) | 79,765 | 29,194,115 | 8,950,843 | 20,243,272 | 69.3% |
| سەرسەنگ | 33,234 | 12,163,600 | 6,105,413 | 6,058,187 | 49.8% |
| ئەتروش | 25,052 | 9,169,040 | 2,998,319 | 6,170,721 | 67.3% |
| شێخان | 40,688 | 14,891,780 | 6,429,912 | 8,461,868 | 56.8% |
| خورمەڵە | 114,973 | 42,080,000 | 6,312,000 | 35,768,000 | 85.0% |
| هەولێر | 8,585 | 3,142,200 | 932,047 | 2,210,153 | 70.3% |
| گەرمیان (سەرقەڵا) | 9,194 | 3,365,080 | 1,346,032 | 2,019,048 | 60.0% |
| **کـــــــۆ** | **311,491** | **114,005,815** | **33,074,566** | **80,931,249** | 71% |

لە شیکردنەوەی داهاتی کێڵگەکان و پشکەکان دەبینین لەکێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر پشکەکان جیاوازی هەیە هەرچەندە یەک مۆدیلی گرێبەستن کە هاوبەشیکردنە لە بەرهەم. . تەنها کێڵگەیەک کە جۆری گرێبەستەکەی جیاوازە لەوانی تر کێڵگەی خورمەڵەیە کە جۆری گرێبەستەکەی خزمەتگوزارییە نەک هاوبەشی لەبەرهەم بۆیە پشکی کۆمپانیای سەرکار و پێشکەشکەری خزمەتگوزاری بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکە زۆر کەمترە بەراورد بەکێڵگەکانی تر ( ئێمە وائەزانین کەمتریشە لەوەی کە ئێمە دیاریمان کردووە لەم ڕاپۆرتەدا ).

حکومەت زۆرترین داهاتی لە کێڵگەی خورمەڵە بۆ دەمێنێتەوە بەڕیژەی ٨٥٪ بەهۆی هەمان هۆکاری کە باسمان کرد. وە کەمترین داهاتیش بەپێی گرێبەستەکان لە کێڵگەی سەرسەنگە کە حکومەتی هەرێم لەکۆی داهای یان بەرهەم تەنها نزیکەی رێژەی ٥٠٪ی بۆ دەمێنێتەوە.

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەمان دەگەینە ئەودەرئەنجامەی بەپێی گرێبەستەکانی هەرێم و بەپێی راپرتی کۆمپانیا نەوتییەکان و ئەوپارانەی لەساڵآنی ڕابووردوودا داویانە بە حکومەت لە داهتی کێڵگەکە ئەوا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان رێژەی 70.8٪ هەموو داهات یان هەموو بەرهەمی نەوەتی بۆ بمێنێتوە.

کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لەماوەی ئەمساڵەدا بریتییە لە 3,841,484,635 دۆلار (سێ ملیار و هەشت سەد و چل و یەک ملیۆن و ٤٨٤ هەزار دۆلار) لەم پرەش هەموو کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنی نەوت 1,121,893,406دۆلار ( یەک ملیار و سەد و بیست و یەک ملیۆن و هەشت سەد و نەوەد و سێ هەزار دۆلار) داهاتی فرۆشی نەوتیان بووە. وەهەرێمی کوردستانیش بری 2,719,591,229.دۆلار (دوو ملیار و حەوت سەد و نۆزدە ملیۆن و پێنج سەد و نەوەد و یەک هەزار دۆلار) ی بۆ ماوەتەوە لە داهاتی نەوت

نرخی تێکڕای بەرمیلێک نەوت بە نزیککراوەیی بریتی بووە لە ٣٣.٦٩ دۆلار لە کاتێکدا حکومەتی عێراق لەرێی سۆمۆ وە تێکڕا بە ٨١.٧٠ دۆلار بەرمیلێک نەوتی فرۆشتووە. واتە بە جیاوازی ٤٨ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت . کۆی جیاوازییە کە لەساڵەکە دا بۆ ئەویرەی هەریم بەرهەمیهێناوە دەکاتە 5ملیار و ٤٧٢ ملیۆن و ٢٧٩ هەزار دۆلار.

بەمانایەکی تر ئەگەر بەغدا نەوتی هەرێمی بفرۆشتایە لە ساڵی ٢٠٢٤ دا ئەوا کۆی داهت لە بری 3.845ملیار دۆلار 9.324 ملیار دۆلار دەبوو.

| کێڵگەکان | تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانە | کۆی بەرهەم - بەرمیل | کۆی داهات- دۆلار | پشکی کۆمپانیاکان-دۆلار | ماوە بۆ هەرێم- دۆلار | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **تاوکی** | 79,765 | 29,194,115 | 1,034,564,788 | 315,714,465 | 718,850,324 | 69.5% |
| **سەرسەنگ** | 33,234 | 12,163,600 | 486,691,556 | 244,290,945 | 242,400,611 | 49.8% |
| **ئەتروش** | 25,052 | 9,169,040 | 301,191,253 | 98,422,576 | 202,768,677 | 67.3% |
| **شێخان** | 40,688 | 14,891,780 | 404,073,918 | 174,469,829 | 229,604,088 | 56.8% |
| **خورمەڵە** | 114,973 | 42,080,000 | 1,388,640,000 | 208,296,000 | 1,180,344,000 | 85.0% |
| **هەولێر** | 8,585 | 3,142,200 | 95,085,000 | 28,204,343 | 66,880,657 | 70.3% |
| **گەرمیان (سەرقەڵا)** | 9,194 | 3,365,080 | 131,238,120 | 52,495,248 | 78,742,872 | 60.0% |
| **کـــــــۆ** | **311,491** | **114,005,815** | **3,841,484,635** | **1,121,893,406** | **2,719,591,229** | **70.8%** |

## ڕێکارەکانی دژ بەهەرێم

- لە بەرواری 15ی شوباتی 2022 دا دادگای فیدراڵ بڕیاریدا لەسەر نادەستووری بوونی یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2007ی یاسای نەوت و گازی هەرێم ، بەمەش گرێبەستی کۆمپانیا نەتییەکان لە حوکمی نەبووندا یە لەلای حکومەتی عێراق چونکە کۆمپانیا نەوتییەکان گرێبەستەکانیان بەپێی ئەویاسایە ئەنجامداوە.
- لە مانگی تەموز و ئابی 2022دا دادگای بازارگانی کەرخ چەندین گرێبەستی هاوبەشیکردن لە بەرهەمی PSAکۆمپانیا نەوتییەکان کەلەگەڵ هەرێم هەیان بوو هەڵوەشاندەوە بەڵام دوای تانە لێدانی لەلایەن هەرێمەوە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ دا بڕیارەکە هەڵوەشایەوە.
- لە بەرواری 25ی نیسانی 2023 هەناردەی هەرێم وەستا بەهۆی بردنەوەی داوای وەزارەتی نەوتی عێراق دژی تورکیا لە دادگای نێوبژیوانی یانەی پاریس ICC. تورکیا سزادرا بە 1.5 ملیار دۆلار و هێشتا بەشی دووەمی داواکە ماوە. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەنارده لەڕێگەی بەندەری جەیهانەوە دەستی پێ نەکردووەتەوە.
- لە حوزەیرانی 2023یاسای بوجەی عێراق دەرچوو، لە یاساکەدا تێچووی نەوتی هەێم وەکو کێڵگەکانی عێراق دیاری کراوە بەنزیکەی 6.5 بۆ هەربەرمیلێک کە ئەمە لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە ڕەدکرایەوە.
- لە بەرنامەی کاری حکومەتەکەی محمد شیاع سودانی دا بڕیار بوو لەساڵی 2023 دا یاسای نەت و گازی فیدراڵ دەربچێت ،بەڵام تائێستا ئەو یاسایە دەرنەچووە لەکاتێکدا لەساڵی 2007 دا یەکەم جار ڕەشنووسی یاساکە نوسرا بەڵام نەهەرێم و نە حکومەتی فیدراڵ لەسەری ڕیکنەکەوتن.
- لە ٢٠٢٤/١١/٥ دا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر هەمواری مادەی ١٢/ج لە یاسای بوجەی فیدراڵ بۆ ساڵی ٢٠٢٥ دا کە تیایدا خەرجی بەرهەمهێنا ن و گواستنەوەی نەوت کراوە بە تێکڕا بە ١٦ دۆلار و ڕیوشوێنێکی دیاری کردووە بۆ جێ بەجێ کردنی کە ئەویش دەستنیشان کردنی کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی پسپۆڕەلە ماوەی ٦٠ ڕۆژ لە دەرچوونی یاساکەوە بۆ پێداچونەوە بە خەرجی کۆمپانیاکان.
- ڕەشنووسی هەمواری یاساکە لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە ٢٦ی تشرینی دووەم خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکە کرا.

- لە ١٣ی کانوونی دووەمدا خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاساکە کراو ،بڕیار بوو ١٩ی کانوونی دووەم دەنگ لەسەر هەموارەکە بدرێت و خرایە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە بەڵام لە بەرنامەکار دەرهێنرا. جارێکی تر لە ٢٠ی کانوونی دووەم خرایە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کارەوە. بەڵام هەمان ڕۆژ نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران بەنوسراوێک پەرلەمانی ئاگادارکردەوە کە حکومەت بە هەموارەکە رازی نییە.
- ساڵیک و دەمانگ بەسەر وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم دا تێپەڕیوە و تا ئێستا ئاسۆی دەستپێکردنەوەی هەناردە روون نییە. و گفتوگۆکانی بەغدا و هەرێم لەشوێنی خۆیدایە و هیچ بەرەو پێشچونێکی پێوە دیار نییە.
- کۆمپانیا نەوتییەکان چەندین جار ڕایانگەیاندووە کە تاوەکو شایستەکانی رابووردوو ئایندەیان مسۆگەر نەکرێت بەپێی گرێبەستەکانیان لەگەڵ هەرێم، دەست بەهەناردەکردن ناکەنەوە. بەڵام ئەم پرۆژەی هەموارەیان بەئەرێنی لێکدایەوە و ناراستەوخۆ پیی رازیبوون.



# پەراوێزەکان

١- زۆر جار هەڵە تێگەشتنێک هەیە بەوەی کەدەوترێت هەرێم پشکی 20٪ یان 25٪ی کێڵگە نەوتییەکانی هەیە ، ئەمە چۆنە؟

کۆمپانیا نەوتییەکان بەپێی گرێبەستییە نەوتییەکانی هەرێم خەرجی ماوەی گەڕان و پشکنین تا دۆزینەوە و بەرهەم هێنانی نەوتیان دەکەوێتە ئەستۆ ( ئەگەر نەوت دۆزرایەوە و بەرهەمی بازرگانی ڕاگەیەنرا ئەو کات مانگانە بەشێک لەو خەرجیانە وەردەگرێتەوە ،بەڵام ئەگەر نەوت نەدۆزرایەوە یان ئەوەندە نەبوو کە بگاتە بەرهەمی بازرگانی یان بەهۆی هەر هۆکارێکی تر کێڵگەکە بەجێ بێڵێت ئەاو هەرێم هیچ خەرجییەک ناداتەوە بە کۆمپانیا نەوتییەکە.

کاتێک کێڵگەیەک دەگاتە بەرهەم ئەوکات لە کۆی بەرهەم 10٪ ی وەکو موڵکانە حکومەت وەری دەگرێت پاش ئەوە کۆمپانیاکە لەو 90٪ی ماوەتەوە تا ئاستی 40٪ و لە هەندێ کێڵگە تا 45٪ی ئەو بڕەی ماوەتەوە بۆ خەرجی کۆمپانیاکان دەچێت وەردەگرێت (ئەو خەرجیانەی لەماوەکانی گەران و پشکنین خەرجی کردووە ،لەگەڵ خەرجی بەکاربردن، ئەو خەرجیانەش خەرجی زەبەلاحن).

ئەو پارە یان نەوتەی دەمێنێتەوە پێی دەوترێت نەوتی قازانج  بەپێی هاوکێسەیەکی بیرکاریانە دابەش دەکرێت لە نێوان حکومەت لە لایەک و کۆمپانیا نەوتییەکان لەلایەکی تر. لە باری نمونەیدا 85٪ بۆ حکومەت 15٪ بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان و لە سەرەتاشدا 70٪ بۆ حکومەت و 30٪ بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان دەبێت. لە ئەو پشکەی کۆمپانیا نەوتییەکان حکومەتی هەرێم لێرەشدا بەناوی کۆمپانیی نەوتی کوردستانەوە بەبێ ئەوەی هیچ بڕە پارەیەک خەرج بکات پشکی 20٪ی ئەو قازانجەی کۆمپانیاکانیش وەردەگرێت.( پشکی 20ی قازانجی کۆمپانیاکان وەردەگرێ پاش ئەوەی 70٪ یان 85٪ی کۆی قازانجیشی وەرگرتووە).

٢- تێچووی بەرهەمهێنان بریتییە لە تێچووی کارپێکردن و پاراستنی بیرەکان و ئامێر و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بۆ هەر بەرمیلێک نەوت کە بەرهەم دەهێنرێت دوای دۆزینەوەی نەوت و پەرەپێدان و بەرهەم هێنان. بەمانایەکی سادە هەموو ئەو خەرجیانەیە کە رۆژانە بۆ بەرهەمهێنانی بەرمیلێک نەوت لە کێڵگەکە خەرج دەکرێت.

# سەرچاوەکان


1- Transparency and Public Accountability is at the Core of Good Corporate Governance", The World Bank , available at : https://www.worldbank.org/en/news/speech/2018/04/10/keynote-address-transparency-public-accountability-the-core-good-corporate-governance?fbclid=IwAR365uSNyQS4SNs_V36dfQUA0QqoNxiDnFrt2r4gzGzj_IxqaJDJbAAuiFs , (accessed: 15/12/2025).
2- “WHAT IS CORRUPTION”, Transparency International, available at: https://www.transparency.org/en/what-is-corruption# , (accessed:15/12/2025).
3- "جميل عودة ابراهيم ,"مفهوم الشفافية الإدارية كحق للمواطن, available at: https://annabaa.org/arabic/goodgovernance/17258 (accessed: 10/01/2025).
4- “Iraqi Oil and Gas Strategic report”, The Tawke oilfield, 14th edition October 2024.
5- "Mazeel, Muhammed Abed, (2010), “Petroleum Fiscal Systems and Contracts”, Hamburg, DEU: Diplomica Verlag, P8.
6- Mezeel Mujammed Abed,Ibid, P18.
7- "Mazeel, Muhammed Abed,Ibid, P27.
8- “Production Sharing Contract, Tawke Block, between the Kurdistan regional of Iraq and DNO IRAQ AS”,(13/03/2008), Page 55-,62.
9- DNO ASA Interim Results Report First Quarter 2024, “https://www.dno.no/media/gh5nmsva/q1-2024-interim-results-report.pdf ” (accessed:22/12/2024).
10- DNO ASA Interim Results Report Second Quarter 2024, https://www.dno.no/media/px0lyzb5/q2-2024-interim-results-report.pdf. (accessed:18/12/2024).
11- DNO ASA Interim Results Report third Quarter 2024, “https://www.dno.no/media/qopb0wwi/q3-2024-interim-results-report.pdf” (accessed:18/12/2024).
12- DNO ASA Annual report and accounts 2019, 2024 “https://www.dno.no/media/k2tfmijb/dno-asa-annual-report-and-accounts-2019.pdf” accessed: (18/12/2025)
13- DNO ASA fourth Quarter Trading, Update2024, “https://www.dno.no/en/investors/announcements/q4-2024-trading-update-and-invitation-to-earnings-call-2025-01-16/ ” Accessed: (20/01/2025).
14- Global data Report store, “ “Oil & gas field profile: Tawke Conventional Oil Field, Iraq” Accessed: (20/01/2025)

15- Global data Report store, “Oil & gas field profile: Peshkabir Conventional Oil Field, Iraq” Accessed: (20/01/2025)
16- DNO ASA Interim Results Report First Quarter 2019, “q1-2019-interim-results-report.pdf”. ” Accessed: (20/01/2025)
17- DNO ASA Interim Results Report Alf year 2019 “half-year-report-2019.pdf”. ” Accessed: (20/01/2025)
18- DNO ASA Interim Results Report , “2019-interim-results-report-unaudited.pdf” ” Accessed: (20/01/2025)
19- DNO ASA Interim Results Report2020, “2020-interim-results-report.pdf” (22/01/2025
20- Genel Energy plc Trading and operations update, https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-2025-Jan-trading-update-vF.pdf. accessed: (28/01/2025).
21- Genel Energy plc Trading and operations update, “https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-2024-Q3-trading-update.pdf” (18/12/2024).
22- Genel Energy plc - Unaudited results for the period ended 30 June 2024, https://genelenergy.com/wp content/uploads/2024/08/HY2024-results_FINAL.pdf” accessed: (28/01/2025
23- Genel Energy plc Trading and operations update “https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/07/genel_-_trading_update_-_210115_final.pdf” ” accessed: (28/01/2025
24- Global data Report store, “Oil & gas field profile: Taq Taq Conventional Oil Field, Iraq” ,(accessed: 01/02/2024).
25- HKN Energy Ltd. Report on Payments to Governments for 2023, (30/01/2024), https://www.hknenergy.com/wp-content/uploads/2024/01/Payments-to-Governments-Extractive-Sector-Transparency-Measures-2023.pdf, (accessed: 01/02/2024).

26- PSC – Hillwood, (06/11/2007), "Production Sharing Contract, Sarsang Block, Kurdistan Region, between the Kurdistan region of Iraq and HKN Energy LTD" page 56-59.
27- shamaran_petroleum_corp__shamaran_reports_first_quarter_2024_res.pdf, ,(accessed: 12/12/2024).
28- shamaran_petroleum_corp__shamaran_reports_second_quarter_2024_re.pdf , (accessed: 12/12/2024).
29- ShaMaran_Petroleum_Corp__ShaMaran_Reports_Third_Quarter_2024_Res.pdf, (accessed: 12/12/2024).
30- "Production Sharing Contract, Atrush Block, between the Kurdistan regional of Iraq and General Exploration Partners, INC.",(13/03/2008), Page 58-59.
31- Operational update and launch of up to $10 million share buyback programme, 13th May 2024, "https://www.gulfkeystone.com/operational-update-and-launch-of-up-to-10-million-share-buyback-programme/" (accessed: 25/12/2024)
32- 2024 Half Year Results Announcement, "https://www.gulfkeystone.com/2024-half-year-results-announcement/" (accessed: 25/12/2024)
33- Operational & Corporate Update, 11th December 2024, https://www.gulfkeystone.com/operational-corporate-update-december-2024/ (accessed: 05/01/2025)
34- Operational & Corporate Update,23rd January 2025, https://www.gulfkeystone.com/operational-corporate-update-january-2025/, (accessed: 25/01/2025).
35- 2023 Full Year Results announcement, 21st March 2024, https://www.gulfkeystone.com/2023-full-year-results-announcement/"(accessed: 22/01/2025)
36- Oil-Fields/shekan/25-01-Pareto-EP-conference-wide-format-vf-website.pdf, (accessed: 25/01/2025)

37- “Production Sharing Contract, Shaikan Block, between the Kurdistan regional of Iraq and Gulf Keystone Petroleum International Limited and Texas Keystone Inc. and Kalegran Limited”,(06/11/2007), Page 66,68.

38- Reviving one of the world’s super-giant oilfields, https://www.bp.com/en/global/corporate/what-we-do/bp-worldwide/bp-in-iraq.html . (accessed: 25/01/2025)

39- https://www.forzapetroleum.com/en/about-us/History.php

40- https://www.mees.com/2025/1/31/news-in-brief/krg-genel-finalizing-taq-taq-exit/525cf310-dfe5-11ef-8708-01b33393484c ،(accessed: 31/01/2025)

41- Oil-Fields/hawler/PR_Q3_2023.pdf. (accessed: 25/01/2025)

42- Oil & gas field profile: Hawler Conventional Oil Field, Iraq.

43- Western zagross, Garmian Block, http://www.westernzagros.com/operations-overview/garmian/ (accessed: 25/01/2025)

44- Kurdamir Block (WesternZagros 80% working interest), http://www.westernzagros.com/operations-overview/kurdamir/ (accessed: 26/01/2025)

45- Global data Report store, “Oil & gas field profile: Ain Sifni Conventional Oil Field, Iraq” accessed: 25/01/2025)

46- “Production Sharing Contract, Ain Sifni Block, between the Kurdistan regional of Iraq and Hunt oil company of the Kurdistan region and Impulse Energy corporation. (08/09/2007).

47- Global data Report store” Oil & gas field profile: Akri-Bijeel Conventional Oil Field, Iraq.

ڕێکخراوی ڕوونبین بۆشەفافیەت

لە پرۆسەکانی نەوت/ROPT

2025

# Roonbeen For Petrolum Transparency

